**حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**بەشی راگەیاندن/ رۆژنامە**

# دەرفەت و ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا

نامەیەکە خوێندکار
ڤیان جاسم موسی عیسی

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستر لە زانستی راگەیاندن/ رۆژنامە

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د. فواد عەلی ئەحمەد

٢٧٢٢.کوردی ٢٠٢٢.زاینی ١٤٤٤.هجری

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (**ڤیان جاسم موسی**) بە ناونیشانی (**دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆلکاری لە هەرێمی کوردستان**) دا بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە)، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

**واژۆ:**

**سەرپەرشتیار: پ. ی. د. فؤاد علی احمد**

**پلەی زانستی:** پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**ڕێکەوت** / / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**واژۆ**

**ناو: پ. ی. د سەلام نەسرەدین محەمەد**

**سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)**

**ڕێکەوت** / / ٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (ڤیان جاسم موسی عیسی) بە ناونیشانی (دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆلکاری لە هەرێمی کوردستان) دا خوێندنەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تر کردوە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە پێ بدرێت.

واژۆ :

ناو: د. پاخی جمیل ئەحمەد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە :

ڕێکەوت: ١٤/ ٨ / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. محمد خدر مولود

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام:

ڕێکەوت: ٣١/ ٧/ ٢٠٢٢

واژۆ

ناو: د. کارزان محمد ئەحمەد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام :

ڕێکەوت: ٣١ / ٧ / ٢٠٢٢

واژۆ

ناو: د. فؤاد علی ئەحمەد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام وسەرپەرشتیار:

ڕێکەوت: ٣١ / ٧ / ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا .

واژۆ

ناو: پ. ی. د. ابتسام اسماعیل

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە وەکالەت

ڕێکەوت: ٤/ ٩/ ٢٠٢٢

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە

- دایکم کە، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنم پاڵپشت و هاندەرم بووە و لە هەموو هەنگاوەکانی ژیانم تاکە خەمخۆر و دڵسۆزم بووە.

- پێشکەشە بە تاقانەکەی ڕێگای ژیانم و تاکە هاوڕێی ژینم کاکە (سان)ی کوڕم.

- براو خوشکەکانم، لەگەڵ هەموو دۆست هاوڕێکانم.

- پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی، کە هەمیشە لە هەوڵی بەرەوپێشچوونی خولیاکانیانن.

- ئەو ڕۆژنامەنووسانەی، کە هەردەم لە پێناو دەرخستنی راستی پرس و بابەتە بنکۆڵکاریەکان گیانیان بەخشیوە.

ڤیان جاسم

## سوپاس و پێزانین

- خوای گەورە، کە توانا و دانایی و پشودرێژی و لە شساغی پێبەخشیم، بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.
- پ.ی.د. فوئاد عەلی ئەحمەد، مامۆستای گەورە و خۆشەویستم، کە بە دڵسۆزیەوە سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و لە بە دەستخستنی سەرچاوە و پێدانی رێنمای و زانیاری بەبێ دواکەوتن لە هاوکاریکردنم.
- پ.ی.د. سەلام نصرالدین، بە ڕاستی ئەرکی کێشاوە لەگەڵمدا و سەرەڕایی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا دەرگای ژوورەکەی بە بەردەوامی والآ کردووە بە ڕوومدا.
- پ.ی.د. حەکیم عوسمان، کە دەرگای زانکۆکەی و کتێبخانەکەی بە هەمیشەی بۆ والآ کردوم.
- پ.د. هێرش رەسوڵ موراد، هەمیشە ئامۆژگارییەکانی هاوڕێی ڕێگەی توێژینەوەکەم بوو .
- پ.ی.د باقی جەمیل ئەحمەد، کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسیەکەی گرتە ئەستۆ و بە ئامۆژگاریەکانی ورەی بەرز کردومەتەوە.
- پ.ی.د. یەحیا عومر ریشاوی، کە لە پێدانی زانیاری هاوکاریکردوم.
- پ.ی.د کارزان محەمەد لە هەر پێویستیەکی ماستەرنامەکە دەستبەجێ هاوکارم بووە.
- پ.ی. د. باقر داود حسێن، کە بەخشندەی لە هاوکاریکردن بە باسکردن کۆتای نایەت.
- پ.ی.د. ئاراز رەمەزان ئەحمەد و پ.ی.د. عبدالخالق ابراهیم، کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆرمی راپرسێکەیان گرتە ئەستۆ.
- پ.ی.د رێبەر گۆران موستەفا لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە هاوکاری زۆری کردوم.
- هەریەک لە د.بەرهەم، د.ئاشتی، مامۆستا کامیل، و مامۆستا جوان و مامۆستا کاروان، کە ماندوم بوون لە ئەنجامدانی چەند جارێک لە ئەنجامدانی (سمینار) بۆ جێگیرکردنی ناونیشانی توێژینەوەکە.
- د. ئەکرەم فەرەیدون، کە لەکاتی پێویستیدا درێخی نەکردوە لەگەڵمدا و هاوکارم کردوم.
- م. ئەرشد خەلیل شوانی، لە پێدانی سەرچاوە وڕێنمایی دروست هاوکاری زۆری کردووم
- رۆژە محەمەد مەحمود، کە بە راستی جێگەی شانازیە و هەمیشە بە دڵسۆزیەوە کارەکانی بۆ ڕاپەڕاندووم.

-کاک سیروان غەریب، کە هاوکارم بووە لە دابەشکردنی فۆرمەکانی تایبەت بە هەولێر، سلێمانی و هەڵەبجە بە دڵسۆزیەوە.

**توێژەر**

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان)دا، هەوڵێکی زانستیە بۆ زیاتر برەودان و کارکردن بەم مۆدێلە نوێیەی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا.

هاوکات هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ دەگمەنی ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر ئەم شێوازە نوێیە لە رۆژنامەگەری، هەروەها رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری مۆدێلێکی نوێی ڕۆژنامەگەرییە بۆتە جێی بایەخی دامەزراوە رۆژنامەگەریەکان، کە هەوڵی گەیشتن بە ڕاستیە شاراوەکان دەدات، سەرباری رەخساندنی دەرفەت تاوەکو دامەزراوە میدیاییەکان کار لە سەر ئەم چەشنە نوێیە بکەن و برەو بە بوارەکە بدەن، هەروەها درککردنی توێژەر بەوەی لەم ساڵانەی دوایدا رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەنگاوی باشتری ناوە چەندین بابەتی بنکۆڵکاری بەرچاو کەوتوون، گەرچی لەوانەیە لە ئاستی جێبەجێنەکردنی سەرجەم بنەماکانی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدا نەبن، بەڵام هەوڵێکی بەرچاو دیارن بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم چەشنە لە رۆژنامەگەری.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە، لە ڕووی میتۆدەوە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە ئامانجی کۆکردنەوەی راستی و داتاکانە لە سەر دیاردەیەکی دیاریکراو، هەروەها وێناکردنی پەیوەندی نێوان دیاردەکان و کاریگەریان بە سەریەکەوە دەنوێنێت. لە تاوتوێکردنی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی رووپێوی(مسح) بەستراوە، گونجاوە لەگەڵ ڕەوتی توێژینەوەکە هەر وەک ئەوەی لە راستیدا بوونی هەیە ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی (راپێوینامە)، بەو پێیەی نەخشێنراوە بۆ خزمەتکردنی ئامانجی توێژینەوەکە و لە رێگەیەوە دەتوانین زۆرترین زانیاری بە دەستبهێنین، لەوێشەوە دەستنیشانکردنی دەرفەت و ئاستەنگەکانی ئەم مۆدێلە رۆژنامەگەرییە لە هەرێمی کوردستان دا بە زانیاری دروست و تێڕوانینی جیاواز بە روونی بخەینە ڕوو.

بۆ تیشکخستنە سەر هەریەکە لە دەرفەت و ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا. بە مەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێکی سەرەکی وەک:

دەستنیشانکردنی هەریەک لە دەرفەت و ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، لەگەڵ زانینی ئاستی لەباریی ژینگەی کوردستان بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری، روونکردنەوەی

ڕادەی ئازادیی فەراهەمکراو بۆ پیادەکردنی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانیانەی توانای دەرخستنی دۆسیەو بابەتی بنکۆڵکاریان هەیە لە هەرێمی کوردستان دا.

سەبارەت بە کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە کۆی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی، لە میدیای کوردی دا کاردەکەن، ژمارەیان بە گشتی (٦٥٤٦) ڕۆژنامەنوسە بە جیاوازی دامەزراوە میدیاییەکان، لە چوار چێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بریتین: لە و ڕۆژنامەنوسانەی کە لە بوارە جیاجیاکانی ڕۆژنامەگەری بە (نوسراو، پەخش، ئەلیکترۆنی)ەوە کار دەکەن. هاوکات بۆ دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیەکە بە سەر سامپڵی توێژینەوەکەدا. سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو گیراوە، پێکهاتوە لە هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە)، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی گوزارشت لە کۆمەڵەی توێژینەوەکە بکات. هەرچی دەربارەی(نمونە)ی توێژینەوەکەشە، کە بە شێوەی (نمونەی هەرەمەکی هێشووی)،یان بە واتایی (العينةالعشوائية العنقودية) وەرگیراوە کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر ڕۆژنامەنوسانی بە جیاوازی دەزگا و ئامرازەوە بەو پێیەی ڕۆژنامەنوسان کەسانی شارەزا و لێهاتو بە ئەزمون و هەڵسوڕێنەری بواری ڕۆژنامەوانین، کە تێیاندا (٣٢٧) ڕۆژنامەنوس بە ڕێژەی لە (سەددا بیست)(٢٠%) کۆمەڵگەکە وەرگیراوە بەوپێیەی ئەم ژمارەیە دەتوانێ وێنای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەن.

گرنگترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، بریتییە لە: فۆرمی ڕاپرسی، لە چەند تەوەر و بڕگە پێکهاتووە، بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، هەروەها توێژەر لە توێژینەوەکەدا کەرەستەی ئاماری بۆ دڵنیابوون لە جێگیری فۆرمەکە، ڕێگەی پێوانەی (كرونباخ الفا)، ی بەکارهێناوە .

لە گرنگترین دەرەنجامەکان:

١- ئاستی بەرەوپێشچونی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە سێبەری ئازادی فەراهەمکراو و ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەروەها بوونی دەرفەت بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری دروست لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە بەرزترین ئاستی پێوانەییدا لە ئاستێکی مامناوەندا خۆیان دەبیننەوە.

٢- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، لە بەرزترین ئاستی پێوانەیدا دەگەڕێتەوە بۆ فرەیی پارتەکان و کێبڕکێی نێوان دەزگاکانی

ڕاگەیاندن و حەز و ئامادەیی ڕۆژنامەوان بۆ بە ئەزمونکردنی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و دەرکەوتنی گەندەڵی بە سەرجەم جۆرەکانیەوە .

٣- سەربەخۆ نەبونی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان لە ڕوی دارایی و داڕشتنی سیاسەتی کارکردنی ناو دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان و خۆ بە دورگرتنی ڕۆژنامەوان لە و بابەتانەی توشی کێشەی دەکات هەروەها کەمی توانای کارامەیی ڕۆژنامەنووسان، هەریەکە لەمانە لە پێشەنگی ئاستەنگە خودییەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دادەنرێن.

٤- لە ئاستەنگە بابەتییەکان، کە ڕێگرن لە بەردەم ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری سەرکەوتو و بوێرانە لە بەرزترین ئاستەکاندا بریتیە لە کڕینەوەی زانیارییەکانە لە لایەن کەسانی دەست ڕۆیشتو و بونی هەڕەشە و فشاری بەردەوام لە سەر ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکار و جێبەجێ نەکردنی یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی (٢٠١٣)ی مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان.

٥- لە گرنگترین ئاستەنگەکان لە بە دەستهێنانی زانیاری ئەوەیە، کە سەرچاوەکان زانیاری نادەن بە ڕۆژنامەوان لە ترسی تێوەگلان بە بابەتەکە، لەگەڵ جیاکاریکردن لە نێوان ڕۆژنامەوانان لە سەر بنەمای لایەنگری سیاسی و ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانییەی کاری بۆ دەکات هەروەها باوەڕ نەبونی سەرچاوەکە بە سود و بایەخی بابەتە بنکۆڵکاریەکان.

٦- لە سەر ئاستی نمونەی دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکانی هەرێمی کوردستان، هەر یەک لە دەزگاکانی ڕوداو، ئێن ئاڕ تی، دبلۆماتیک مەگەزین بە سەرەتا و پێشەنگی کاری بنکۆڵکاری دادەنرێن. بەپێی ریزبەندییان، ئەمەش سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان لە هەوڵی بەردەوامی بەرەوپێشبردنی ئەم شێوازەن لە ڕۆژنامەگەریدا.

# لیستی بابەتەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| ا | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| ب | بڕیاری شارەزای زمانەوانی |
| ت | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ |
| ث | پێشکەشە |
| ج | سوپاس و پێزانین |
| خ-د | پوختەی توێژینەوە |
| ذ-ش | لیستی بابەتەکان |
| ص-م | لیستی خشتەکان |
| ن | لیستی پاشکۆکان |
| ١-٢ | پێشەکی |
| ٣ | دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە |
| ٣ | بەشی یەکەم: ڕێبازنامە و توینەوەکانی پێشوو و تیۆری برەودان |
| ٣ | باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە |
| ٤ | یەکەم: کێشەی توێژینەوە |
| ٥ | دووەم: گریمانەی توێژینەوە |
| ٧ | سێهەم: بایەخی توێژینەوە |

| | |
|---|---|
| چوارەم: ئامانجی توێژینەوە | ٨ |
| پێنجەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان | ٩ |
| دەرفەت | ٩ |
| ئاستەنگ | ٩ |
| رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ١٠ |
| هەرێمی کوردستان | ١٠ |
| باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ١١-٢١ |
| یەکەم: توێژینەوە کوردیەکان | ١١-١٣ |
| دووەم: توێژینەوە بیانییە عەرەبیەکان | ١٣-١٩ |
| سێیەم: توێژینەوە بیانییە ئینگلیزیەکان | ١٩-٢١ |
| گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٢ |
| باسی سێهەم: تیۆری برەودان | ٢٥ |
| یەکەم: دەروازەیەک بۆ دەستپێکی تیۆری برەودان | ٢٥ |
| دووەم: بیرۆکەی سەرەکی تیۆری برەودان | ٢٦ |
| سێهەم: چەمک و پێناسەی تیۆری برەودان | ٢٧ |
| چوارەم: گریمانەی تیۆری برەودان | ٢٩ |
| پێنجەم: هۆکاری سەرهەڵدانی تیۆری برەودان | ٢٩ |
| شەشەم: رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن بەپێی تیۆری برەودان | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| حەوتەم: ئامانجەکانی تیۆری برەودان | ٣١ |
| هەشتەم: تایبەتمەندیەکانی تیۆری برەودان | ٣٢ |
| نۆیەم: هۆکاری هەڵبژاردنی تیۆری برەودان | ٣٢ |
| دەیەم: ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆریەکە کراوە | ٣٣ |
| یازدەیەم: چۆنێتی جێبەجێکردنی تیۆری برەودان لەم توێژینەوەیەدا | ٣٣ |
| چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە | ٣٥ |
| بەشی دووەم: رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٣٦ |
| باسی یەکەم: دەروازەیەک بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٣٦ |
| یەکەم: چەمک و پێناسەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٣٦ |
| دووەم: بایەخ و گرنگی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٤٤ |
| سێهەم: بەراورد لە نێوان رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و رۆژنامەگەریی کلاسیک | ٤٨ |
| باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٥٣ |
| یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەراست | ٥٣ |
| دووەم: رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان | ٦٣ |
| سێهەم: تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٦٩ |
| چوارەم: ئامانجەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٧٠ |
| باسی سێهەم: (ئەرک، ئاکار، دەرفەت، ئاستەنگەکان)ی رۆژنامەگەریی | ٧٣ |

| | |
|---|---|
| بنكۆڵكاری | |
| یەكەم: ئەركەكانی رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری | ٧٣ |
| دووەم: ئاكاری كاری رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری | ٧٦ |
| سێهەم: دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری | ٨٣ |
| چوارەم: ئاستەنگەكانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری | ٩٢ |
| دەروازەی دووەم: ڕێكارەكانی توێژینەوەكە | ١٠٢ |
| بەشی سێهەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە | ١٠٢ |
| باسی یەكەم: ڕێكاری مەیدانی توێژینەوەكە | ١٠٣ |
| یەكەم: میتۆدی توێژینەوە | ١٠٣ |
| دووەم: كۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە | ١٠٣ |
| سێهەم: سنوری توێژینەوە | ١٠٥ |
| چوارەم: ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری | ١٠٥ |
| پێنجەم: ئاستەنگەكانی توێژینەوە | ١٠٦ |
| شەشەم: پێوەری راستی راپێوبینامەی توێژینەوە | ١٠٦ |
| حەوتەم: رادەی جێگیری توێژینەوە | ١٠٧ |
| هەشتەم: ئامرازە ئامارییە بەكارهێنراوەكان | ١٠٨ |
| نۆیەم: بە تاڵكردنەوە و خستنەرووی زانیاریەكان | ١٠٩ |
| دەیەم: خستنەرووی زانیارییەكانی بەرتوێژان | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| یانزەیەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان | ١٢٨ |
| باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە | ١٨٠ |
| دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیارەکان | ١٨٠ |
| یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | ١٨٠ |
| دووەم: دەرئەنجامەکانی گریمانەی توێژینەوەکە | ١٨٢ |
| سێهەم: راسپاردەکان | ١٨٥ |
| چوارەم: پێشنیارەکان | ١٨٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٨٧ |
| لیستی پاشکۆکان | i –xxiii |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی | xiv |

# لیستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | چۆنیەتی خستنەرووی کۆمەڵ و بەرتوێژان دەردەخات | ١٠٤ |
| ٢ | جێگیری توێژینەوە | ١٠٧ |
| ٣ | زانیاری تایبەت به بەرتوێژان | ١٠٩ |
| ٤ | ئاستی شارەزایی و ئاشنابوونی سامپڵی توێژینەوە بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ١١١ |
| ٥ | هەوڵدانی رۆژنامەنووس بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ١١٢ |
| ٦ | ئاستی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ژینگەی کارکردن لای سامپڵی توێژینەوە | ١١٢ |
| ٧ | هەڵسەنگاندنی رۆژنامەنوسان بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان | ١١٣ |
| ٨ | هەڵسەنگاندنی کاری دەزگا رۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بوێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە لایەن سامپڵی توێژینەوە | ١١٤ |
| ٩ | هۆکاری لاوازی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا دەخاتەڕو لای رۆژنامەنوسان | ١١٤ |
| ١٠ | رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر لە سێبەری ئازادیدا بەرەو پێش دەچێت و ئاستی ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕووی یاساییەوە بۆ کاری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە | ١١٥ |
| ١١ | ئاستی ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی | ١١٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | بنكۆڵكارى لە هەرێمى كوردستان لاى رۆژنامەنوسان | |
| ١٢ | دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى لە هەرێمى كوردستان لاى سامپڵى توێژینەوەكە دەردەخات | ١١٦ |
| ١٣ | ئاستى ڕەخساندنى دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى لە هەرێمى كوردستان لاى رۆژنامەنوسان | ١١٧ |
| ١٤ | لە كاتى نە بونى دەرفەت بۆ رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى دەخاتەڕوو لاى سامپڵى توێژینەوەكە | ١١٨ |
| ١٥ | مەبەستى سەرەكیی رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى لە هەرێمى كوردستان زیاتر وروژاندن و دەرخستنى چ جۆرە دۆسیەیەكە تێروانینى لاى رۆژنامەنوسان | ١١٩ |
| ١٦ | ئاستەنگە خودیەكانى دەزگا رۆژنامەوانیەكان سەبارەت بەكارى رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى لاى سامپڵى توێژینەوەكە | ١٢٠ |
| ١٧ | ئاستەنگە بابەتییەكانى بەردەم رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى لاى رۆژنامەنوسان | ١٢١ |
| ١٨ | ئاستەنگەكانى رۆژنامەوانى بنكۆڵكارى لە بەدەستهێنانى زانیارى لاى سامپڵى توێژینەوەكە | ١٢٢ |
| ١٩ | بنەماكانى رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى دەردەخات لاى رۆژنامەنوسان | ١٢٣ |
| ٢٠ | دەزگاكانى رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى دەردەخات لاى رۆژنامەنوسان | ١٢٤ |
| ٢١ | هاوكێشەى پەیوەستى (Spearman's rho) بۆ پێوانەكردنى ئاماژەكانى پەیوەندى ئاماژەى ئامارى لە نێوان شارەزایى و ئاشنابوون و هەوڵدان بۆ فراوانكردنى زانیارى دەربارەى رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى لاى سامپڵى توێژینەوەكە دیار دەكات | ١٢٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان شارەزایی وئاشنابوون وژینکەی کارکردن بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان دیاری دەکات | ١٢٩ |
| ٢٣ | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵسەنگاندن بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات | ١٣٠ |
| ٢٤ | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بوێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان دیاری دەکات | ١٣١ |
| ٢٥ | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئازادیی رادەربڕین لە ڕووی یاساییەوە و ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات | ١٣٢ |
| ٢٦ | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەکان لای رۆژنامەنوسان دیاری دەکات | ١٣٣ |
| ٢٧ | هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان بنەماکانی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان وکاری دەزگاکان بۆ دەرخستنی بابەتی | ١٣٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | بنكۆڵكارى لاى سامپڵى توێژینەوەكە دیارى دەكات | |
| ٢٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٣٥ |
| ٢٩ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (كا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٣٦ |
| ٣٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (كا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٣٧ |
| ٣١ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (كا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٣٨ |
| ٣٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (كا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٣٩ |
| ٣٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان رێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی رۆژنامەگەریی بنكۆڵكارى هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٤٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٤١ |
| ٣٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٤٢ |
| ٣٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ئەزموون) | ١٤٣ |
| ٣٧ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٤٤ |
| ٣٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٤٥ |
| ٣٩ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٤٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٤٧ |
| ٤١ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٤٨ |
| ٤٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٤٩ |
| ٤٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان تێروانینی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەیەکان لەکاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٥٠ |
| ٤٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان تێروانینی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەیەکان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٥١ |
| ٤٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان تێروانینی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەیەکان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئاستی | ١٥٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | خوێندەواری) | |
| ٤٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان تێروانینی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەیەکان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٥٣ |
| ٤٧ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان تێروانینی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەیەکان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٥٤ |
| ٤٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ئاستەنگە خودییەکانی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لای رۆژنامەنوسان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٥٥ |
| ٤٩ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە خودییەکانی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لای رۆژنامەنوسان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٥٦ |
| ٥٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە خودییەکانی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لای رۆژنامەنوسان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٥٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥١ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە خودییەکانی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لای رۆژنامەنوسان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٥٨ |
| ٥٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە خودییەکانی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لای رۆژنامەنوسان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٥٩ |
| ٥٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە بابەتییەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٦٠ |
| ٥٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە بابەتییەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٦١ |
| ٥٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە بابەتییەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٦٢ |
| ٥٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە بابەتییەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٦٣ |
| ٥٧ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی | ١٦٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | ئاماریی لە نێوان ئاستەنگە بابەتییەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (دەزگا) | |
| ٥٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٦٥ |
| ٥٩ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٦٦ |
| ٦٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٦٧ |
| ٦١ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٦٨ |
| ٦٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٦٩ |
| ٦٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان بنەماکانی دەزگاکانی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بەپێی: | ١٧٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | (ڕەگەز) | |
| ٦٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان بنەماکانی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بەپێی: (تەمەن) | ١٧١ |
| ٦٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان بنەماکانی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٧٢ |
| ٦٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان بنەماکانی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٧٣ |
| ٦٧ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان بنەماکانی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٧٤ |
| ٦٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی لە نێوان دەرخستنی بابەتی بنکۆڵکاری لە دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە بەپێی: (ڕەگەز) | ١٧٥ |
| ٦٩ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان دەرخستنی بابەتی بنکۆڵکاری لەدەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان لە هەرێمی | ١٧٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | کوردستان بوونی هەیە بەپێی: (تەمەن) | |
| ٧٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان دەرخستنی بابەتی بنکۆڵکاری لەدەزگا رۆژنامەگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری) | ١٧٧ |
| ٧١ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان دەرخستنی بابەتی بنکۆڵکاری لە دەزگا رۆژنامەگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە بەپێی: (ئەزمون) | ١٧٨ |
| ٧٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان دەرخستنی بابەتی بنکۆڵکاری لەدەزگا رۆژنامەگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە بەپێی: (دەزگا) | ١٧٩ |


# لیستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆرمی پێش هەڵسەنگاندن | i-vi |
| ٢ | فۆرمی دوای هەڵسەنگاندن | vii-xiii |

# پێشەکی

ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کارکردنێکی بوێرانەیە، بەو پێیەی دەرخەری ڕاستیەکە شاراوەیە یان مەترسیدارە بە ئاستێک، زیاتر قوڵبوونەوەی هەیە بۆ بابەتەکان ئەمەش خاڵێکی ڕوونە لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششەی لە کاری بنکۆڵکاریدا بەدیدەکرێت، کاتێک ڕۆژنامەوان لە بازنەی وەرگر و گوێزەرەوە دروستکردنی هەواڵ دەردەچێت دەچێتە بازنەی بنکۆڵکاریەوە. بە سەرنجدان و وردبوونەوە و دانانی گریمانە و گەڕان کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دانانی بایەخبەندی تەواو بۆ بابەتەکە لە کۆتاییشدا سەلماندن و دۆزینەوەی چارەسەر و دەرخستنی پێشنیاری دروست. لە پێناو گەیشتن بە ڕاستیەکان لە ڕێگەی بنکۆڵکردنیان تا ئاستی دڵنیابوونەوە. بە تایبەت لە و بابەتانەی، کە پەیوەستە بە ژیانی خەڵک. و هۆکاری پێکهێنانی رایگشتیە.

لە ئێستادا لە توانای ڕۆژنامەگەریی کلاسیکدا نییە وەرگرەکانی قایل بکات بەو بڕە زانیاریەی پێشکەشیان دەکات. لەبەرئەوەی ئەم چەشنە نوێیە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر لە بابەت بە کەمترین ماوە. بە جیاواز تر بە دوای پێشکەوتنی بەردەوامە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی خوێنەرانی لە لایەک و مسۆگەرکردنی توانای مانەوەی لە گۆرەپانی ڕۆژنامەوانیدا لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ هەموو دەستەوەستانێکی ڕۆژنامەگەریی کلاسیک پێویستی و گرنگی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ڕوو لە ئاستی باڵا دەکات.

سەرباری ئەو ئاستەنگانەی، کە روبەروی دەبێتەوە، هەمیشە لە هەوڵی گەیشتنە بە ڕاستیە شاراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو ئازادی فەراهەمکراو و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کارکردن بەم چەشنە لە ڕۆژنامەگەری، هەروەها بوونی ڕۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ و بوێر و شارەزا زەرورەتیکی ترە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم شێوازە. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیەکەی وایکردوە لە هەموو کۆمەڵێک بایەخ بەم جۆرە ڕۆژنامەگەریەدا بدرێت و ببێتە پێویستیەکی سەردەم، بە ڕەچاوکردنی گرنگی و بایەخەکەی لەلایەن ڕۆژنامەوانان و دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بەگشتی و بنکۆڵکاری بە تایبەتی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ئەگەربێت و دەرفەت بۆ ئەم چەشنە لە ڕۆژنامەگەری برەخسێت دەشێ جیهان نەگۆرێت، بەڵام گۆرانکاری چارەنووسساز بخولقێنێت.

لێرەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت تیشکبخاتە سەر دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا بە مەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو وەک: دەستنیشانکردنی دەرفەت و ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ زانینی ڕادەی لەباریی ژینگەی کوردستان بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری، دەرخستنی

ئاستی ئازادی فەراهەمکراو بۆ پیادەکردنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و دیاریکردنی ئەو دەزگا رۆژنامەگەریانەی، کە توانای دەرخستنی بابەت و دۆسیەی بنکۆڵکاریان هەیە لە هەرێمی کوردستان دا.

هاوکات ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم: خۆی لە سێ باس دەبینێتەوە، لە باسی یەکەم: تیشک خراوەتە سەر هەریەکە لە ڕێبازنامەی گشتی توێژینەوەدا، کە پێکهاتوە لە (کێشەی توێژینەوە، گریمانەی توێژینەوە، بایەخی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە، و باسی دووەم سەبارەت بە توێژینەوەکانی پێشوو، گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو)، هاوکات لە باسی سێهەمی بەشی یەکەمدا: ئەم توێژینەوەیە تیۆری برەودان وەک پاڵپشتی توێژینەوەکە و ئاماژەدان بە برەودان لە بواری رۆژنامەگەریدا خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەمیش: دەروازەیەکی گشتی بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کراوەتەوە، خۆی لە سێ باسی سەرەکی دەبینێتەوە، کە گرنگی بە هەریەک لە (چەمک و پێناسە، بایەخ و گرنگی و جیاکاری نێوان رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و رۆژنامەگەریی کلاسیک)، لەگەڵ (مێژوی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بە گشتی و رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دراوە، لەگەڵ تایبەتمەندی و ئامانجەکان)ی، هەروەها تیشک خراوەتە سەر هەریەکە لە (ئەرک، ئاکار، دەرفەت و ئاستەنگەکان)ی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری..

بەشی کۆتایی و سێهەم: پێکدێت لە لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە، خۆی لە سێ باسدا دەبینێتەوە: باسی یەکەم، ڕێکارەکانی توێژینەوەکەیە، پێکدێت لە میتۆدی توێژینەوە، بوارەکانی توێژینەوە، کۆمەڵی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە، پێوەری ڕاستی ڕاپێوینامەی توێژینەوەکە، لەگەڵ ڕادەی جێگیری توێژینەوەکە. باسی دووەم: خستنەرو بە تاڵکردنی زانیاریەکان، سەلماندنی گریمانەیە، باسی سێهەم: کە پێکدێت لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجامەکانی گریمانە و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

## دەروازەی یەکەم : (لایەنی تیۆری توێژینەوەکە)

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامە و توێژینەوەکانی پێشووو و تیۆری برەودان

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوە :

یەکەم: کێشەی توێژینەوە

دووەم : گریمانەی توێژینەوە

سێهەم: گرنگی توێژینەوە

چوارەم: ئامانجی توێژینەوە

پێنجەم: دیاریکردنی چەمک وزاراوەکان

دەرفەت

ئاستەنگ

رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

هەرێمی کوردستان

### باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشووو

یەکەم: توێژینەوە کوردیەکان

دووەم: توێژینەوە بیانییە عەرەبیەکان

سێیەم: توێژینەوە بیانییە ئینگلیزیەکان

**گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشووو.**

### باسی سێهەم: تیۆری برەودان

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامە و توێژینەوەکانی پێشووو و تیۆری برەودان

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوە :

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

بەو پێیەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر جەختدەکاتەوە لە سەر ئەو بابەت و کێشە و گیروگرفتە گرنگانەی ناو کۆمەڵ، کە بە بەردەوامی رو لە زیادبوونە لە پێناو گەیاندنی زانیاری نویێ و گرنگ بۆ جەماوەر بە مەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی هەمیشەیی. [1]

سەرباری کەمی دەرفەت بۆ برەودان بەم چەشنە نوێیە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان هەربۆیە روبەروی ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبێتەوە، هاوکات هەموو ئەو هۆکارانە وایان لە توێژەر کردووە بە پشتبەستن بە میتۆدی زانستی لەم بوارەدا بکۆڵێتەوە، بۆئەوەی بتوانرێت نارۆشنی و تەمومژاویبوونی دەرفەت و ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان رونبکرێتەوە، کە سەرەکیترین کێشەی توێژینەوەکەیە. هەروەها بۆ رۆشنکردنەوەی زیاتری کێشەکە، دەکریێ چەند پرسیارێکی تر بخرێنەڕوو، لەوانە:

١- ئایا تا چەند دەرفەتی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا بوونی هەیە؟ هەروەها ئەو ئاستەنگەکانی کە ڕووبەرووی دەبنەوە چیین؟

٢-ئایا تا چ ڕادەیەک ئازادیی بۆ پیادەکردنی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دەستەبەرکراوە؟

٣- ئایا تا چەند ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبار و گونجاوە بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری؟

٤- ئایا دەزگا رۆژنامەوانیەکان توانای دەرخستنی دۆسیەو بابەتی بنکۆڵکاریان هەیە لە هەرێمی کوردستان دا؟

---

[1] مي عبد الغني، سمات التحقيقات الاستقصائية في مواقع التواصل الاجتماعي :فيسبووك نموذجا، المجلة الجزائرية لبحوث الإعلام والرأي العام، (جزائر: المجلد٣، العدد١، حزيران،٢٠٢٠)، ص١٠١

**دووەم: گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانە گرنگترین ئامرازی هزرییە بۆ توێژەر، هاوکات لە یەک مانادا لێکدانەوەیەکی کاتیە بۆ هەندێک ڕاستی، کە هێشتا لە تاقیکردنەوە و سەلماندنی ڕاستیەکان بەدەرە و یاسایە، کە ڕێرەوی دیاردەکان ڕوون دەکاتەوە.[1]

هاوکات توێژەر ئەم گریمانانە پێشنیار دەکات بە پشت بەستن بە گریمانەی ئاماری، کە لە سەر بنەمای پەیوەندی و جیاوازی گۆراوەکان دانراوە بە مەبەستی ئەوەی بە شێوازێکی زانستی گریمانە دیاریکراوەکان، بسەلمێنێت.

**گریمانەی یەکەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.

**گریمانەی دوەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و ژینگەی کارکردن بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان هەیە.

**گریمانەی سێهەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵسەنگاندن بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.

**گریمانەی چوارهەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵبژاردنی ڕۆژنامەوانی ڕاهێنراو و شارەزا و بوێر بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان هەیە.

**گریمانەی پێنجهەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ئازادیی بۆ پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.

**گریمانەی شەشەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەکان لای ڕۆژنامەنوسان هەیە.

**گریمانەی حەوتەم:** پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان بنەماکانی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری و دەرخستنی بابەت ودۆسیەی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.

[1] عبدالرحمن سيد سليمان، مناهج البحث، (قاهيرة: عالم الكتب جامعة عين الشمس، ٢٠١٤)، ص٩٨

**گریمانەی هەشتەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بە پێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی نۆیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان رێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی دەیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی یازدەیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان تێروانینی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەیەکان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی دوازدەیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ئاستەنگە خودییەکانی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لای رۆژنامەنوسان لە کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی سیازدەیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ئاستەنگە بابەتییەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی چواردەیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی پازدەیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان بنەماکانی دەزگاکانی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**گریمانەی شازدەیەم:** جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان دەرخستنی بابەت و دۆسییەی بنکۆڵکاری لە دەزگا رۆژنامەگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندەواری – ئەزمون – دەزگا).

**سێهەم: بایەخی توێژینەوەکە:**

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە بایەخی بابەت و پێکهاتەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بەو پێیەی بابەتێکی بایەخدارە بۆ هەڵسوراوانی ئەم بوارە لە هەر شوێنێکی دونیادا بن و لە ناویشیاندا بە تایبەتی هەڵسوڕێنەرانی ئەم بوارە لە هەرێمی کوردستان دا. ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری گرنگیەکی دیاریکراوی هەیە لە کۆمەڵی کوردیدا، لەبەر نوێیەتی بابەتەکە و دەگمەنی سەرەڕای بەکارهێنانی بنکۆڵکاری وەک بنەما متمانەپێکراو و ئەو بەها فراوانەی لە ئاشکراکردنی شاراوەکان، کە سەر ئەنجام بۆ بەرژەوەندی گشتی و گۆرینی کۆمەڵ و دۆزینەوەی چارەسەر و برەودان و بەرەوپێشچونی هەمیشەییە سەرەڕای بایەخە ناسکاری و زانستیەکەی، کە پێویستیەکی گرنگی ئەم سەردەمەی ژیانە بە تایبەتیش لە بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتیدا. لێرەشەوە، دەکرێ سودەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا ڕونبکرێنەوە:

١-گرنگی ئەم توێژینەوەی لە روی زانستیەکەیەوە دەچێتە خانەی پسپۆری ڕۆژنامەگەرییەوە، لە هەمانکاتدا، هەوڵێکە بۆ بەرەوپێشچون و برەودان بە بواری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، هەروەها بەشداریەکی کاریگەرە لە فراوانکردنی پانتاییە ناسکاری زانستی بە گشتی و ناوەندی ئەکادیمی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت تر لە بواری ڕاگەیاندندا.

٢-گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ دامەزراوە و پیشەیی ڕۆژنامەگەری کارکردنە بۆ وروژاندنی ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە ئابووری و گیروگرفتە دیارەکان بەتایبەت تر دۆسییەکانی گەندەڵی، کە جێگەی بایەخی دامەزراوەکانە بەمەبەستی بنکۆڵکردنی گیروگرفتەکان و چارەسەرکردنیان، خولقێنەرێکی چالاکە لە کێبرکێکردن لە نێوان دەزگاکان و هاوکات جوڵێنەری هزری هەڵسوڕێنەرانەیە بەرەو گۆرانی ڕاستەقینەیە، کە ئەمانە بە گشتی لە کۆتاییدا هۆکاری بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەرە کە کۆڵەکە و بنەمای شکۆمەندی بنکۆڵکاریە. دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی ئەزمونییانە بۆ ئەوانەی سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکارین، لەگەڵ مامەڵەکردنێکی ورد تر و وریایانە لە و بابەتانەی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیەوە، کە دەکرێ ببێتە ڕێنیشاندەرێکی ئەرێنی کار و چالاکیەکانی داهاتویان.

٣- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووە تیۆریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەگمەنی ئەنجامدانی توێژینەوە لە بابەتی بنکۆڵکاری و زیاتر تێگەیشتن و بە دەستهێنانی زانیاری لە سەر ڕۆژنامەگەریی

بنکۆڵکاری چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادییە فەراهەمکراوەکان بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری دروست، کە دواجار بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بێتەوە.

٣- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە روی کۆمەڵایەتیەوە، وەڵامدانەوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەو دیاردەیەی کە لە رۆژنامەگەریی کوردی بوونی هەیە وەک کەمی دەرفەت و زۆری ئاستەنگ لە بەردەم پراکتیزەکردنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە کوردستان، لە کاتێکدا ئەم جۆرە لە رۆژنامەگەریی شایەنی بڵاوبوونەوەیەکی بەر فراوان و گرنگی پێدانێکی بەرچاوە هەر لە چوارچێوەی گرنگیە تایبەتەکەی بەراورد بە رۆژنامەگەریی کلاسیک، رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کار لە سەر کێشە و ڕوداوەکانی کۆمەڵ دەکات و دەچێتە قوڵایی دۆزەکانی کۆمەڵ لە هەوڵی ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە پێکهێنانی ڕایگشتی.

**چوارەم: ئامانجی توێژینەوە:**

بیگومان خاڵی بنەرەتی و پتەوی هەموو توێژینەوەیەک هەڵقوڵاوی سەرنج و دانانی ئامانجەکانێتی. بەو پێیەی بەبێ پشتبەستن بە ئامانج ئەوا توێژینەوەکە لە سەر هیچ بنەمایەک بوونیاد نەنراوە. لێرەدا هەوڵی توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە خستنەرو و دەستنیشانکردنی دەرفەت و ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا بۆ ساغکردنەوە یەکلاکردنەوە و گەیشتنە بەم ئامانجانەی لای خوارەوە:

١- دیاریکردنی ئاستی دەرفەتی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی، کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە

٢- روونکردنەوەی ڕادەی ئازادیی فەراهەمکراو بۆ پیادەکردنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

٣- زانینی ئاستی لەباریی و گونجاوی ژینگەی هەرێمی کوردستان بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

٤- دیاریکردنی ئەو دەزگا رۆژنامەوانیانەی کە توانای دەرخستنی دۆسیە و بابەتی بنکۆڵکاریان هەیە لە هەرێمی کوردستان دا.

**پێنجەم: چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە**

**دەرفەت:** بریتیە لە بارودۆخی گونجاو لە شوێن و ماوەی دیاریکراو بۆ دەستکەوتنی زانیارییە بە شێوەیەک، کە لە توانای دامەزراوەکەدایە ئەو دەرفەتە بەکاربهێنێت بۆ بەدیهێنان و پێکانی ئامانجەکانی.[1]

وشەی دەرفەت لە ڕوی چەمکەوە بە واتای (بەدیهێنانی ئامانج) بەرامبەر وشەی عربی (فرص)، لە کۆی وشەی (فرصة)دێت، بە واتای کاتی گونجاو لە بەکارهێنانی هەل بۆ بردنەوەی دەستکەوتەکان. یان بارودۆخی گونجاو لەبار بۆ ئەنجامدانی کارێک.[2]

هاوکات وشەی (هەل، ڕێکەوت، هەڵکەوت، دەرفەت) بەرامبەر وشەی (chance) لە زمانی ئینگلیزیدا دێت.[3]

**دەرفەت لە روی کارڕایی (اجرائي):**

بەپێی خواست و ویستی ئەم توێژینەوەیە ئەوا توێژەر مەبەستی لە پێدانی هەل و دەرفەتی کارکردنە بۆ سەرجەم دامەزراوە جیاوازەکانە، کە خوازیاری بەدەستهێنانی دەستکەوت و ناوبانگی دیارن لە بواری رۆژنامەگەری دا، بەبێ جیاکاری لە نێوان، نەتەوە، ئایین و ناسنامەدا، ئەوەی لە توانایدایە جیاکاری بخاتە ئەم نێوەندەوە تەنها خودی ڕۆژنامەوانە! لە نێوان ئەم دەرفەت و دەستکەوتە و لە بەدەستهێنانی ناوبانگی زیاتر بۆ خۆی و دامەزراوەکەی، هەتا ئەم دەرفەتانە زۆرتر و زیاتر بن ئاستی هەنگاونان و گەشەکردنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت.

**ئاستەنگ:** بریتیە لە هەمو ئەو کەند و کۆسپ و ئاستەنگانەی، کە پەیوەستدارن بە لایەنی پیشەیی کاری رۆژنامەگەری کە روبەرویان دەبێتەوە لە کاتی پیادەکردن و ئەنجامی

---

1- اشرف عبد العزيز عبدالقادر و اخرون، النمو الاقتصادى و القيم المستدامه فى الدول العربية، (قطر: المركز العربى لابحاث و دراسة السياسيات، ٢٠١٣)، ص١٨٩.

2- ئامانج محەمەد، فەرهەنگی قوتابی، عەرەبی، عەرەبی-کوردی، (سلێمانی: کتێبخانەی زانیار بۆ بڵاوکردنەوە، ٢٠١٥)، ل٤١٤

3 -زانەر محەمەد، فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ (ئینگلیزی- کوردی)، (سلێمانی: کۆمپانیای گۆڵدن بووک بۆ بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١)، ل١١٩.

پیشەکانیاندا لە پیشەی بنکۆڵکاری و دەستنیشانکردنی جۆری ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی کە دێنە بەردەمیان.[1]

**ئاستەنگی لە روی کارڕایی:** مەبەستی توێژەر زانینی ئەو ئاستەنگیانەی کە دێنە بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و هۆکارە بۆ پەکخستنی پرۆسەکە، و نە پێکانی ئامانجی مەبەستدار لە ئاشکراکردنی ڕاستیەکان بۆ جەماوەر وەک یەکێک لە و ئارەزو و خرۆشانەی کە لە شێوازی کارکردن و ئەرکە سەرەکیەکانی کاری بنکۆڵکاری بەدیدەکرێت

**رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری:** ڕێکخراوی ئەمریکی بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری پێناسەی دەکات: رومالْکردنێکە بە شێوەیەکی قوڵ و ئەو نهێنیە دەدۆزێتەوە، کە کەسێک دەیەوێت بە شاراوەی بیهێڵێتەو یان شکستە مەنهەجیەکان و سیاسەتە نادروستەکان نیشان دەدات لە ڕێگای هەوڵی تاکەکەسی ڕۆژنامەنوسەوە.[2]

**رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە روی کاررایی (اجرائي):** مەبەستی توێژەر لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری واتای ئەو مۆدێلە نوێیە رۆژنامەگەرییە، کە یەکەم و پێشەنگە لە خستنەروی زانیاری شاراوەکانە لێرەدا لە هەوڵی دەرخستنی هەریەکە لە دەرفەت و ئاستەنگەکاندایە لە هەرێمی کوردستان دا.

**هەرێمی کوردستان:** ئەو ناوچەیەی، کە کەوتۆتە پانتایی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دانپێدانراوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عێراق[3].

مەبەستی توێژەر هەرێمی کوردستانی عێراقە، کە پێکدێت لە هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە) لە پانتای دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، و خاوەن ئاڵای تایبەت بە خۆیەتی.

---

1- سعيدة بلخيري، معوقات حريه الصحافة من وجهة نظرصحفيين الجزائرين، مذكرة مكملة لنيل الشهادة ماجستير متقدم لقسم الصحافة و الاعلام الالكتروني، الجزائر، ٢٠١٧، ص١٦.

2 سامان نوح، دەروازەیەک بۆ رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری، پرۆگرامی مەشقکاری تۆری عێراقی بۆ ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری"نیریج ،" (بغداد-سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٥)، ص٧.

3- دەستوری هەمیشەیی عێراق، مادەی، (١١٣).

## باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشووو

### یەکەم/ توێژینەوە کوردیەکان:

**١/ توێژینەوەی: دەشتی/ ٢٠١٧.**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە، توێژەر لە هەوڵی ئاشنابوونە بە (**پێگەی ڕۆژنامەنوسی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان)دا** بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفیەکانە بۆ لایەنە کرداریکەشی پشت بە ڕێکاری ڕوپێوی بە ستراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی ڕاپێوینامە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە، هاوکات توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین:

دیاریکردنی پێگەی ڕۆژنامەنوسیی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئاشکراکردنی ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاری و دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) .

**لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:**

١-نزمیی ئاستی پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا، کە جەماوەر گرنگی بەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنوسی دەدەن.

٢- ڕۆژنامەنوسیی لە هەرێمی کوردستان دا نەیتوانیوە ئەرکی چاودێرکاری بە جێبگەیەنێت و ببێتە دەسەڵاتی چوارەم. ئەویش لە ئەنجامی ئەو ئاستەنگانەی کە لە بەردەم ڕۆژنامەنوساندا هەن کاریگەری نەرێنیان لە سەر بەجێهێنانی ئەرکەکانیان هەبووە.

---

[1] - دەشتی عەلی ڕەشید، پێگەی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە، وەک پێداویستیەکی بەدەستهێنانی ماستەرنامە پێشکەش بە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٧.

**٢/ توێژینەوەی: ئاشتی/ ٢٠١٧**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە. توێژەر لە هەوڵی ئاشنابوونە بە **(رۆڵ و گرنگی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا) بۆ دید و بۆچوونی بەرێوەبەری دەزگا میدیاییە چاپکراوەکان شاری سلێمانی سەبارەت بە رۆڵ و گرنگی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری** بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێ توێژینەوەکە، سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفیەکانە بۆ لایەنە کرداریکەشی پشت بە رێکاری توێکاری بە ستراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازێ راپێوینامە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە، هاوکات توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین:

زانینی ئاستی بایەخپێدان بە بابەتی بنکۆڵکاری لە ناو گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان، لەگەڵ زانینی کاریگەری کاری بنکۆڵکاری لە سەر برەودان و هەستانەوەی رۆژنامەی چاپکراو لە هەرێمی کوردستان و.ئاشکراکردنی هۆکاری نەبوونی بابەتی بنکۆڵکاری لە ناو گۆڤار رۆژنامە کوردییەکان.

**توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەشتوە بە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان بریتین لە:**

١- بایەخدان بە بنکۆڵکاری لە ناو گۆڤار و رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان دا لە ئاستێکی خراپدایە.

٢- هۆکاری نەبوونی بابەتی بنکۆڵکاری لە ناو گۆڤار و رۆژنامە، بە پلەی یەکەم بۆ نەبوونی رۆژنامەنوسی بنکۆڵکار و پلەی دووەم بۆ کەمتەرخەمی رۆشنبیرانی بوارەکە دەگەڕێتەوە.

٣- بایەخدان بە بنکۆڵکاری و برەودانی لە دەزگا میدیاییە چاپکراوەکاندا دەبێتە مایەی برەودان رۆژنامەی چاپکرا و لە هەرێمی کوردستان دا.

**٣/ توێژینەوەی: ارشد/ ٢٠١٦**[2]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە. توێژەر لە هەوڵی ئاشنابوونە بە **(پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری)** بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێ توێژینەوەکە، سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفیەکانە بۆ لایەنە کرداریکەشی پشت بە رێکاری روپێوی بە ستراوە، بە بەکارهێنانی

---

[1]- ئاشتی حەمە صالح حسێن حەسەن، رۆڵ و گرنگی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا) بۆ دید و بۆچوونی بەرێوەبەری دەزگا میدیاییە چاپکراوەکان شاری سلێمانی سەبارەت بە رۆل و گرنگی رۆژنامەوانی بنکۆلکاری ، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە، (گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە، ١٢، ٢٠١٧).

[2]- ئەرشد خەلیل شوانی، پشتبە ستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچوون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، ماستەرنامەی بڵاوکراوەیە، (هەولێر: زانکۆی صلاح الدین، ٢٠١٦ ).

ئامرازی شیکردنەوەی ناوەرۆک (ناخشیکاری)، بۆ سەلماندنی گریمانەکان، هاوکات توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە لە گرنگترینیان بریتین لە: زانینی کاریگەری جەماوەر بە بابەتی بە دواداچون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، لەگەڵ زانینی رادەی پێکهان و گۆرینی زانیاری جەماوەر لە ئەنجامی سەیرکردنی بابەتی بە دواداچونەکان، و زانینی رێژەی بەدواداچون و شێوازی خستنە روی چارەسەر بۆ کێشەکان لە بەرنامەکانی کەناڵی (تۆپ ستۆری) روداو.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:**

١- نمونەی توێژینەوەکە زیاتر گرنگیان داوە بە بەرنامەی تایبەت بە تەوەری ئاسایش بەراورد بە تەوەری ئابووریی لە بەرنامەی تۆپ ستۆری.

٢- زۆرینەی نمونەی ئەم توێژینەوەیە بە کەمی پشتیان بەستوە بەو زانیاریانەی کە زیاتر لە مەڕ بابەتی ئابوورییەکان لە بەرنامەی تۆپ ستۆری خراونەتە رو.

**دووەم : توێژینەوە بیانیە عەرەبیەکان:**

**١/ توێژینەوەی: راندا / ٢٠٢٠**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریە. بەناونیشانی( العوامل المؤثرة على المواقع الإلكترونية الإستقصائية الناطقة بالانجليزية) توێژەر لە هەوڵی ئاشنابوونە بە **(هۆکارە کاریگەریەکان لە سەر پێگە بنکۆڵکاریەکان کە دوێنەری ئینگلیزین)** .بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفیەکانە بۆ لایەنە کرداریکەشی پشت بە رێکاری روپێوی بە ستراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتنی چڕ و نیمچە رێکخراو، لەگەڵ شیکردنەوەی ناوەرۆک.

توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگترینیان، کە بریتیە لە: چاودێریکردن و تیبینیکردنی شیکردنەوەی هۆکارە کاریگەریەکان لە سەر پێگە بنکۆڵکاریەکان، کە دوێنەری ئینگلیزین، لەگەڵ زانینی ئاستی کاریگەری لە سەر تەکنیکی نوسینی رۆژنامەگەریی و جێبەجێکردنی لە سەر هەر یەکە لەم پێگانە ( mada masr,propublica, ARIJ, the bureau of investigative journalism) لە نێو سالآنی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧)

---

[1]- راندا زكي صالح طولان، العوامل المؤثرة على المواقع الإلكترونية الإستقصائية الناطقة بالانجليزية، دراسة تحليلية للنظم الصحفية وتأثيرها على تقنيات التحرير، رسالة ماجستير غير منشورة قدمت للحصول على درجة الماجستير في الاعلام، قسم الصحافة، جامعة القاهرة، ٢٠٢٠.

**له گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:**

١-لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە کاریگەریان هەیە لە سەر پێگە ئەلکترۆنیە بنکۆڵکاریەکان کە دوێنەری ئینگلیزین هۆکاری سیاسین

٢- لە لێکۆڵینەوە بنکۆڵکاریەکاندا، بڵاوکردنەوەی دۆسییە گرنگ و گشتی و گێرانەوە چیرۆک، کات و تێچوی زۆری پێویستە.

**٢/ توێژینەوەی: لدمية العابدي، زينب مهية/ ٢٠١٩**[1]

ئەم توێژینەوەیە، ماستەرنامەیەکە لە لایەن هەردو توێژەری جەزائری (لدمية العابدي، زينب مهية)ەوە، بە ناونیشانی(**صعوبات العمل الصحفي الاستقصائي في الاذاعة تبسة الجهوية)** کە توێژینەوەیەکی مەیدانیە پێشکەش بە زانکۆی شێخ العربی التبسی لە جەزائیر کراوە، توێژینەوەکە هەوڵی داوە ئاشنابێت بە ئاستەنگی کاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە کەناڵی (تبسة الجهوية)، هەروەها توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفیەکان خۆی دەبینێتەوە. بە بەکارهێنانی رێکاری روپێوی پاڵپشت بە ئامرازی راپرسینامە و توێژەران چەند ئامانجێکیان لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین: زانینی شوێن و پلە و پایەی لێکۆڵینەوەی ئێزگەیی بنکۆڵکاری لە تێروانینی رۆژنامەوانانەوە، لەگەڵ .زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ئێزگەیی بنکۆڵکاری لە تێروانینی رۆژنامەوانانەوە.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتون:**

١- سەختی گەیشتن بە زانیاریەکان، یەکێکە لە و ئاستەنگیانەی دێتە بەردەم رۆژنامەوانانی ئێزگەیی.

٢-لە گرنگترین ئەو دۆسێیانەی، کە رۆژنامەوانان روبەروی ئاستەنگی دەکەنەوە، بابەتی گەندەڵی کارگێریە.

٣-دابینەکردنی دارایی پێویست لە لایەن دەزگای ئێزگەیی (تبسة الجهوية) بۆ کاری بنکۆڵکاری، کە هۆکاری سەرەکیە بۆ روبەرو بوونەوەی رۆژنامەوانان بە ئاستەنگی دارایی.

---

[1] لدمية العابدي، زينب مهية، صعوبات العمل الصحفي الاستقصائي في الاذاعة تبسة الجهوية، رسالة ماجستير منشورة، (جزائر: مجلة التدوين، العدد١٣، جامعة وهران٢، ٢٠١٩).

**٣/ توێژینەوەی: روان/٢٠١٩**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (دور الصحافة الاستقصائية في كشف القضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين) توێژینەوەکە هەوڵی داوە ئاشنابێت بە رۆڵی راگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ئاشکراکردنی دۆزە گەندەڵیەکانی ئەردەن، لە روانگەی رۆژنامەوانانی ئەردەنیەوە، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە، توێژەر لە رەهەندی کردەنی توێژینەوەکەی رێکاری ڕوپێوی بەکارهێناوە پاڵپشت بە ئامرازی راپێوینامە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە رۆڵی راگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ئاشکراکردنی جۆرەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵی ئەردەنی و ئاشکراکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە رێگرن لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە دیدی رۆژنامەوانە ئەردەنیەکان

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:-**

ئەنجامەکان ئەوەی خستۆتە رو، کە ئاستەنگی زۆر هەیە کە روبەروی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە روی برەودان و پێشکەوتنەوە کە خۆی لە کەمی راهێنان و هەلقۆزینەوە و پێویستی و درککردنی رێکخراوە بە بایەخی ئەم جۆرەی رۆژنامەگەرییە. هاوکات سستی هاوکاری نێوان رێکخراوە ناوخۆیەکان و ئەو رۆژنامەوانانەی کە کاری تێدا دەکەن، لەگەڵ کەمی راهێنان لە بواری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری کە دەستەبەر نەکراوە بۆ رۆژنامەوانان.

**٤/ توێژینەوەی: محمد نافذ/٢٠١٨**[2]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە **(اتجاهات الصحفيين الفلسطينيين نحو اخلاقيات الصحافة الاستقصائية)** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاشنابوون بە **(ئاراستەی رۆژنامەوانە فەلەستینەکان بەرەو ئاکاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری)** هەروەها زانینی ئاستی پابەند بوونی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری رۆژنامەوانە فەلەستینیەکان بە ئاکاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، لەگەڵ زانینی ئەو بەربەستە پیشەییانەی، کە روبەروی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری دەبنەوە، و پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێک بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی رووگەی رۆژنامەوان بەرەو ئاکاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری. هاوکات توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە، توێژەر لە رەهەندی

---

[1] روان عماد حمام، دور الصحافة الإستقصائية في كشف قضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين، رسالة غير منشورة، قدمت هذه الرسالة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في الإعلام، بكلية شرق الاوسط، قسم الاعلام، الاردن، ٢٠١٩.

[2] محمد نافذ صبحي فروانة، اتجاهات الصحفيين الفلسطينين نحو اخلاقيات الصحافة الاستقصائية، رسالة خير منشورة قدمت استكمالًا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير،غزة: جامعة اسلامية، كلية الاداب، قسم الصحافة، ٢٠١٨.

کردەنی توێژینەوەکەی ڕێکاری ڕوپێوی بەکارهێناوە پاڵپشت بە ئامرازی چاوپێکەوتنی چڕ و ڕۆژنـامەیەکی بنکۆڵکـار، کە دابەشـکرا بە سـەر(٧٦)ڕۆژنـامەوانی بنکۆڵکـاری لە دامەزراوەوە جیاوازەکانی ڕۆژنامەگەریی بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

کە خـۆی دەبینێـتەوە لە ئاشـنابوون بە ئاسـتی پابەنـد بـوونی ڕۆژنـامەوانی بنکۆڵکـاری ڕۆژنامەوانە فەلەستینیەکان بە ئاکاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و گەیشتن بە گرنگترین ئەو بنەما و پێوەر و ئاکارانەی کە پێویستە ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکار پێوەی پابەند بن، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی، کە هانی ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکار دەدەن لە بەزاندنی سنورەکان.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:-**

١-ڕاستگۆی و بابەتیبوون لە گرنگترین ئەو بنەما ئاکاریانەن، کە ڕۆژنامەوانان گرنگی پێدەدەن.

٢-هاوکاری نەکردنی دامەزراوە حکومی و فەرمیەکان بۆ ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکار لە گرانی بەدەستگەیشتنی سەرچاوەی زانیاری ئەمەش هۆکارە بۆ بەزاندنی سنورەکان.

٣-سیستمی سیاسی وکردارە نائاکاریەکان دژی ڕۆژنامەوانان لە هۆکارە بۆ گرنگیپێنەدانی ڕۆژنامەوان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

### ٥/ توێژینەوەی: ریاض/ ٢٠١٧[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریە. بە ناونیشانی (**دور التحقیقات الاستقصائیة في ترتیب اولویات الاعلامیین نحو القضایا البارزة**) توێژەر لە هەوڵی ئاشنابوونە بە (**ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ڕێکخستنی بایەخبەندی سەبارەت بە بابەت و دۆسییە دیار و ئاشکراکان**) بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفیەکانە بۆ لایەنە کرداریکەشی پشت بە ڕێکاری روپێوی بە ستراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک.

توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگترینیان، کە بریتیە لە: زانینی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ڕێکخستنی بایەخبەندی سەبارەت بە بابەت و دۆسییە دیار و ئاشکراکان لە ماوەی لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری بۆ هەردو تۆری (اریج، نیریج) لە سەر بڵاوکراوەکانیان لە هەریەک لە تۆرەکانیان لە سەر ئینتەرنێت،. لەگەڵ زانینی دەرکەوتوترین بابەت کە جەختی لە سەر کراوەتەوە لە ڕێگەی تیۆری بایەخبەندیەوە.و زانینی

---

[1] ریاض شحادة ابوو زایدة، دور التحقیقات الاستقصائیة في ترتیب اولویات الاعلامیین نحو القضایا البارزة، رسالة غیر منشورة، قدمت استکمالا لمتطلبات الماجستیر، کلیةالاعلام، جامعة یرموک، الاردن، ٢٠١٧ .

کاریگەری گۆراوە دیموگرافیەکان، و زانینی ئەوەی کە ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان ڕێکخستنی دۆسییە دیارەکان لە تۆرە بنکۆڵکاریەکان و نێوان ڕێکخستنی بابەخبەندی لە دۆسییە ڕاگەیاندنکارە ئەردەنیەکان.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:**

١- بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و بابەتە ئابوورییەکان ئاستی یەکەمی پێکهێناوە لە لێکۆڵینەوە بنکۆڵکاریەکانی تۆری اریج و پاشان بابەتە تەندروستیەکان بە پلەی دووەم دێن، هاوکات لە تۆری نیریج  بابەتە مرۆڤایەتیەکان بە ئاستی یەکەم هاتون لە لێکۆڵینەوەیی بنکۆڵکاری و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پلەی دووەم هاتون.

٢- بابەتە رامیاریەکان پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە لە لای ڕاگەیاندنکارە ئەردەنیەکان، و بابەتە مرۆڤایەتیەکان بە ئاستی دووەم و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بە پلەی سێیەم دێت.

٣- توێژینەوەکە ئەوەشی خستە رو کە دوارۆژی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان باشە  دەگاتە ڕێژەی (٣٩/٥%)، کە ئاستی مامناوەندە، کە دەگاتە (٢٤،٢%)و ئاستی(سست)ە، کە دەگاتە ڕێژەی(١٨،٢%).

٤- هەروەها هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ڕێکخستنی دۆسییە دیارەکان لە تۆرە بنکۆڵکاریەکان و نێوان ڕێکخستنی بایەخبەندی لە دۆسییە ڕاگەیاندنکارە ئەردەنیەکاندا نیە.

**٦/ توێژینەوەی: بشری ٢٠١٦**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە،بە ناونیشانی(**معوقات الصحافة الاستقصائية العراقية**) لە لایەن توێژەرانی عێراقی (بشرى حسين الحمداني)ەوە پێشکەش بە سێیەم کۆنگرەی زانستی (نحو رؤية مستقبلية لبناء اعلام مسئول) توێژینەوەکە هەوڵی داوە ئاشنابێت بە (ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری عێراقی) بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، هاوکات توێژینەوەکە، وەسفییە بە ڕێکاری ڕوپێوی پاڵپشت بە ئامرازی ڕاپرسینامە ئەنجامدراوە و توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین لە: زانینی هۆکار و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە عێراقدا. لە تێروانینی ئەو ڕۆژنامەوانانەی لەم بوارەدا کار دەکەن

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:**

١- ئاستەنگی یاسایی لە بەردەم ڕۆژنامەوانان و نەبوونی یاسایی تایبەت بە پاراستنیان، کاتێک دوچاری مەترسی دەبنەوە.

---

[1] بشرى حسين الحمداني، معوقات الصحافة الاستقصائية العراقية، بحث مقدم للمؤتمر العلمي الثالث، نحو رؤية مستقبلية لبناء اعلام مسئوول، بغداد، الجامعة العراقية، كلية الاعلام، نيسان، ٢٠١٦.

٢- سەختی گەیشتن بە زانیاریەکان، یەکێکە لەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، کە یەکێکە لە گەورەترین ئەو کێشانەی روبەروی رۆژنامەوانی بنکۆڵکار دەبێتەوە.

٣- نەبوونی پاڵپشتی دارایی لە لایەن دامەزراوە رۆژنامەگەریەوە بۆ ئەو رۆژنامەوانانەی کە کاریی بنکۆڵکاری ئەنجامدەدەن

٤- بوونی بەربەستی کەسیی، کە خۆی لە لاوازی ئاستی پیشەیی رۆژنامەوانان دەبینێتەوە.

٥- ئاستەنگی ژینگەی کار، کە ئەویش پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسیی و ئەمنی و نەبوونی دیموکراسی.

**٧/ توێژینەوەی: محمد/ ٢٠١٥**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریە. بە ناونیشانی (**واقع الصحافة الاستقصائية في الصحف الفلسطينية**) توێژەر لە هەوڵی ئاشنابوونە بە (**دۆخی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە رۆژنامە فەلەستینیەکان).** بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکە لە توێژینەوە وەسفیەکانە بۆ لایەنە کرداریکەشی پشت بە رێکاری روپێوی بە ستراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی شیکردنەوەی ناوەرۆک هاوکات توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

زانینی ئاستی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە رۆژنامەی فەلەستینیدا، هەروەها.زانینی ئەو پرس و بابەتانەی کە لە رۆژنامەکاندا، بنکۆڵکاریان لەبارەوە ئەنجامدەدرێن و. زانینی سەرچاوەکانی زانیاری لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدا .

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:**

١-زۆربەی رۆژنامەکان کاری بنکۆڵکاری لە بارەی پرسە ئابوورییەکانەوە ئەنجامدەدەن، ئەویش دەگەرێتەوە بۆ دۆخی ئابووری لە کۆمەڵی فەلەستینیدا.

٢- پاڵنەرەکانی رۆژنامەوانان بۆ ئەنجامدانی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، لە ئەنجامی پێویستیی کۆمەڵ لە روبەروبوونەوەی گەندەڵی و ئاشکرا کردنی لایەنی کەمتەرخەم لە بواری کارگێری، سەرچاوە دەگرێت.

٣-زۆرینەی رۆژنامەوانان خولی راهێنانی تایبەتیان لەبارەی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریەوە بینیوە.

---

[1] محمد صابر العبد الشرافي، واقع الصحافة الاستقصائية في الصحف الفلسطينية، رسالة ماجستيرغير منشور، كلية الاداب، جامعة الاسلامية، غزه، ٢٠١٥.

٤-ئەو گرفتانەی روبەروی رۆژنامەگەریی بنکۆلکاری دەبنەوە لە فەلەستین، خۆی لە کەمیی کادری رۆژنامەنوس و لاوازیی لایەنی ماددی و دابەشبوونی سیاسی و نەبوونی یاساکە، کە مافی بەدەستهێنانی زانیاری زامن بکات.

**٨/ توێژینەوەی: حسین/ ٢٠١٣[1]**

ئەم توێژینەوەیە تێزی دکتۆرایە لە ساڵی(٢٠١٣)دا بە ناونیشانی (الصحافة الاستقصائية كنمط المتحدث في الصحافة العربية)

هاوکات توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە پاڵپشت بە ڕێکاری روپێوی بە پشت بەستن بە ئامرازی گفتوگۆی چڕ، هاوکات توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین لە: چاودێری بوونی پەیرەوکردنی رۆژنامەنووسیی بنکۆلکاری لە رۆژنامەنوسیی میسری و ئەو گرفتانەی کە روبەروی رۆژنامەنوسیی بنکۆلکاری دەبێتەوە لەکاتی کارکردندا.و هەوڵدان بۆ زانینی تێروانینی ئایندەی ئەم جۆرە رۆژنامەنوسیە لە روانگەی دەستەبژێرێک لە رۆژنامەنوسان و بەرپرسانی رۆژنامەکانەوە.

**توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەشتوە یە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان بریتین لە:**

١- رۆژنامەنوسانی بنکۆلکار کۆکن لە سەر ئەوەی یاساکانی رێکخستنی کاری رۆژنامەنوسی کاریگەری خراپیان بەجێهێشتوە.

٢- دەرهاویشتەی بارودۆخی یاسادانان ئاستەنگێکە لە بەردەم رۆژنامەنوسانی بنکۆلکار لە سەرجەم قۆناغەکانی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنوسیی بنکۆلکاری.

٣- بژاردەی پیشەیی و ئەکادیمی جەختیان کردۆتەوە، لە چوارچێوەی ئەو سیستمە سیاسیە کە پشت بە هەژمونی سیاسی دەبەستێت مەودای ئازادی سنوردار دەکات، ئایندەی رۆژنامەنوسیی بنکۆلکاری گەشەکردو نابێت.

---

[1] حسين محمد ربيع عثمان، الصحافة الاستقصائية كنمط المتحدث في الصحافة العربية: دراسة للواقع و الاشكاليات مع رصد توجهات النخب المهنية و الاكاديمية نحو مستقبل هذا النمط من الصحافة المصرية، رسالة دكتورا غير منشورة، جامعة المينا، كلية الاداب، قسم الاعلام، ٢٠١٣ .

**سێیەم/ توێژینەوە بیانیەکان:**

**یەکەم: توێژینەوە فارسیەکان**

**١/توێژینەوەی: بیلال/٢٠١٤**(1)

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مەیدانیە، بە ناونیشانی(**موانع چالش های روزنامەنگاری تحقیقی در کردستان عراق**) لە لایەن توێژەری کورد (بیلال محمد مجید)ەوە، توێژەر هەوڵیداوە تیشکبخاتە سەر ناسینەوەی (گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان) بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، هاوکات توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفییە بە رێکاری روپێوی، پاڵپشت بە ئامرازی چاوپێکەوتن توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگترینیان کە بریتیە لە: زانیین و ناسینەوەی گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا لە روانگەی رۆژنامەوانانی هەرێمەوە، لەگەڵ زانینی ئاستی ئاشنابوونی رۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان بە مۆدێلی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.و زانینی ئاستی گرنگییدانی رۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتون:**

١-یەکێک لە ئاستەنگەکانی نەبوونی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا دەگەرێتەوە بۆ بوونی رۆژنامەگەریی حیزبی و نەبوونی دامەزراوەی سەربەخۆیە.

٢- جێبەجێنەکردنی یاسای مافی بە دەستهێنانی زانیاری، بە یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم مۆدیلەی رۆژنامەگەری دادەنرێت.

٣-هێشتا ئەم مۆدیلە رۆژنامەگەریە لە ناو رۆژنامەوانان و بەرپرسانی دامەزراوە میدیاییەکان بە باشی نەناسێنراوە.

**دووەم: توێژینەوە بیانیە ئینگلیزیەکان:**

**٢/توێژینەوەی: Samuel /٢٠١١**(2)

ئەم توێژینەوەیە، ماستەرنامەکەیە لە لایەن توێژەری مالیزی (Samuel Ihediwa)ەوە، لە ساڵی (٢٠١١)دا، بە ناونیشانی **(Investigative Journalism in Malaysia, A study of two English Language Newspapers)** بەواتایی(رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە مالیزیا، لێکۆڵینەوە لە هەردو

---

1 بیلال محمد مجید، موانع چالش های روزنامەنگاری تحقیقی در کردستان عراق، پایان نامە کارشناسی ارشد رشتە علوم ارتباطات اجتماعی گرایش روزنامەنگاری، دانشکدە علوم اجتماعی وارتباطات، علامە طباطبایی، ١٣٩٤ .

2 Samuel Ihediwa, Investigative Journalism in Malaysia, A study of two English Language Newspapers, Paper Presented to: International Conference on,Malaysia, Social Science and Humanity ,Ipedr, 2011.

رۆژنامەی بەرهەمهێن بە زمانی ئینگلیزی)، ئەنجامدراوە. توێژەر بە ئامانجی دەرخستنی ئاستی روماڵکردنی بنکۆڵکاریە لە هەردوو رۆژنامەی دەرچو بە زمانی ئینگلیزی لە مالیزیادا .هاوکات توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، بە رێکاری روپێوی پاڵپشت بە ئامرازی شیکارینامە شیکردنەوە بۆ بۆ ناوەرۆکی هەردو رۆژنامەکە کراوە، کە بەرهەمدەهێنرێت بە زمانی ئینگلیزی لە مالیزیا لە ماوەی (٢٠٠٤، ٢٠٠٥)، لەگەڵ بەکارهێنانی راپرسینامە کە دابەشکرا بە سەر (٥٠) رۆژنامەنوس.

توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا کە گرنگترینیان بریتیە لە: زانینی ئاستی رۆماڵکردنی بنکۆلکاری لە هەردو رۆژنامەی (star) و

New strait time) دیار و پێشەنگ لە مالیزیا. لە ماوەی دەرخستنی گرنگیپێدانی رۆژنامەنوسان لە نوسینی بنکۆلکاری و دۆسییە بنکۆڵکاریەکان بەپاڵپشتی ئەو تەکنیکەی کە بەکاردەهێنرێت لە کۆکردنەوەی زانیاری.و زانینی ئەو ئاستەنگانەی کە روبەروی رۆژنامەنوسانی بنکۆڵکاری دەبێتەوە، بە شوێنکەوتن و رەچاوکردنی ئاراستەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەشتوە:**

١-روماڵی بنکۆڵکاری ژمارەیەکی کەمی تۆمارکردوە لە ماوەی دیاریکراو کە دەگاتە (٧) روماڵی بنکۆڵکاری لە رۆژنامە(New strait time) و (٦) روماڵی بنکۆڵکاری لە رۆژنامەی(star).

٢-ئاستەنگی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە مالیزیا بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ رادەی ئاستەنگی ئازادی رۆژنامەگەریی ناوچەکە و ئاسایشی ناوخۆ و یاسایی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و چاودێری ناوخۆی دەزگای رۆژنامەوانیەکە.

## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشووو

**بە بەراوردکردنی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووو ئەوەمان بۆ روندەبێتەوە:**

توێژەر لەم توێژینەوەی لە هەوڵی ئەوەدایە کە تاوتوێ ئەو توێژینەوانە بکات کە تارادەیەک لەم توێژینەوەیە نزیکن هەروەها خاڵە جیاکاریەکانیش دەخاتە رو بەپێی ساڵی ئەنجامدانیان لە نوێترینەوە بۆ کۆنترین لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەی کە پێیگەشتون.

بەگەرانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، بە شێوەیەکی گشتی ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری بنکۆڵکاریدا ئەنجامدراوە توێژەر توانی سیازدە توێژینەوە بخاتە رو، کە سێ توێژینەوەیان کوردین و هەشت توێژینەوەیان عەرەبیە و یەکێکیان فارسی و یەکێکیتریان ئینگلیزیە.

**توێژەر لە چەند لایەنێکەوە سودی توێژینەوەکانی پێشوو دەخاتە ڕو:**

**لایەنی یەکەم**: تایبەتە بە و دەستەواژە و زاراوانە، کە توێژینەوەکانی پێشوو پێشکەشیان کردوە. کە یارمەتیدەری توێژەر بوون لە چوارچێوەی بوونیادی زانستی توێژینەوەکە، سەرەتا بە چەمک و دەستەواژەی تایبەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە وێشەوە دیاریکردنی ئەو پرنسیپ و بنەمایانەی کە بەسەریدا جێبەجێدەبێت، لە بەر روشنایی شوێنپێکەوتنی هەر لە سەرەتایی دەرکەوتن و گەشەکردنی بەپێی قۆناغەکانی تا ئەو ڕادەیەی کە لە توانای توێژەردایە بۆ پراکتیزەکردن و برەوپێدانی لە شێوازی تەوەر و پرسیار و برگەی تایبەت، کە لە ڕێبەر و ناوەڕۆکی راپرسییەکەدا هاتوە.

**لایەنی دووەم:** سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، کە خۆیدەنوێنێت لە نوێنەرایەتیکردنی توێژەر لە درکپێکردن بە گۆراوی توێژینەوەکە، سەبارەت بە (دەرفەت و ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان)دا، بۆ رونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە لە لایەک هەروەها سود وەرگرتن لە و دەرئەنجامانە، کە پێیگەشتون بۆ داڕشتنەوەی و چەند خاڵ و لایەنێکی پەیوەست بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ڕوی گرنگی و ئامانجەوە.

**لایەنی سێهەم:** نمونەیەکی تری سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، روکارە مەیدانیەکەیەتی، کە زۆرینەی توێژینەکان ئەنجامیان داوە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو، کە تیشک دەخاتە سەر جۆری توێژینەوەکە و شێواز و ئامرازی گونجاو و هاوکێشە ئاماریەکان و پراکتیزەکردنی بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان کە ئاماژەیە بۆ ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوە.

**هاوكات ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەكانی دیكەدا لە چەند رویەكەوە جیاوازن، كە لە ڕوی كات و جۆری توێژینەوە و ئامانج و ئەنجامەوە دەتوانیین بەراوردیان بكەین.**

**١-لە ڕوی كاتەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەراورد بە توێژینەوەكانی دیكە لە روی كاتەوە لەگەڵ سەرجەمیاندا جیاوازە.

**٢- لە روی جۆری توێژینەوەكە**، ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ زۆرینەی توێژینەوەكان بە جیاوازی ئاستەكانی زمانی كوردی و عەرەبی بیانییەوە، هاوشێوەیە و توێژینەوەیەكی وەسفیە هاوكات، لەگەڵ توێژینەوەی (حسێن، ٢٠١٣)، ەوە، جیاوازە لە جۆری توێژینەوەكە، لەبەر ئەوەی توێژینەوەی ناوبراو، میتۆدی بەراوردكاری بەكارهێناوە.

**٣-لە روی ئامانجەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەریەكە لە توێژینەوەكانی (Samuel، بیلال، لدمیة العابدي، زینب مهیة، بشری، حسێن، دەشتی، روان)خاڵی لێكچو و هاوشێوەیان هەیە، هاوكات لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەكانی، (راندا، محەمەد نافذ، ریاض، ئاشتی، ئەرشد)، و لە پێكانی ئامانجدا جیاوازن هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ دید و تێڕوانینی توێژینەوەكە و جیاوازی ئاراستەكانیان لە بەدیهێنانی ئامانجەكان.

**٤- لە ڕوی ئامرازی توێژینەوەكە:** ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەریەكە لە توێژینەوەكانی (محەمەد نافذ، بشری، Samuel، دەشتی، ئەرشد، لدمیة العابدي، زینب مهیة، روان)، هاوشێوەیە لە ڕوی بەكارهێنانی ئامرازی ڕاپێوینامە و هاوكات جیاوازە لەگەڵ هەریەكە لە توێژینەوەكانی (ئاشتی، ریاض، محەمەد)، ئەم توێژینەوانە ئامرازی شیكردنەوەی ناوەڕۆكیان.

**٦-لە روی ئەنجامەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەریەكە لە توێژینەوەكانی (حسێن، راندا، ئەرشد، ریاض)، ئەنجامەكان یەک ناگرێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجامانەی كە توێژینەوەكانی دیكە پێیگەشتون هەڵقوڵاوی كێشەكەیەتی. هاوكات لەگەڵ هەریەكە لە توێژینەوەكانی(لدمیە العابدی، زینب مهیة، روان، محەمەد نافذ، بشری، محەمەد، بیلال، ) چەند دەرئەنجامێكی لێكچویان هەیە. ئەو دەرئەنجامانەی كە توێژینەوە ناوبراوەكان پێی گەشتوون بەپێی ریزبەندیان بریتین لە:

١-سەختی گەیشتن بە زانیاریەكان، یەكێكە لە و ئاستەنگیانەی دێتە بەردەم رۆژنامەوانانی ئێزگەیی، لەگەڵ گرنگترین ئەو دۆسێیانەی، كە رۆژنامەوانان روبەروی ئاستەنگی دەكەنەوە، بابەتی گەندەڵی كارگێریە، هەروەها دابینەكردنی دارایی پێویست لە لایەن دەزگای ئێزگەیی بۆ كاری بنكۆڵكاری، كە هۆكاری سەرەكیە بۆ روبەروبوونەوەی رۆژنامەوانان بە ئاستەنگی دارایی. یەكێكە لەو دەرئەنجامانەی، كە توێژەران( لدمیة العابدی و زینب مهیة) پێیگەیشتوون هاوتایە، لەگەڵ ئاستەنگە بابەتی وخودییەكانی، كە توێژەر پێیگەشتووە.

٢- ئاستەنگی زۆر هەیە روبەروی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەبێتەوە لەگەڵ کەمی راهێنان لە بواری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری کە دەستەبەرنەکراوە بۆ رۆژنامەوانان. ئەم دەرئەنجامانەی توێژەر(روان) پێیگەشتووە یەکدەگرێتەوە، لەگەڵ ئاستەنگە خودییەکان کە توێژەر لەم توێژینەوەیە پێیگەشتووە.

٣- گرانی بەدەستگەیشتنی سەرچاوەی زانیاری ئەمەش هۆکارە بۆ بەزاندنی سنورەکان.ئەم دەرئەنجامەش توێژەر(محمد نافذ) پێیگەشتووە، یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئاستەنگی لە بەدەستگەشتنی زانیاری، کە توێژەر پێیگەشتووە.

٤- سەختی گەیشتن بە زانیاریەکان، یەکێکە لەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری یەکێکە لە گەورەترین ئەو کێشانەی روبەروی رۆژنامەوانی بنکۆڵکار دەبێتەوە، هەروەها نەبوونی پاڵپشتی دارایی لە لایەن دامەزراوە رۆژنامەگەریەوە بۆ ئەو رۆژنامەوانانەی کە کاریی بنکۆڵکاری ئەنجامدەدەن. ئەم دەرئەنجامەی توێژەر(بشری) پێیگەشتووە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئاستەنگە بابەتیەکانی توێژەر کە لەم توێژینەوەیە پێیگەشتووە.

٥- ئەو گرفتانەی روبەروی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لاوازیی لایەنی ماددی و نەبوونی یاساکە بۆ ئەوەی مافی بەدەستهێنانی زانیاری زامن بکات. .ئەم دەرئەنجامەی توێژەر(محەمەد) پێیگەشتووە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئاستەنگە بابەتیەکان توێژەر لەم توێژینەوەیە پێیگەشتووە.

٦- جێبەجێنەکردنی یاسای مافی بە دەستهێنانی زانیاری، بە یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم مۆدیلەی رۆژنامەگەری دادەنرێت. ئەم دەرئەنجامەی توێژەر(بیلال) پێیگەشتووە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئاستەنگە بابەتیەکان، کە توێژەر لەم توێژینەوەیە پێیگەشتووە.

## باسی سێهەم: تیۆری برەودان

### یەکەم: دەروازەیەک بۆ سەرهەڵدانی تیۆری برەودان

بێگومان تێڕوانینێکی ڕێژەی هەیە لە نێوان زانایانی بواری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە دەرکەوتنی چەمکی برەودان وەک چەمکێکی زانستی و سەربەخۆ و جێگیر، گرنگپیدانی جیهان بە دیاردەکان، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە و ماوەیەدا چالاکیەکی گەورە دەرکەوت لە سەر دەستی پسپۆڕانی ڕۆژئاوا لە گرنگپیدان و نەخشەکێشان و هێڵکاری لە بواری گەشە. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستبوو بە بەقۆناغی هەرەسهێنانی قۆرغکاری و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو لە زۆرێک لە وڵاتانی ژێر دەستە، کە لە سەدەی نۆزدە و بیستەهەم کە داگیرکاری سەپاندبووی.[1]

وردە وردە تا دەهات جوڵە و بزوێنەرەکان بەرەو برەودان لە زیادبووندا بوو بە تایبەت ئەم دیاردەیە بە ڕونی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بە ڕونی دەرکەوت لە نێو وڵاتە سەربەخۆکان، کە دواجار بە هۆی پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە بووە هۆی برەودانی قوتابخانەی بیرۆکەی برەودان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قوتابخانەیە بووە ناوەندی یەکگرتنەوەی لێکۆڵەران لە ڕێکخراوی جیاوازی زانستی و کۆمەڵایەتیەوە لە ژێر چەتری یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی یەکگرتو، هاوکات هەر لە هەمانکاتدا (سەردەمی زێرین) دەستپێکرد بۆ قوتابخانەی برەودان، کە لە دوای ساڵانی ١٩٤٥ بەردەوام بوو تاوەکو شەستەکان سەدەی بیستەهەم، بەڵام لە حەفتاکان جارێکی دیکە هەتا دەهات پاشەکشەی کرد و جەماوەری تا دەهات کەمی دەکرد.

هاوکات بیرۆکەی برەودان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەر ئاستی نەتەوەی و نیودەوڵەتی خۆی نواند و کاریگەری لە سەر بنیادنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەجێهێشت، لەوانە سیستەمی ڕاگەیاندن، کە ئامانج و سیاسەتی دیاریکرا، بە شێوەیەکی گشتی ئامانج و مەبەستی خزمەتکردن بوو بە برەودان. بەو پێیەی، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، شێوەیەکە لە شێوازەکانی ڕۆشنیرکردن و ڕێنماییکردن و ئاراستەکردن و فیرکردن، کە ئامانجی سەر لە نوێ بنیادنانەوەی نەتەوە و هاوڵاتی لە ماوەی بەرنامە برەودانە یەکبەدوایەکەکان. لێرەوە ڕاگەیاندنی برەودان خۆی سەپاند لە نێو ئەدەبیاتی سیستەمی ڕاگەیاندن، بەراورد بە

---

[1] محمود عبد الفصيل، الفكر الاقتصادى العربى وقضايا التحرير والتنمية والوحدة، ط٢، (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٨٥)، ص٥٣

هەر چوار سیستمە باوەکان (سیبرت)* و هاوەڵەکانی پێشنیاریان کرد لە ساڵانی(١٩٥٦) دا، لێرەوە (دینس ماکویل**)، تیۆری برەودانی زیاد کرد بۆ چوار سیستەمە باوەکانی راگەیاندن.(1)

هەروەها (ماکویل) هەوڵیدا بۆ دەستنیشانکردن و ناسینەوەی دۆخی راگەیاندن لە وڵاتە دواکەوتوەکان، کە ئەرکی ئامرازەکانی راگەیاندن سنوردار بوو تێیدا، بە شێوەیەکی گشتی کەڵکی لێوەرگرت بۆ کارپێکردن لە وڵاتە پێشکەوتوەکان. هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ بارودۆخی تایبەت بە وڵاتان، لە روی جێبەجێکردنەوە سنوردارکراوە ، لە گرنگترینیان نەبوونی مەرجی بنەڕەتی بۆ راگەیاندنی گەشەکردو، وەک پشتبەستن بە وڵاتە پێشکەوتوەکان لە ڕووی گەشەی تەکنەلۆجیەوە بۆ بەرهەمهێنانی رۆشنبیری لەگەڵ دانانی گەشەی سیاسی و ئابووری وەک گرنگیەکی سەرەکی کە سەرجەم دامەزراوەکان کاری لە سەر دەکەن. بەم شێوەیە راگەیاندن لە و وڵاتانە بە راگەیاندنی دواکەتوی ناو زەند دەکرێت، وە کار دەکات بە چوارچێوەیەک لە سەر بنەمای تایبەت بە دەسەڵات و یاخود تیۆری لیبرالی سەرباری ئەوەی رێگە بە بوونی دیموکراسی نادات تەنها لە ئاستێکی کەمدا نەبێت بەپێی بارودۆخی باو و سەروەر لە هەمانکاتدا هاوکاری دەخولقێنێ لە نێوان ناوەندە جیاوازەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی برەودان لە رێگەی پشتگیری و هەوڵ و ماندوبوونەوە، پێویستە لە سەر هەندێ بنەمای تایبەت بە دەسەڵات و تیۆری لیبرالی کاربکات.(2)

**دووەم: بیرۆکەی ئەم تیۆرییە لەم چەند خاڵەدا روندەکرێتەوە**

١- قایلبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن بە جێبەجێکردنی ئەرکی ئەرێنی گەشەکردو و گونجاو لەگەڵ سیاسەتی نەتەوەی.

٢- ملکەچبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن بەو پێوەدانگانەی کە لە لایەن بەراییە سیاسیەکان وەک پێویستیەکی گەشەکردو دەیسەپێنن لەکۆمەڵدا.

٣- پێویستە ئامرازەکانی راگەیاندن لەگرنگی ئەوەی کە پێشکەشی دەکات ئاراستەی وڵاتە دواکەوتوەکان بکات کە لە روی سنوری جوگرافیا و رۆشنبیری و سیاسیەوە نزیکن.

---

* (سبیرت): ڕاگەیاندکارێکی ئەمە ریکی بووە لە ساڵی (١٩٥٦) رۆڵێکی سەرەکی گێراوە لە گەڕان بە دوای بنەما تیۆرییەکان

** (دینس ماکویل): زانایەکی کۆمەڵناسی بەرەچەڵەک بریتانیە لە زانکۆی امستردام مامۆستا بووە، بەپێشەنگی زانایان دادەنرێت لە بواری پەیوەندی جەماوەری.

[1] محمد عبد الحمید، النظریات الاعلام و اتجاهات التاثیر، ط[3]، ( قاهیره: عالم الکتب، جامعه الحلوان، ٢٠٠٤)، ص٤٢٩-٤٣٠

[2] محمد عبد الحمید، النظریات الاعلام و اتجاهات التاثیر، المصدرالسابق، ص٤٢٩-٤٣٠

٤- پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیاندا، گرنگی بە برەودانی نەتەوەی بدەن.

٥- پێویستە ڕۆژنامەوانان و ڕاگەیاندنکاران خاوەنی بەرپرسیارێتی و ئازادیبن لە کاتی کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکان.

٦- دەوڵەت مافی پابەندکردن و چاودێری چالاکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیە بە ئامانجی برەودان.[1]

**سێیەم: چەمک و پێناسەی تیۆری برەودان:**

سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چونە ناو بابەتەکەوە پێویستە ئاماژە بە تیۆر بدەین بەو پێیەی کە پێناسەی زۆر و جیاوازی بۆ کراوە واتا: هەندێک وایدەبینن، کۆمەڵێک گریمانە کە لە ڕێگەیانەوە بە ئەنجامەکان دەگەیت. هەندێکی تر وایدەبینن کێشەیەکە ڕاستیەکەی دەسەلمێنرێت بە بەڵگە، بەڵام لە لایەنە فەلسەفەیەکەیدا وا دەبینرێت کە دەستەیەکە لە ڕاوبۆچون، بۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوە.[2]

هاوکات بۆ تێگەیشتن لە برەودان لە ڕوی زمانەوانیەوە: لە پوختەی بە ئاگابوون لە فەرهەنگە کوردیەکان برەودان، لە وشەی سەرەکی (برەو)ەوە دێت بە مانای (بەرزبوونەوە، باو، بایەخپێدان) دێت، هەروەها بە مانای (برەودان بە کەسێک، برەودان بەشتێک)دێت. هەروەها بەواتای برەوسەندنیش دێت.[3] لە زمانی عەرەبی وشەکە بە واتای (زاد، تطور، او ارتفع) بنچینەی وشەکە لە (نما، ینمو، نموا) دێت، بەواتای زیادبوون، بەرزبوونەوە.[4]

هاوکات لە زمانی ئینگلیزی بەرامبەر وشەی (Develop،Grow)، دێت.[5]

برەودان لە ڕوی دەستەواژەوە: سەرەڕای چەندین پێناسە لە لایەن لێکۆڵەران و پسپۆران لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە لێکدراوەتەوە، لە هەمانکاتدا پێناسەیەکی یەکانگیر نیە لە سەر ناساندنی ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تێروانین و بیروبۆچونەکان، ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە کە لە ئارەزومەندیەوە بەرەو ڕەوایەتی و حەق دەیبات، ئەویش ئەوەیە برەودان کردەیەکی گۆڕاوی کۆمەڵایەتیەوە، بە ئامانجی گۆڕینی تایبەتمەندی و ڕێکخستن و ڕازاندنەوە و ئەرکی

---

[1] کمال الحاج، نظریات الاعلام و الاتصال، (بیروت: من منشورات جامعة الافتراضیة السوریة، ٢٠٢٠)، ص١٨٤

[2] وهیبة بشریف، نظریة الغرس الثقافي: قراءة في سیاق الجزائري،(جزائر: جامعة باتنة، ٢٠١٥)، ص٣٧

[3] جیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان ( کوردی، کوردی ) چ٢، (هەولێر: چاپخانەی پەروەردە دەزگای ئاراس، ١٩٩٩)، ل١٠٢

[4] لویس معلوف، المنجد فی اللغة، ط،١٩ (بیروت: المطبعة الکاثولیکة، مجلد١، ٢٠١٠)، ص٨٤٠

[5] زانەر محەمەد، فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، (سلێمانی: کۆمپانیای گۆڵدن بووک بۆ بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١)، ل٣٢٩.

دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانە لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان، لە لایەکی دیکەوە برەودان بە واتای: پرۆژەیەکی رۆشنبیری پێچراو و رازێنراو بە برەودان و نوێبوونەوە لە رۆژئاواوە بە بەهانە و پاکانەی شارستانێتیەوە.[1]

یاخود دەوترێت کردەیەکی مەبەستدار و هەستپێکراوە، ئاڵۆز و دوور و درێژ و گشتیگیرە، خۆی لە رەهەندەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژی و رۆشنبیری و راگەیاندن و ژینگەیی دەبینێتەوە.[2]

هەروەها پەرەپێدان پێناسە کراوە بە: برەودانێکی نەخشە بۆ کێشراوە لە سەر بنچینەیەکی زانستی ڕەهەندەکانی دەپێورێن بە پێوەری زانستی ئیتر ئەم پەرەپێدانە گشتگیر بێت یان تەواوکاری بێت یان لە لایەنێک بێت لە لایەنەکان وەک: لایەنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی وەک پەرەپێدانی پیشەسازی یان کشتوکاڵی، دەتوانین بڵێین پەرەپێدان گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نەخشە بۆ کێشراوە مرۆڤ پێیهەڵدەستێت بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا لە بارێکەوە بۆ بارێکی باشتر گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستی و توانا ئابوورییەکان و کۆمەڵایەتیەکان و هیزرییەکان.[3]

هاوکات تیۆری برەودان وا پێناسە کراوە لەلایەن (عبدالنبی عبدالله الطیب)ەوە: تیۆرێکی دیاریکراو تایبەتمەندە بە چارەسەرکردنی برەودان لە وڵاتە دواکەوتوەکان، گەرچی ئەم کارە بە ئەنجام ناگات بەبێ درککردن و ناسینی تیۆرەکان کە چارەسەری برەودان دەکەن لە وڵاتە پێشکەوتوەکان[4].

---

[1] عدنان حسين عطية سالم، الفكر العربى التنموى فى ظل العولمة، متطلبات درجة ماجستير قدمت الى الكلية دراسات العليا، في برنامج دراسات العربية المعاصرة، جامعة بيرزيت، فلسطين، ٢٠١٠، ص٢٧

[2] عاطف عدلي العبد، نهى عاطف العبد، العلام التنموى و التغيرالاجتماعى، الاسس النظرية و النماذج التطبيقية، ط٥، ( القاهيرة؛ دار الفكر العربى، ٢٠٠٧)، ص١٢

[3] محمد منير حجاب، الموسوعه الإعلاميه، ط٣ (القاهره: دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)، ص٨٣٤

[4]- عبدالنبى عبدالله الطيب، الاعلام و التنميه مشكلات و قضايا، نفس المصدر السابق، ص٥٨

**چوارەم: گریمانەی ئەم تیۆرییە لەم خاڵانەدا خۆی دەنوێنێت**

١- ڕێگاکانی برەودان گوزەر دەکات بە پێیی ئاراستەی ڕۆژئاوا، هەر بۆیە پێویست بە هەوڵ و کۆششی زیاتر دەکات بۆ گەیشتن بە شوێنکەوتوانی گەشە، لە هەمان ئەو ڕێرەوەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە سەری دەڕۆن.

٢- هەروەها تیۆریەکە جەختدەکاتەوە کە هۆکاری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکە ڕێگر و ئاستەنگە، بەراورد بە گەیشتن بە ئاستی ڕۆژئاوا، هەتا وەکو برەودان روبدات، پێویستە ئەو ئاستەنگ و ڕێگریانە لا بدەن، و لە بری ئەوان پابەندبن بە کۆمەڵێک لە بەهاو ڕێنمای و چوارچێوەی دیاریکراو بەم شێوەیە برەودانی کۆمەڵگەکان جیاوازە هەروەها دەرچون لەم کۆسپ وتەگەرانە، پێویستە پشت بە دۆسیەی ڕۆشنبیری باو ببەستی لە ڕێگای گرتنە خۆی بەهای برەودان لە ڕێگەی دوبارە بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوەی سەرمایەداری ڕۆژئاوای و برەودان دەتوانرێت بەدیبهێنرێت لە ڕێگای گواستنەوە و بە دەستهێنانی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری لە وڵاتانی پێشکەوتوەوە بۆ وڵاتانی دواکەوتو.[1]

**پێنجەم: هۆکاری سەرهەڵدانی تیۆری برەودان**

بێگومان سەرهەڵدانی تیۆری برەودان دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارە، کە بەرپرسی یەکەمن لە سەرهەڵدانی تیۆریەکە، کە گرنگترینیان لە چەند خاڵێکدا ڕوندەکرێنەوە:

١- کەلێنی ئابووری و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، کە دەرکەوتن پاش جەنگی دووەمی جیهانی بووە هۆی پەیدابوونی کاردانەوەی ئابووری و دەرونی و ڕۆشنبیری لە لایەن دانیشتوانی ئەورووپاوە وایکرد، کە زانایان ئاورێک لە چەمکی بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندن بدەنەوە بۆ بووژاندنەوەی ئەو وێرانکاریانەی، کە شەڕ خولقاندبووی.

٢- سەربەخۆبوونی زۆرێک لە وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی باکوری جیهان، هاوکات ئەم کۆمەڵە نوێیانە بە دەست کەلێنی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتیە دەیاناڵاند، بەراورد بە وڵاتانی باشور، لێرەدا پێویستبوونی دەرکەوتنی ڕاگەیاندن وەک چارەسەریەک بۆ ئەو گرژییە.

٣- کەڵەکەبوونی زانستی لە توێژینەوەی ڕاگەیاندا و دەرکەوتنی ناوەندی توێژینەوەی تایبەتی، کە خوێندنەوە بۆ ڕاگەیاندن و تاقیکردنەوە زانستیەکان دەکات، کە بە کەڵکە بۆ ڕاگەیاندن و، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لە سەر جۆرێتی ژیانی تاک و کۆمەڵ و ئاستەنگەکانی ڕاگەیاندن بۆ برەودان لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان.

---

[1] -عدنان حسين عطية سالم، الفكر العربى التنموى فى ظل العولمة، نفس المصدر السابق، ص٣٧

٤- دەرکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری بە رەگەزێکی بنەرەتی هەژمار دەکرێت لە راگەیاندندا کە وێنەی برەودانێ خێرا دەبەخشێت، کە بەسودە بۆ راگەیاندن، کە کاریگەرێتی خێراتر دەبێت بە داهێنانی تەکنەلۆجیا و برەودانی خێرا و دەرکەوتنی شاری گەورە و بە یەکداچونی بەرژەوەندی کۆمەڵ سەرەرای بەرژەوەندی تاکەکەسی، کە بووە هۆی گۆرانی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ.[1]

## شەشەم: رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن بەپێی تیۆری برەودان

ئامرازەکانی راگەیاندنی گەشەکردو بەرپرسیارن لە پێشکەشکردنی زانیاری راست، لە هاندان و بڵند راگرتن و درکپێکردنی جەماوەر و دەوڵەمەندکردن تێگەیشتنیان لە سیاسەتی برەودان، هاوکات توانای بەریەککەوتنی هەیە بە پێداویستیە بنەرەتیەکانی جەماوەر هەر لە ناسینەوە و دانانی گریمانە و چارەسەر بۆ ئەو دۆسێیە چارەنوسسازە گرنگانەی کە پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە لێرەوە راگەیاندنی کوردی لە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورە دەبینینەوە، لە پێشکەشکردن و ئاراستەکردن و بەشداریکردن لە سەرجەم دۆسێیەکان، سەرەڕای ئەو ئاستەنگییانە، کە روبەروی دەبێتەوە لە کاتی بە ئەنجام گەیاندنی کردەی برەودان و جێبەجێکردن و دروستکردنی راگەیاندنی گەشەکردو لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی بەرکەوتنی بە میکانیزمی دیاریکراو، ئەویش لە رێگەی رۆڵی برەودان و چۆنێتی رەخساندنی بۆ پێکهێنانی کارمەندی راگەیاندنی گەشەکردوی تایبەتمەند و چۆنێتی وەبەرهێنان نمونەی جیاواز لە ئامرازەکانی راگەیاندن و چۆنێتی دانانی لە پێناو بە جێهێنانی برەودانی گشتگیر لە هەرێم و پێدانی بایەخێکی راستەقینەی بە لایەنی راگەیاندن بۆ گوزەرکردن و بزواندنی برەودان بە مانا گشتیەکەی..[2]

لەلایەکی دیکەوە لە توانای ئامرازەکانی راگەیاندندایە ، کە تاک هۆگری تەکنیک و داهێنانەکان بکەن بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵیدا و ببێتە گۆرینی شێواز و هەڵسوکەوت لە شێوازێکی کلاسیکەوە بۆ شێواز و هەڵسوکەوتی نوێ و سەردەمیانە، هەروەها (شرام) سێ ئەرکی سەرەکی دەستنیشانکرد.

---

١- محمود محمد رياض عبد العال، مواضيع و بحوث السياسية، ٢٠٢١/١٠/١٥، (٦:٤٥pm)، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=524650

2- محمد ابراهيم محمد محمود، الاعلام التنموى، بحث مقدم من الباحث دكتوراة فى العلوم الاقتصادية والمالية، كلية الحقوق، جامعة الاسكندرية ،٢٠١٤، ص ١٠

١- ئەرکی راگەیاندن: کە خۆی لە دانانی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ زانیین و درککردن بە برەودانی نەتەوەی و بایەخدان بە و پێداویستیانەی، کە ڕوو لە گۆڕان و دەرفەتن، کە ئامرازەکانی راگەیاندن بانگەشەیی بۆ دەکەن ئەویش خۆی لە فراوانکردنی ئاسۆی رون دەبینێتەوە لە پێدانی دەرفەت بە تاک بۆ ئاگادارکردنەوەیان سەبارەت بەو بابەتانەی، کە پێشتر ئاشنا نەبوون و زانیاری و شارەزاییان دەربارەیان نەبووە، هەروەها جەختکردنەی ئامرازەکانی راگەیاندن لە گرنگیپێدان بە بابەتی دیاریکراو و گەیاندنی بە هەزاران کەس لە یەک کاتدا و خولقاندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گۆرینەوەی بیروڕا لە نێوان دانیشتوان لەگەڵ خولقاندنی بارودۆخێک، کە لە رێگەیەوە ئامرازەکانی راگەیاندن خزمەتگوزاریە گشتیەکان جێبەجێدەکات. کە ئاراستەکەی دواجار بەرەو برەودان هەنگاو دەنێت. ئەمەش بە هاندانی خەڵک بۆ کرانەوەیان بەرەو ژیانی باشتر و گەشەکردو بەبێ ئەم بارودۆخانە ئەوا کاری برەودان زۆر سەختە.

٢- ئەرکی سیاسیی: ئەم جۆرەیان دەستەبەر دەبێت لە ماوەی ئەو زانیاریانەی، کە بوار دەدات بۆ توانای بڕیاردان لە بارودۆخە سیاسیەکان و یاسا دەرکردن.

٣- ئەرکی بوونیادی کۆمەڵایەتی: ئەمەشیان لە رێگەی فێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵ و شارەزابوونیان بە بەها و داب و نەریتەکان، کە لەگەڵ کۆمەڵدا دەگونجێت.[1]

**حەوتەم: ئامانجەکانی تیۆری برەودان**

١- تێرکردنی پێداویستییە بنەرەتیەکانی زۆرینەی تاک و کۆمەڵ و بە بەدیهێنانی یەکتایی و چێژ بینین لە نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا.

٢- بەدیهێنانی تەواوکاری لە نێوان لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری بۆ کۆمەڵ بەو پێیەی لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەی برەودان لایەنەکان بۆلایەکدی شەپۆل دەدەن.

٣- باشکردنی بارودۆخی گوزەرانی و هاوکاری هاوکاری تاکەکانی کۆمەڵ بۆ زیادکردنی پاشەکەوتیان.

٤-ئامانجی برەودان، دڵنیابوونەوەیە لە هاوکاری نێوان دەسەڵات و دەستە و کۆمەڵەی ناوخۆی لە کۆمەڵدا.[2]

---

[1]- خلفلاوی شمس ضيات، دور الاعلام فی تحقيق التنمية، (جزائر: مجلة الحقيقة، العدد ١٩، جامعة احمد دراية، ٢٠١١)، ص٨

[2]- عبد النبی عبدالله الطيب، الاعلام والتنميه مشكلات وقضايا، نفس المصدر السابق، ص٣٠

**هەشتەم: تایبەتمەندییەکانی تیۆری برەودان**

١- برەودان تێگەیشتنێکە، کە زۆر قۆناغی ناهەمواری تێپەڕاندوە لە دامەزراندنی ئایدولۆجیا لە ماوەی قوتابخانە جیاوازەکاندا.

٢- ئەم چەمکە لە ناوەرۆکدا بۆ یەکێکی دی و نێوان نەوە جیاوازەکان هەنگاو دەنێت.

٣- پابەندبوونی ئەم چەمکە پێشتر تەنها بە لایەنی ئابووریەوە بووە، بەڵام دواتر تاقیکردنەوەکان ئەوەیان سەلماند، کە گەرچی هەندێ وڵات پاشخانی ئابووریان لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام، برەودانێکی راستەقینەییانە نییە هەر بۆیە رەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و رۆشنبیریان بۆزیاد کرد.

٤- لە توانای برەوداندا نیە ئامانجەکانی بەدیبهێنێت تەنها لە کاتی راگرتنی هاوسەنگی نەبێت لە نێوان هەر چوارلایەنە سەرەکی (سیاسی، کۆمەلایەتی، رۆشنبیری، ئابووری)کەی نەبێت[1].

**نۆیەم: هۆکاری هەڵبژاردنی تیۆری برەودان**

بێگومان هەڵبژاردنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تێۆرە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی تیۆرەکانی راگەیاندنەوە بە فەلسەفەی راگەیاند، کە تیۆری برەودان لە خۆی دەگرێت.کە ئەم تیۆرە لیکۆڵینەوە لە راگەیاندن دەکات.

٢- لە توانای ئامرازەکانی راگەیاندن کە تاک هۆگری تەکنیک و داهێنانەکان بکەن بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵیدا و ببێتە گۆرینی شێواز و هەڵسوکەوت لە شێوازێکی کلاسیکەوە بۆ شێواز و هەڵسوکەوتی نوێ و سەردەمیانە.

٣-هەروەها ئەم تیۆرە وایدەبینێت، کە هەتا وەکو برەودان روبدات، پێویستە ئەو ئاستەنگ و رێگریانە لاببرێت لە شوێنی ئەوان پابەند بین بە کۆمەڵێ بنەمای دیاریکراو.

٤- ئەم تێۆرە وایدەبینێت، کە پەیوەندیەکی دوولایەنە هەیە لە نێوان راگەیاندن و برەودان بەو پێیەی برەودان تەنها لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئاستی نەتەوەی و نێودەوڵەتی خۆی نانوێنێت، بەڵکو کاریگەری لە سەر بنیادنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێڵێت لە نێوەندیشیانە سیستەمی ڕاگەیاندن، گەرچی جەختدەکاتەوە لەوەی، کە هیچ سەرکەوتنێک بۆ کردەی برەودان نابینرێت تەنها بە دانانی راگەیاندنی گەشەکردو، تەواوکاری ستراتیژی برەودان نەبێت.

---

[1]- شيماء الزناتي، خصائص التنمية، ٢٠٢١/١١/٢، (٤:٣٠ pm) https://www.mqaall.com/development-characteristics

٥- هەروەها ئەم تیۆرە پێیوایە، کۆمەڵ بەبەردەوامی لە گۆڕاندایە و شێواز و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانیش بەردەوام جیاوازن و ئەگۆڕێن.

٦- گواستنەوەی شێواز وهەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی تازە لە کۆمەڵگەکانی ترەوە لە ڕێگای ئەوکەسانەوە دەبێت کە بەردەوام بە دوای ئامرازو شێوازی تازەدا ئەگەڕێن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لەلایان گرنگن و پێویستن بۆ ئەو قۆناغە( ئەمە زیاتر بەهەڵبژاردەی رۆشنبیری وشۆرشگێری وئەوانەی کە ئیمپاسییان زۆرە ئەنجام ئەدرێت).

٧- ئەو شێوازە کۆمەڵایەتیە نوێیانەش یارمەتی جەماوەر دەدات کە بگەن بە ئامانجەکانیان وناکۆکیش لە بەها ونەریتە خوازراوەکانیان نەبێت.

**دەیەم: ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی تیۆریەکە کراوە**

١- سەبارەت بەکۆمەڵە جیاوازەکان کردەی برەودان لە ڕێگەی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

٢- ئەو برەودان و پەرەپێدانە، کە روئەدات سەبارەت بەم کۆمەڵانە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە دەبێت، لە گەشەی بەردەوامیی و هەمیشەییدایە.

٣- ئامرازەکانی راگەیاندن لە توانایاندایە گۆران لە هەڵسوکەوتی تاکەکان بکەن و لەگەڵ ئاراستەکردنیان، هەروەها بوونی ژیری لە کاتی بڕیاردان و دامەزراندن، بوونی بووێری لە فراوانکردنی ئاسۆی تێڕوانین و دروستکردنی کەسایەتی سەردەمیانە.[1]

**یازدەیەم: چۆنێتی جێبەجێکردنی تیۆری برەودان لەم توێژینەوەیە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا تیۆری (برەودان)ی بەکارهێناوە، کە هاوکاربووە لە دیاریکردنی چوارچێوەی توێژینەوەکە هەروەکچۆن هاوکاری توێژەر بووە لە گەیشتن بە دەرەنجامی ورد و دروستی توێژینەوەکە،لە ڕێگەی دارشتنی پرسیارو برگەی ناو فۆرمی ڕاپرسیەکە، هەروەها دەرخستنی مەودای (ئاست، چۆنێتی)، برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لەلایەن دامەزراوە جیاوازەکانی رۆژنامەگەریەوە لە هەرێمی کوردستان دا.

تێوریەکە پاڵپشبووە بۆ پتەو کردنی توێژینەوەکە لەلایەک هاوکاریکردنی توێژەر بە و ئاستەی، کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری پێیگەشتوە، کە ئەمە کردەیەکی خۆرسک نیە، بەڵکو لە ئەنجامی گەشەی تەکنەلۆجیا، لەگەڵ کێبڕکێی و ململانێی بەردەوامی نێوان دەزگاکانی راگەیاندن

---

[1] -عزي عبدالرحمن، اثر الوسائل السمعية البصرية على نظام القيم وانماط الاستهلاك في المجتمع الريفي الوسطى، دراسة في اربع مجتمعات الكبرى برج بووعريريج، تلمسان، سكيكدة، غرداية، ( جزائر: مجلة للبحوث العدد (١) جامعة الجزائر، ١٩٩٣،١٩٩٢)، ص٤٤.

هاتۆتە کایەوە  بۆ پێشکەشکردنی باشتر لە بوارەکە بە جۆرێک لە توانایدایە زۆر سەردەمیانە تر و بە شێوەیەکی گەشەکردو تر پێداویستیەکان جێبەجێبکات، کە زۆر بە ورد و دروستی دەچێتە بنجو بناوانی بابەتەکان بۆ لێکدانەوەیان پاشان ئاشکراکردنیان بۆ کۆمەڵ، کە دواجار بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی دێتەوە.

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی دووەم: ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

### باسی یەکەم: دەروازەیەک بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

یەکەم: چەمک و پێناسەی بنکۆڵکاری

دووەم: بایەخ و گرنگی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

سێیەم: بەراورد لە نێوان ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەگەریی کلاسیک

### باسی دووەم: مێژوی سەرهەڵدان و ئامانج و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

یەکەم: مێژوی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەراست

دووەم: ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان

سێیەم : تایبەتمەندی و ئامانجەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

### باسی سێیەم: ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری(ئەرک، ئاکار، دەرفەت و ئاستەنگ)

یەکەم: ئەرکی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

دووەم: ئاکار لە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

سێهەم: دەرفەتی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

چوارەم: ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

## باسی یەکەم: دەروازەیەک بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

### یەکەم/ چەمک و پێناسەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری فەلسەفەی تایبەتی خۆی دەنوێنێت لە پانتایی رۆژنامەگەریدا. سەرەرایی گواستنەوەی راستیەکان و جۆرێتی جەماوەری تایبەتمەند، ئەو رۆڵە دیار و بەرچاوەی لە زۆرێک لە کۆمەڵەکاندا دەیگێرێت. بە ئامانج خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی و کار کردنە وەک چاودێرێک بە سەر دەسەلاتدا، لەگەڵ وروژاندنی چەند بابەتێکی دیکەی گرنگ کە پەیوەستە بە ژیانی خەڵک بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەریان بە تایبەتی لە و ناوچانەی کە دەناڵن بە دەستچەقبەستویی لە بەدەستهێنانێ زانیاری، کە دواجار هۆکارە بۆ پێکهێنانی رایگشتی و ناچارکردنی دەسەلات لە زۆرێک لە ولاتان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، و جێبەجێکردنی یاسا.[1]

هاوکات رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هاتوە بۆ ئەنجامدانی کاری جیاواز تر بە فەلسەفەیەکی نوێ لە کاری رۆژنامەگەریدا و کارکردنێکی بوێرانە بۆ بەدەستهێنانی مافی گشتی. بەو پێیەی راستیەکان دەردەخات، کە شاراوەن یان مەترسیدارن.[2]

لە کاتێکدا بنکۆڵکاری لە بەرزترین ئاستی پیشەی رۆژنامەگەریی و لە هەمانکاتدا دژوارترینیان هەژمار دەکرێت، بۆ تێگەیشتن لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری سەرەتا پێویستە تێگەیشتنی بنەرەتی و جیاکاری تەواو هەبێت دەربارەی چەمکی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

"هاوکات رۆژنامەگەریی ئازاد بە بەردی بناغەی بوونیادی کۆمەڵی دیموکراسی دادەنرێت کە بەندە لە سەر بنەمایەکی رۆشن و کارکردن بە باوەڕەوە لە چاودێریکردن و لێپرسینەوە بۆ خستنەروی ئەو بابەتانەی، کە دەسەلات بە بەردەوامی هەوڵی شاردنەوەی دەدات ئەمەش لە کاتێک دەبێت، کە رۆژنامەوان زمانحاڵ و بەتەنگهاتنەوە و وەفای بۆ خەڵک هەبێت نە وەک دار دەستێک بێت بۆ دەسەلات و هاوبەشەکانی".[3]

لە روی چەمکەوە وشەیەکی لێکدراوە، لە هەردو وشەی (رۆژنامەگەریی) و (بنکۆڵکاری)، پێکدێت و دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە رون بکرێتەوە.

**وەک پێکهاتەیەکی زمانەوانی**: بۆ ناساندنی مانای رۆژنامەگەریی کە لە زمانی کوردیدا لە فەرهەنگی کوردیدا بەم جۆرەی خوارەوە هاتووە: جیوی موکریانی پێیوایە، رۆژنامە:

---

[1] -عیسی محمود الحسن، الصحافة الاستقصائية، مهنة المتاعب و الاخطار، ( عمان: دار زهران، ٢٠١٢)، ص٥٢

[2] -عزام ابوو حمام، المنهج العلمي فی الصحافة الاستقصائية، ( عمان: دار الاسامة للنشر و التوزيع، ٢٠١٤)، ص١٦

[3] -حسين محمد ربيع، الصحافة الاستقصائية الواقع و الاشكاليات، (القاهيره: دار العالم العربی، ٢٠١٤)، ص١١

نوسراوێکی چاپکراوە رۆژ بە ڕۆژ دەنگوباسی ژورەوە و دەرەوە پەخشدەکات، هەروەها بە (رۆژنامچە، غەزەتە، ڕۆژنامە)دێت. لە کاتێکدا ڕۆژنامەچی: کەسێکە رۆژنامە دەردەکات، (رۆژنامەنووسیی، رۆژنامەچێتی، رۆژنامەگەری)، واتا پیشە و کرداری رۆژنامەنووسانە. واتاو مانای رۆژنامەنووسیی، رۆژنامەگەری بەم جۆرە هاتووە لە زۆربەی فەرهەنگەکان پێناسەیەکێ روون و ڕەوانی بۆ کراوە[1] لە فەرهەنگی عەرەبیدا بەم جۆرە سەرچاوەی گرتوە و دەگەڕێتەوە بۆ شێخ (نجیب حداد منشئ) لە رۆژنامەی زمانی عەرەبیدا لە ئەسکەندەریە و نەوەی شێخ ناصیف الیازجی، کە یەکەم کەس بوو، کە وشەی رۆژنامەگەرییان بەکارهێنا بە واتای دەستسازی نوسین یان پیشەی نوسین.[2]

هاوکات ئەم چەمکە لە زمانی ئینگلیزی بەرامبەر وشەی(Journalism) دێت.[3]هەروەک ئەوەی رۆژنامەگەریی ناسراوە بە و پیشەیەی کە ئەرکی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی هەواڵ و لێکدانەوەی لە سەرچاوەی باوەر پێکراو و پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت.[4]

سەبارەت بە وشەی (بنکۆڵکاری) وشەیەکی کوردی ئاوێتەیە لە هەر دوو وشەی سەربەخۆی نێوان (بنکۆڵ و کار)، پێکهاتووە و یەکەمیان بە واتاکانی (هەڵکۆڵین و توێکاری هەڵدانەوەی پەنهانی کراوەکان تێپەڕاندنی رواڵەت و رۆچوون و شۆڕبوونەوە بە قوڵایی شتەکان.[5] بە واتایەکی روونتر هەروەک چۆن مەلەوانێک دەچێتە قووڵای ئاو بۆ گەران. بنکۆڵکاریش دەچێتە بنجوبناوانی بابەتێک و شیکردنەوەی بۆ دەکات). دووەمیان، واتە (کار)، بە واتاکانی (پیتێکی وابەستەیە دەنوسێ بە وشەوە بە شێوەی بکەر، یاخود بە واتای ئیش و چالاکی و جووڵە و کار و بزاوت و کردار) دێت. و(، ممارسة، عمل، نشاط)ی زمانی عەرەبیدا بەکاردەهێنرێت.[6]

لە بەرانبەر وشەکانی (Work–Activity) لە زمانی ئینگلیزی دا دێت.[7]

یەکەمین کەس لە کوردستان، کە ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار بەکارهێناوە دکتۆر (هێرش رەسوڵ موڕاد) بووە، ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە بنجوبناوان و ئاشکراکردنی کونج و کە لەبەر و دیوە شاراوە و نەبینراو نەزانراوی پرسەکە.[1]

---

[1] جیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل ٧٢٢، ٧٢٣.

[2] -فاروق ابوو زید، مدخل الی علم الصحافة، ط٢ (القاهرة: عالم الکتب، ١٩٩٨)، ص٣٧

[3] ئامانج حەمە فەرەج، فەرهەنگی سەنڕایز (ئینگلیزی- کوردی)، (سلیمانی کۆشکی سەرا بۆ بڵاوکردنەوە، ٢٠١٩)، ل٢٣٠

[4] - علی کنعان، الصحافة مفهومها و انواعها،( عمان: دار المعتز للنشر و التوزیع، ٢٠١٣)، ص٥

[5] ئامانج محمد، فەرهەنگی قوتابی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٠.

[6] فاضل نظام الدین، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، (کوردی-عەرەبی)، چ٢،(عێراق، وەزارەتی پەروەردە، ١٩٨٩)، ل٣٩٤.

[7] ئامانج حەمە فەرەج، فەرهەنگی سەنڕایز، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل٤٦٧.

لە بەرامبەر وشەی (استقصاء، بحث، تحری، تقصی)ی زمانی عەرەبیدا بەکاردەهێنرێت، کە دەگەرێتەوە بۆ کاری (استقصی)، بە واتایی (گەران و رۆچون، پشکنین)، بە قوڵایی بابەتی.[2] کە رەگی وشەکە دەگەرێتەوە بۆ (قصي وقصي عنه بعد، اي ابعد و قصی الرجل عن القوم: تباعدت اي التقصی).[3]

هەروەها بە خستنە سەری (است)، کە پێکهاتەی (هەمزە و سین و تا) بۆ سەر هەر فرمانێک بە واتای داواکردنی شتێک، واتا داوای شتێک و دواکەوتنی لە قوڵایدا و گەیشتن بە رەهەندە رەسەن و راستەقینەکەی، کە لە بنجوبناوانێکی شاراوەدایە.[4]

لە زمانی ئینگلیزیدا بە وشەی (Investigative) دێت، هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی (ئینگلیزی، ئینگلیزی)، وشەیی (Investigation-Investigate) بەرامبەربە ( To Carefully Examine The Facts of a Situation) بە واتای (پشکنینێکی ورد بۆ دەرخستنی ڕاستی بارودۆخەکان)، دێت.[5]

وەک زاراوەیەک لە زماني کورديدا، دەکاتە پشکنین و گەڕان بە دوای رەگ و ڕیشەی شتەکاندا بۆ دڵنیا بوون لە ڕاست و دروستیان رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، وەک زاراوەیەکی زانستی، لە بەرامبەر زاراوەکانی (Investigative journalism)ی ئینگلیزی و (الصحافة الإستقصائية، الإعلام الإستقصائي) ی عەرەبی دێت لە روی دەستەواژەی زانستیەوە: چەندین پێناسەی بۆ کراوە و لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە لێکدراوەتەوە، لە هەمانکاتدا پێناسەیەکی یەکانگیر نیە لە سەر ناساندنی ئەویش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی تێروانین و بیروبۆچونەکان سەرەرای جیاوازی جۆر و ئامرازەکانی رۆژنامەگەری، هاوکات زۆرینەی پێناسەکان کۆکن لە سەر ئەوەی، کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئەو مۆدیلە رۆژنامەگەرییە سەربەخۆییە، کە لە سەر بنەمای پشتبەستو بە شێواز و رێکار و لێکۆڵینەوەی چڕ و رێزمانی زانستی وەستاوە، کە رۆژنامەوانان لە بوارەکەیان پیادەی دەکەن بۆ گەیشتن بە راستیە بەڵگە نەویست و سەرنجراکێشەکان لە رێگەی بە دواداچونی دیاریکرا و سەبارەت بە بابەتە شێوێنرا و

---

1 -دەشتی علی رەشید، پێگەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

2 -ئامانج محمد، فەرهەنگی قوتابی،هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

3 -کەریم، رزگار، فەرهەنگی دەریا (کوردی-عەرەبی)، چ٢ (ئێران، چاپخانەی مەهارات،٢٠١٠)، ل٩٦٨.

4 حسن محمد ابوو حشيش، الصحافة الاستقصائية، مساق التدريسي، (فلسطين: كلية الاداب قسم الصحافة، جامعة غزة، ٢٠١٣)، ص٣.

5 Diana Lea, Jennifer Bradbery-oxford Advanced Learner’s Dictionary of current English, Oxford University press, United Kingdom, 2020,p 838

شاراوەکان و دەرخستنی ئالۆزیەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە گشتی بە ئامانجی چاودێریکردنی دەسەڵات. هەر بۆیە پێویستە زانیاری تەواو هەبێت سەبارەت بەم مودیلە لە ویشەوە دیاریکردنی خاڵی هاوبەش و جیاواز، لەگەڵ هونەرەکانی دیکە لە شێوە، بیرۆکە، ئامانج، ناوەرۆک و چۆنێتی مامەڵەکردن، دێتە دیاری.[1]

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە دەستەواژەی هاوتای بۆ بەکارهێنراوە وەک رۆژنامەگەریی بەدواداچون، گەران، لێکۆڵینەوە، دەرخستن، وردبینی، رۆژنامەگەریی زانیاری مەترسیدار، ئاستێکی دیاری کراوی نیە، گەرچی هەندێک پێیانوایە، رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری جیاوازە لە هەر بەرنامە و کار و پیشەیەک بەراورد بە ستایشکردنی هەواڵێک دەربارەی تاوان یان گەندەڵی بەو پێیەی زیادەرۆی دەکات لە هەندێ شیکردنەوە و راوبۆچون، لێدوان و پاراستنی، هەروەها دەناسرێت، ئەگەر بێت و تێکەڵیەک بکرێت، لەگەڵ تەشەنەکردن، گەرچی هەندێک لە نوسەرانی ئەکادیمی ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری کراوە وەک جۆرێکی جیاواز و جیاکار لە جۆرەکانی دیکەی رۆژنامەگەریی ئەمەش بەپێی ئەو لێکۆلینەوە و ئەرکانەی، کە بەجێی دەگەیەنێت لە کۆمەڵدا.[2]

ناساندن و ئاشنابوون بە چەند پێناسەیەکی دیاری کراوی ئەم مۆدێلە دەتوانرێت وەڵامی پرسی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری چیە بدرێتەوە؟ [3]

(رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری تاوتوێکردنی دیاردەی جیاوازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە، هەوڵدانە بۆ رۆچون بە قوڵاییدا لە رێگەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی داتای بەردەستخراو، یا بەدواداچونی تاوانکاریە یاخود خەملاندنە، خوازیاری دەرکەوتن و ئاشکراکردنی راستیەکانە بۆ رایگشتی).[4]

بابەتیانەیە لە رێگەی رۆچون بە قوڵایی هاوکات هەریەکە لە (اتیما وجلاس)، دوپاتی دەکەنەوە، کە (رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بەکارهێنانی ژیریەکی رەوشتدارە لە پێناو گەران بە شوێن هەر لادانێک لە رێسای کۆمەڵایەتی یا هەر شلۆق و پاشاگەردانی، کە لە دەزگا

---

[1] -حرفوش ايمان، الصحافة الاستقصائية، العربية: واقع الصحفي الاستقصائي الجزائري و اخلاقيات المهنة، ( جزائر:مجلة العلوم الانسانية، العدد (٤)، ٢٠١٥)، ص٧٨

[2] -حسن محمد حسن منصور، التحقيقات الاستقصائية في العالم العربي...اهتمامات واساليب الاعداد و الكتابة و التقديم، دراسة تحليلية على غينة في التحقيقات خلال فترة،٢٠١٥-٢٠١٧، ( سعودية: مجلة العربية لبحوث الاعلام و الاتصال، العدد (٢٤) كلية اداب، جامعة ملك سعود، ٢٠١٩)، ص١٢

[3] -حسين على ابراهيم الفلاحى، صحافة التحري و الاستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، (لبنان: دار الكتاب الجامعى دولة الامارات العربية، ٢٠١٧)، ص٢٥

[4] سعد سليمان المشهداني، الصحافة العربية و الدولية، مفهوم، خصائص، مشاكل، النماذج، الاتجاهات، ( الامارات: دار الكتاب الجامعي،٢٠١٤)، ص١٧١

گشتییەکان رودەدات، کە هۆکارە بۆ لەبار بردنی دادپەروەری لە زۆرێک لە بارودۆخەکاندا هەر بۆیە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی، کە راستیان لە پشتەوەیە لە یەکێک لە و بارودۆخە تایبەتانە بە روماڵکردن و ئاراستەی بەر بڵاو).[1]

هەندێ لە پرۆفێشناڵەکان، کە ئارەزومەندی بوارەکەن دەڵێن: (رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری تەنها رۆژنامەگەریەکی کلاسیکی چاک، باش و جێبەجێکردن نییە، راستە فۆرمی هەردو شێوازەکە جەختکردنە لە سەر چوار ڕەگەز، کە ئەوانیش بریتیین لە: کێ، چی، لەکوێ، کەی، بۆچی؟ بەڵام رەگەزی پێنجەم لە روماڵکردنی کلاسیکیدا کە (بۆچی)یە لە رومالکردنی بەدواداچوندا دەگۆرێت بۆ (چۆن). توخمەکانی دیکە تەنها لە روی چەندایەتیەوە پێشناکەون، بەڵکو لە روی چۆنایەتیشەوە، (کێ) تەنها ناو یان نازناو نیە، بەڵکو کەسایەتیەکە، کە سیفەت و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، (کەی) تەنها ئێستای رودانی هەواڵەکان نیە، بەڵکو چێوەیەکی مێژویانەی گێرانەوەکەیە. (چی) تەنها روداوێک نیە، بەڵکو دیاردەیەکە هۆکار و ئەنجامی خۆی هەیە. (لەکوێ) تەنها ناونیشانێک، ئەدرێسێک نیە، بەڵکو شوێنێک یان جێگەیەکە زۆر یان کەم ئەگەری رودانی شتو روداوی دیاریکراوی لێدەکرێت.(چۆن) واتا رونکردنەوەی وردەکارییەکانی و (چەند) واتا قەبارەی شتەکە نیشاندەدات ئەم توخم و وردەکاریانە لە باشترین بارودۆخدا جیاوازیەکی شێوازی بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەبەخشێت، کە باشتر کاریگەری لە سەر وەرگر هەبێت).[2]

لە لایەکی ترەوە (عەبدول حەلیم مەحمود) وەریگرتوە لە (سناء دیاب)، ئەوە دەخاتە رو (ئەو هەواڵەیە، کە سیفاتی دیاریکراوی هەیە لەوانە کارکردنێکی بنچینەی، نەوەکو لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو و سەر پێیی بۆ یەک کێشەی دابڕاو، بەڵکو بۆ ئەو گیروگرفتانەن دوبارەن، هەوڵدان لە پێناو چاکردنەوەی هەڵەکان و رونکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکان و دەرخستنی گەندەڵی ئەو کردەوانەی، کە پێچەوانەی یاسان لەگەڵ خراپ مامەڵەکردنی دەسەڵات ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەوڵی دەرخستنی بابەتە شاراوەکانی پشت پەردە دەدەن، بە شێوەی باوەرپێکرا و بە جۆرێک توانای سەرنجراکێشانی هەبێت لە نێوەندیاندا ئەو

---

[1] - عیسى عبدالباقي موسى، الصحافة الاستقصائية، اطر نظرية و نماذج تطبيقية، ( القاهرە: دار العلوم للنشر و التوزيع، ٢٠١٣)، ص٦٨

[2] یوسری فۆدە و ئەوانیتر، رێبەری رۆژنامەگەریی بە دواداچوون لە پێناو ئازادیدا، و: غازی مەسعود، و: بۆ کوردی، کۆراڵ حمە نوری، (ب.ش.ب، ب.س.چ)، ل١٧

چیرۆک و روداوانەی، کە پشتبەستون بە راستی و بەڵگەنامە، کە جێی متمانەی گشتین بە لای رایگشتیەوە گرنگە لە کۆمەڵی مەبەستدار).[1]

هەروەها (رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەمو ئەو بارودۆخانە لە خۆ دەگرێت، کە هەوڵی دەرخستنی بابەتە پەردە پۆشکراوەکان دەدات بۆ جەماوەر بە تایبەت ئەو بابەتانەی، کە کەسێک پەنهانی کردوە بە ئارەزو یان بە مەبەست لە پلەیەکی باڵای دەسەلآت یان پەنهان بووە بە رێکەوت، کە بۆتە هۆکاری کەڵەکەبوونی ئاژاوە و دودڵی لە راستیەکان و سەختبوونی تێگەیشتنیان و پێویستی بە بەکارهێنانی سەرچاوەی زانیاری و بەڵگەنامەی نهێنی و ئاشکرایە).[2]

لە ڕووی فەلسەفیەوە پسپۆرێکی بوارەکە بە ناوی (بندیکت تمبوو) وا پێناسەی دەکات: رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری (ئەو جۆرە رۆژنامەگەریەیە کە خۆراکی سەرەکی لە چیرۆکە سەردەمیەکان بە دەستدەهێنێت، ئەویش لە رێیی رۆچون و دەستکەوتنی زانیاری دروست لە سەر حکومەت و رێکخراوە نا فەرمیەکان و کەرتی تایبەت بۆ بنیادنانی چیرۆکی رۆژنامەگەریی لە بەرژەوەندنی گشتیدا)، ئەمەش واتایی بە قازانجی گشتی مانای ئەوەیە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری ئەوەیە، خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بکات بۆ ڕایگشتی بەبێ ئەوەی لایەنگیری لایەنێکی بەهێز بکەن بەرامبەر لایەنێکی لاواز هەر ئەمەشە وادەکات ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر ئاڵۆز و وردتر دەرکەوێت.[3]

گەرچی ناوەندی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری (Centre for Investigative Journalism) سەر بە زانکۆی بەریتانی، وا پێناسەی دەکات (ئامانج لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەرخستنی گەندەڵی و چەوسانەوە و خراپی بەرێوەبردنە. لە هەوڵی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتیە، لە رێگەی هەڵکۆڵینی کێشە و گیروگرفتەکان کە گرنگە بۆ رایگشتی لەگەڵ خستنەروی راستی بەڵگە نەویست، کە کەسێک دەیەوێت بە شاراوەی بمێنێتەوە بەلآم، رۆژنامەگەریی بەبێ ترس لە روبەروبوونەوە دەیخاتە رو).[4]

1 عبدالحليم محمود، الصحافة الاستقصائية، الفضيحة الكاملة، (بيروت: مركز دراسات و الترجمة، ٢٠١٠)، ص٥٦

2- مارک لی هنتر(اشراف)، يسري فودة و اخرون، على درب الحقيقة دليل اريج للصحافة الاستقصائية العربية، ترجمة، غازى مسعود، (باريس: مكتبة الوطنية بمملكة الاردنية الهاشمية، ٢٠٠٩)، ص١٧

3 محمد حسين ابوو عرقوب، الصحافة الاستقصائية، للصحافيين و المؤسسات الاعلامية الفكرة و تطبيقاتها، ( فلسطين: معهد الاعلام العصرى بجامعة القدس،٢٠١٣)، ص٩

4 البرنامج الانمائية للامم المتحدة-العراق ، الصحافة الاستقصائية، مدخل نظري و تطبيقات عملية (عراق (ب،م،ن)،(ب،س،ن) ص٢٢

لە لایەکی دیکەوە تێگەیشتنێکی بەربڵاو دەخرێتەرو بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە لایەن هەندێک توێژەرەوە (دیبیرج)، پێیوایەکە (بەدواداچونی ئەو بابەتانەیە، کەسانێک دەیانەوێت پەنهانی بکەن بە واتای ئەوەی لە کاتێکدا رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بە دوای خستنەرو و روکەشکردنی راستێکانەوەیە، کە هەندێک لە هەوڵی ئەوەدان پەنهانی بکەن). لەگەڵ ئەوەشدا (سبارک)، ئاماژە بەوە دەکات، کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار سەرچاوەی راستەوخۆ بەکار ناهێنێ لە زانیاریەکانیدا، بەڵکو، زیاتر بە دوای ئەو سەرچاوانەن، کە کەمتر رونن، هەر ئەمانەش دەروانتە نهێنیە و وروژێنەر و هەراسانکەر، و هەست بە قین و راڕای دەکەن بە ئاستێک، پاڵیان دەنێت بۆ تەشەنەکردن، بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنیانە، بە جۆرێک گفتوگۆ دەستپێدەکات دەربارەی زانیارییە بە مەبەست پەنهانیکراوەکان پێویستی بە خستنەرو و ئاشکراکردن و روکەشکردنێتی.[1]

لە رویەکی دیکەوە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ناسراوە بە ((رۆژنامەگەریی پرۆژەکاری)) رێکخراو بەر پرسیار لە بەگەرخستنی کاتی پێویست بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاری رۆژنامەگەریی بە خۆ تەرخانکردن و پەیوەستبوونی تەواو بە کارەکەوە بە بوونی مەیل و ئارەزویەکی زۆر بە پاڵپشتی گروپێکی تایبەتمەند لە بوارەکە و دورکەوتنەوە لە چاوچنۆکی دوبەرەکی سەرەڕای پێویستبوونی بیرکردنەوە بە شێنەیی و بە هەمیشەیی بۆ کاری پێشنیار کراو بەوەی هەر کارێکی ناوازە و سەرکەوتو پێویستی بە پێشکەشکردن و روکارێکی باش هەیە.[2]

هەروەها بنکۆڵکاری واتا: (سوود لەو کاتەی کەهەیە وەریگریت، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بەرپرسان بکەیت، ئەو کاتە دەشێ تەنها چەند خولەکێک بێت، بەڵام روودەدات بنکۆڵکاری زۆر ئاڵۆزە و چەند مانگێک کاری دەوێ، بۆ ئەوەی حەقیقەت دەر بکەیت یان ئەنجامی توێژینەوەکان ئاشکرا بکەیت یان بدەیتە دەست.بۆ ئەوەی پێی بڵێن بەدواداچوون دەبێت تێروانینێکی رەخنەگرانەت هەبێ، بابەتێکی گرنگ بێت، و شیکاری و بڕیار و بەڵگە و سەلماندنەکان خودی رۆژنامەوان بێت).[3]

لەهەمانکاتدا بۆ تێگەیشتنێکی راستر و دروستتر سەرنجدەخەینە سەر ئەو راوبۆچوونە جیاوازانەی، کە رۆژنامەنوسیی بنکۆڵکار (دیڤید کابلن)، بەرێوەبەری جێبەجێکردنی تۆری

---

[1] عیسی عبد الباقي موسی، الصحافة الاستقصائیة، اطر نظریة و نمازج تطبیقیة، نفس المصدر السابق، ص٦٧

[2] – ایاد الداود، الفن التقصی الفیلم الوثائقي التحقیقي، (قطر: معهد الجزیرة للاعلام، دار الکتب القطریة، ٢٠١٩)، ص١٧

[3] مەغدید سەپان، بابەتی رۆژنامەنوسی بە دواداچوون، قۆناغی سێیەم، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٥-٢٠١٦، ل٢٢

ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری جیهانیە، سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەیخاتە ڕوو چوار شێواز هەیە کە یەکناگرێتەوە لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لەوانە:

**ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ڕۆژنامەگەریی تەشەنە و بڵاوبوونەوە نیە:**

بەو پێیەی کە وەرگرتنی دۆسیەیەک لە یەکێک لە سەرچاوە فەرمیە باوەڕ پێکراوکان، سەر لە نوێ دارِشتنەوە و بڵاوبوونەوەی لە هەمانکاتدا ئەمە ناچێتە خانەی بنکۆڵکاری.

**ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند نیە:**

لێرەدا پێویستی بە لێکۆڵینەوە و گەڕانی بەر فراوان و پوخت و قوڵ هەیە لە کاتێکدا، تەنها کار لە سەر یەک بوار ناکات، بەڵکو لە سەرجەم بوارەکان دەکۆڵێتەوە و ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی پیشەی بنکۆڵکاری.(1)

**ڕۆژنامەگەریی بنکۆلکاری ڕۆژنامەگەریی ڕەخنەگرتن نیە:**

بەو واتایەی کە کاتێکی پتری پێویستە هەندێ جار پێیدەچێت بگاتە چەند هەفتە و مانگ و یا خود چەند ساڵێک و چەند ڕەگەزێکی ڕەخنەگرتن لە خۆ دەگرێت، بەو پێیەی لە کاتی نوسینی وتارێک پێویستبوونی بە گەڕان و بنکۆڵکاری و ڕەخنەگرتن بوو ئەوە ناکاتە ئەوەی کە کاری بنکۆڵکاری ئەنجامداوە.

**ڕوماڵکردنی بنکۆڵکاری ڕوماڵکردنی تایبەتمەند بە تاوان و گەندەڵی نیە:**

لە کاتی جەختکردنەوە لە بابەتێکی خوێندن، یا بە گەڕخستنی دەسەڵات، بە هەدەردانی دەرامەت، یا خود چیرۆک و کار و باری ناوازە، بە ئەنجامدانی ڕوماڵێکی ڕۆژنامەگەریی تایبەت بە بابەتی تاوان و گەندەڵی و دواکەوتنی قۆناغەکانی ئەمە ناکاتە ئەوەی کاری بنکۆڵکاری ئەنجامداوە، لەکاتێکدا مەبەستی سەرەکی لە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری پیشەگەرییە، نە وەک گەڕان بە مەرامی خۆ دەرخستن و نمایشکردن و کارتێکردن، بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئاشکراکردنی شاراوەکان بە پشت بەستن بە بەڵگە بۆ بڕواهێنان بە لایەنەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و بەدیهێنانی یەکسانی و شەفافیەت یەکێکە لە بنەماکانی دەسەڵاتی چوارەم.(2)

کەواتە ئەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری چیە ؟ لە هەموویان گشتگیر تر پێناسەی (دیڤید کابلن)ە، دایفد پێیوایە کە (گرتنەبەری ڕێبازێکی ڕێکخراوە بۆ ڕووداو بە نوقمبوون لە قوڵاییدا

---

[1] برنامج الماجستيرلطلبة الدفعة الثالثة ، مساق الصحافة الاستقصائية، كلية اداب، جامعة الاسلامية ،( غزة: قسم الصحافة و الاعلام، دراسات العليا، ٢٠١٤)، ص١٧

[2] هبة عبد المعز احمد، مفهوم الصحافة الاستقصائية، مؤسسة النور للثقافة و الاعلام، ٢٠٢١/١٢/٤، (pm ٦:٠٠)، https://www.alnoor.se/articel-asp?id=305219

و گەرانی راستەقینە، رۆژنامەوان خۆی رایدەپەڕێنێ، سەرەرای رووماڵی رۆژنامەگەریی، کە شێواز و رێنوێنی و رێکاری زانستی و گەرانی پاڵپشت بە گریمانە دەخوازێت، لەگەڵ دڵنیابوون لە و راستیانەی کە لە دەوروبەری ئەو گریمانانەن ئەویش لە رێگای شیکردنەوەی نهێنیە نە ناسرا و شاراوەکان و دانانی کوڵەکی دادپەروەری کۆمەلایەتی سەرباری بەکارهێنانی بەر بلاو لە تۆمار کردنی ئاشکراکراوەکان کە زۆربەی کات لە سەر شێوەی داتادا دەخرێتەروو کە ئەمەش پێویستی بە رۆژنامەگەریی بە توانایە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان رووداوەکان هەروەها پێویستی بە سەرچاوە و داهاتە لە پێناو روکەشکردن و دەرخستنی رووداوەکان).[1]

لە سەر روناکی هەریەکە لە و پێناسانە، کە توێژەران و پسپۆرانی تایبەت بە بوارەکە لە سەر بنەمای زانستی خستویانەتە روو، لەم سۆنگەیەوە توێژەر دەگاتە ئەوەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بریتیە لە :

خاڵی یەکەم: دەرخستن و ئاشکراکردنی زانیاری نوێ بەو واتایەی کاتێک ڕۆژنامەوان زانیاریەک بلاودەکاتەوە لە ڕابردو کاری لە سەر کرابێ و ڕووکەشانە ئەنجامدرا بێت ئەوە نا چێتە خانەی بنکۆڵکاریەوە.

خاڵی دووەم: بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و باشترکردنی ژیانی خەڵک، یەکێک لە خاڵە بنەرەتی پیشەییەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئەوەیە، سەرجەم پاڵنەرەکان رەتدەکاتەوە جگە لە پاڵنەری بەرژەوەندی گشتی بە مەبەستی دروستکردنی رایگشتی راستکردنەوەی هەڵەکان.

## دووەم/ بایەخ و گرنگی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

بێگومان رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری گرنگیەکی بەرچاو پێگەشتوی هەیە بۆ کۆمەڵ، لەم رێچکەیەوە رۆژنامەوان هەڵدەستێ بە پیادەکردنی دەسەلاتی چاودێر وەک ئەندامێک لە دەسەلاتی چوارەم. ئەمە لەلایەک، تیشک خستنە سەر دۆسیە ئالۆزەکان و خاڵە لاواز و نەرێنییەکانی کۆمەڵ بە ئامانجی چارەسەرکردنی لە لایەکی تر. رۆژنامەوان هەمیشە لە هەوڵی هەڵدانەوەی بچوکترین شاراوەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان، رۆڵێکی بەر چاو دەگێڕێت لە هەر کارێکی بنکۆڵکاری لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، ئەوا گرنگیەکەی تا دێت بەر چاو تر دەبێت لە بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەرەکەی، لێرەدا دەتوانیین ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین

---

[1] البرنامج الانمائية للامم المتحدة-العراق، الصحافة الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٢٢

١- رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار نمونەی ئایندەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار و زیند و سەرکەوتو کاریگەر هەژمار دەکرێت، لە هەمانکاتدا بە بزاوت یان بووژانەوەی رۆژنامەگەریی دامەزراوە و رێکخراوە میدیاییەکان دادەنرێت، لەم سۆنگەیەوە رۆژنامەگەریی بواری بنکۆڵکاری بە توانا و لێهاتو لە جیهان سیمۆر هیرش وای دەبینێت: ((داهاتوی رۆژنامەگەریی لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدایە)) بەو پێیەی، کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری گرنگە بۆ بووژانەوەی رۆژنامەگەریی دامەزراوەکان و هۆکارە بۆ بوونیان.[1]

٢- بەیەکێک لە سەرچاوە باوەر پێکراوەکانی زانیاری دادەنرێ لەرێگەیەوە هاوڵاتیان دەتوانن بە پشتبەستن بەم هونەرە داوای هەستکردن بە بەرپرسیاریتی بکەن لە هەموو ئەوانەی کە لە پۆستی باڵای دەسەڵاتدان.

٣- دەروازەیەکە بۆ دەرخستن و پەردەهەڵدانەوە لە سەر تاوانەکان و ئابروچونەکان و گەندەڵی بەرپرسی سیاسی و کار بەدەستانی باڵای وڵات، لەگەڵ دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەو بابەتانەی پێشتر نەخراونەتە ڕوو و پێشکەشکردنی بۆ جەماوەرهەر وەک بە هەدەردانی سامان دەوڵەت و بەهەدەردان لە بواری کارگێریدا.[2]

٤- بەشێک لە کاری چاودێری پسپۆریەتی، دەتوانێت رایگشتی لە نێو جەماوەردا دروست بکات ئەوەش بە هۆی ئەنجام و لێکەوتەی بابەتە بنکۆڵکاریەکانەوە بە تایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە لایەنە سیاسیەکانەوە.

٥- ئامرازێکی بە هێزە بۆ گەیشتن بە راستی و دروستی رووداوەکان لە سەرچاوە رەسەن و بنچینەکەیدا، هاوکات وەستان لەسەر راستیەکان، هەروەک چۆن ئامرازێکە بۆ چوونە قوڵایی رووداوەکان بە ئامانجی پێکانیان.[3]

٦- خولقاندنی هۆشیاری و ژیری لە ناو دەزگای رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بۆ دانانی ئاستێک لە هەر شێواندن و ناتەباییەک کە ڕوودەدا، یا خود جۆرێکە بۆ زاڵبوونی مافی خەڵک دەستبەجێ لە ماوەی پێکهاتنی رایگشتی، کە هۆکارە بۆ دانانی لە مپەرێک لە بەردەم ئامرازەکان بۆ ئەو بارودۆخە پاش ئاشکراکردن و خستنەروی ئەو گەندەڵیە، هاوکات هۆکارە بۆ پەیدابوونی ترس لە دڵی گەندەڵکاران کە چیتر کارە قێزەوەنەکانیان حەشار نادرێت. لە

[1] عیسی محمود الحسن، الصحافة الاستقصائية، نفس مصدر السابق، ص١٣

[2] حسين ابوو حشيش و طلعت عيسى، محاظرات في الصحافة الاستقصائية، الجامعة الاسلامية، ( فلسطين: كلية الاداب، قسم الصحافة و الاعلام، ٢٠١٨)، ص٦.

[3] محمد صابر الشرافي، واقع الصحافة الاستقصائية في الصحف الفلسطينية، دراسة تحليلية وميدانية مقارنة، دراسه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة الاسلامية غزة، ٢٠١٥، ص٦٤.

کاتێکدا جیاواز و جیاکارە بە خاوەندارێتی ئەو هێزە کاریگەر و پایەدارەی لە گرنگی بابەتەکانی و گشتگیری بەدواداچون و چارەسەر بۆ بابەتەکان و زانیاری دروست و هەڵسەنگاندنی رەهەندەکانیەوە دەستەبەر دەبێت بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەر.[1]

هەروەها لێرەدا هەروەکو چۆن دکتۆر (عیسى محمود الحسن)، وا دەبینێ: (گرنگی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ئەرکەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت، هاوکات پێیوایە بە هیچ شێوەیەک نابێت بە کەم تەماشای بەهاکەی بکرێت، ئەمەش دەرئەنجامی هەر کارێکی بنکۆڵکاریە لە سەر هەر لادانێک لە رێڕەوەی یاسا کە لە کۆمەڵدا روبدات و بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی گەندەڵی و بابەتە حەشاردراوەکان لە دارایی و کارگێریدا رودەدەن کە دەبنە مایەی پەشێوی و دو دڵی لە ناو کۆمەڵ، بە بوونی ئازادی ئامرازەکانی رۆژنامەگەریی کە یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی رۆڵی چاودێر لە میانەی کاری بە کۆمەڵ بۆ لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری لە هەندێ بە ئەنجام گەیاندنی تاوانباران بە دادگا).[2]

پسپۆران ئاماژەیان بە چەند گرنگیەکی دیکەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار لە میانەی ئەرکەکانیەوە چەند گرنگیەگی هەیە لە وانەش:

١- ئاماژەدان بە گۆرانکاری: بە پێی ناوەرۆکی راپۆرتە بنکۆڵکاریەکان لە توانایدایە ئاراستەکەی بەرەو گۆران بڕوات لە سیاسەتی گشتی و ئەنجامدانی گەشەی ڕوون لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری لە کۆمەڵدا.

٢- رونی و متمانە لە پۆستە گشتیەکاندا: بەرپرسان و ئەو کەسانەی لە پلە و پۆستدان ناچار دەکات زیاتر پەیوەستبن بە کارەکانیان و هانی ڕوونکاری لێپرسینەوەی یاسای دەدات.[3]

٣- بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر بۆ ئامرازەکانی رۆژنامەگەریی: کاتێک رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری پەردە لە سەر خراپکاری و نادادپەروەری سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی حکومەت بۆ هاوڵاتیان هەڵدەماڵێت، ئاستی راستگۆی ئامرازەکانی رۆژنامەگەریی لە لای کۆمەڵ زیاتر دەبێت.

٤- هۆکارە بۆ زیاتر کردنی فرۆشتن: راپۆرتە بنکۆڵکاریەکان جێگای بایەخ و گرنگی رایگشتین، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر فرۆشتنی رۆژنامەکان و کەڵک بینینی دامەزراوە میدیایەکان.

٥- دروستبوونی کێبرکێ لە نێوان دەزگاکانی رۆژنامەگەریی: بە هۆی ئاشکراکردنی گەندەڵی و تاوانکاریەکان، سەرنجی رایگشتی بە لای ئەو دەزگایەوە دەروات، کە بابەتە بنکۆڵکاریەکەی

---

[1] عربي المصري، التحرير الاستقصائي، من منشورات، جامعة الافتراضية السورية، سوريا، ٢٠١٨، ص٥٤.
[2] حسين على ابراهيم الفلاحى، صحافة التحري و الاستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٣٤.
[3] دەشتی علي رەشید، پێگەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان دا، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ص٦١.

بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش کێبرکێ لە نێوان دەزگاکانی دیکە دروست دەکات تا وەکو لە ڕێگەی بابەتە بنکۆڵکاریەوە سەرنجی رایگشتی رابکێشن.[1]

٦- فراوانکردنی مەودای ئازادی ڕۆژنامەگەریی: یارمەتی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەریی دەدات زیاتر ڕۆڵی چاودێر ببینێت.

٧- خۆراکی کرداری گەشە و پەرەسەندنە لە کۆمەڵدا: کاتی کە داهاتی گشتی بەهەدەر نەدرێت و کارگێری گشتی ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە بە ئەنجام بگەیەنن لەگەڵ، پێشکەشکردنی ئەو بابەتانەی پێداویستی جەماوەر دابیندەکات، لێرەدا ناوەرۆکی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەرخستنی راستیەکانە کە گرنگن بە لای رایگشتیەوە لەوانە: گەندەڵی، ئابروچون، بە هەدەردان و پاراستنی ئاسایشی گشتی کە دواجار هۆکارە بۆ گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵ.[2]

بەپێی هەریەکە لەو خاڵانەی سەرەوە کە پسپۆرانی بوارەکە ئاماژەیان پێکردوە توێژەر دەگاتە پوختەی ئەوەی کە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دادەنرێت بە یەکێک لە مۆدێلە نوێیەکانی ڕۆژنامەگەریی جوڵێنەر و هاندەر دادەنرێت بۆ مشتومڕکردن زۆرترینیانە لە نارەحەتی و ئەرک، پتر پابەندبوون و پەیوەستبوونە بە کات و بەرهەمهێنانی زۆرەوە، سەرەڕای هەمو ئەوانە خاوەن کاریگەریەکی فراوان و گەیشتن بە ئەنجامێکی باڵا دەستە بەراورد بە شێوازەکانی دیکە لەبەر ئەوەی ئەرک و ئامانجی سەرەکی پەردەلادانە لە سەر گەندەڵی و ئەنجامدەرانی ئەو کارە بۆ بەدەستهێنانی رایگشتی ئەمە لە لایەک. فراوانکردنی پانتایی ئازادی ڕۆژنامەگەریی و بنەمای گەشە و پەرەسەندنە لە کۆمەڵدا خولقێنەرێکی چالاکە لە کێبرکێکردن لە نێوان دەزگاکان و هاوکات جوڵێنەری هزری هەڵسوڕێنەرانەیە بەرەو گۆرانی راستەقینەی لە لایەکی دیکەوە، کە ئەمانە بە گشتی لە کۆتاییدا هۆکاری بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەرە کە کۆڵەکە و بنەمای شکۆمەندی بنکۆڵکاریە.

---

[1] لدمية العابدي، زينب مهية، صعوبات العمل الصحفي الاستقصائي في الإذاعة، دراسة ميدانية في إذاعة تبسة الجهوية، ( جزائر، مجلة التدوين، لعدد (٣٠)، مخبر الأنساق، البنيات، النماذج والممارسات، جامعة وهران٢، ٢٠١٩)، ص١٠.

[2] عيسى عبد الباقي موسى، الصحافة الاستقصائية، اطر نظرية ونماذج تطبيقية، نفس المصدرالسابق، ص٨٨.

**سێیەم/ بەراورد لە نێوان رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و رۆژنامەگەریی کلاسیکی.**

هەندێ ئاراستە جیاکاری لە نێوان شێوازەکانی بنکۆڵکاری و رۆژنامەگەریی ئاساییدا دەکەن، (دکتۆر عزام ابوو حمام) دەڵێت : سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری پرسیارێک وروژێنرا **چ جیاکاریەک لە نێوان کاری رۆژنامەگەریی کلاسیک و کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە؟** وەڵامی پرسیارەکە بەم شێوەیە بوو لە رۆژنامەگەری کلاسیکیدا پێچەوانەی بوون و راستی کۆمەڵ کار دەکەین بەڵام رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئامانجمان گۆرینی بوونی کۆمەڵە. هاوکات **پرسێکی تر سەبارەت بە چۆنێتی پێکهاتنی تیمی رۆژنامەگەریی کە تواناى بەدەستهێنان و ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری سەرکەوتوی هەبێت** وترا: تیمێک کە پتر خۆشحاڵ و بەختیار بێت، بە کەمترین سەرپەرشتیار هەڵسوراون و کەمترین سەرەرۆی و سەر کەشی لەگەڵ درێژەپێدان و پەیبردن و بۆچون دێتە بەرهەم، لە کاتێکدا هەندێ ئاراستە جیاکاری ناکەن لە نێوان شێوازەکانی رۆژنامەگەری لە سەر بنەمای ئەوەی کە رۆژنامەگەری بەگشتی یاخود ئامرازەکانی رۆژنامەگەریی دۆزراونەتەوە لە سەرەتاوە بۆ گواستنەوەی راستیەکان بۆ جەماوەر و پاراستنی کۆمەڵ و داکۆکیکردن و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیانن. شایەنی باسە کە نوسەری رۆژنامەی (نیویورک تایمز)، بە ناوی (ماسیۆ بردی)ەوەیە، لە روی تێروانینی بۆ بەکەم بینینی ئەم جیاوازیە پێیوایە کە جیاکاری نیە لە نێوان هەردو جۆری رۆژنامەگەرییەکەوە دەیگەرێنێتەوە بۆئەوەی (ئەمەی ئەم چیرۆکەی شێواندوە هەڵە تێگەیشتنە، لەوەی کە لێکۆڵینەوەی بەهێز و بوارێکی سەردەمیانە نیە لەسەر رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری یا خود بەشەکانی بنکۆڵکاری، بەڵکو پێویستە رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری کەڵک و چێژ لە چەند شکۆمەندییەک، پلەو پایەیەک، تایبەتمەندێتی جیاواز ببینێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەرهەمی بنکۆڵکاری رەسەن بەدەستبهێنێ).[1]

گەر چی لە لایەکی دیکەوە، زۆرێک لە پسپۆر و توێژەری بوارەکە، لە ماوەی ناسینی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئەوە دوپاتدەکەنەوە جیاکاری هەیە لە نێوان رۆژنامەگەریی کلاسیک و رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، هەروەها ئەم جیاوازیانە بە رونی لە چەند رویەکەوە نیشاندەدەن، لەبەر ئەوەی گرنگی بوارەکە و سەردەمەکەی وا دەخوازێت. هاوکات هاورا نیین لەگەڵ (ماسیۆ بردی)، پیانوایە کە جیاوازی پتر و سەرەکی هەیە لە نێوانیاندا، کە خۆیان لە روی هەریەکە لە (سەرچاوە، ئەنجام، ئامانج) دەبیننەوە خاڵی سەرەکین هەروەها لە روی (لێکۆڵینەوە،

---

[1] عزام ابوو حمام، المنهج العلمی فی الصحافة الاستقصائیة، نفس المصدر السابق، ص٣٣

بڵاوکردنەوە، گریمانە، دارشتنەوە، سەلماندن، گرنگیپێدانەوە، بابەتەکان، زانیاریەکان، چارەسەر، دەبیننەوە). لە هەریەکە لە و جیاکاریانەش، کە بریتین لە:

١- رۆژنامەگەریی کلاسیک پشت دەبەستێت بە زانیاری و پێداویستیانەی، کە لە کەسانی دیکەوە دەستیان کەوتوە، لە سەر رێکخراوی حکومی و کۆمپانیای گشتی و تایبەتی سەبارەت بە کێشە و گرفتەکان، کە زۆر ورد نین و هەمو ڕاستییەک ناگوێزنەوە بێ دڵنیابوونەوە لە وردیی زانیاریەکان. لە کاتێکدا رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار پشت دەبەستێت بەو زانیاریانەی بە هەوڵ و کۆششی رۆژنامەوان بەدەستیهێناوە و کۆیکردۆتەوە.

٢- ئامانجی رومالّی رۆژنامەگەریی کلاسیک دروستکردنی وێنەیەکی بابەتیە هەروەکو بارودۆخەکە خۆی، کە مەبەستی سەرەکی تەنها گەیاندنێتی بە جەماوەر. بەڵام، رومالّی بنکۆڵکاری رێکار و شێوازی بابەتی و زانیاری راستەقینەی زیندو، ئامانجی خودی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریە، کە نوێنەری بەدیهێنەری چاکسازی و زانینی راستیە شاراوەکان و جومگەکانی کەم وکورتی، کە خولقێنەری گۆرانی گشتیە.[1]

٣- رۆژنامەگەریی کلاسیک کار لەسەر روداوەکانی رۆژ دەکات و دروستکردنی بایەخبەندی هەواڵە گەرچی، رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری خاوەن رێرەوی تایبەتە پەیوەست بە گریمانەو گەڕان و سەرچاوە و ئەنجامەکانە، بە ئامانجی خولقاندنی و ێنەیەکی بابەتیانەیە بۆ گشت و پێشکەشکردنی نوێترین و گەرمترین بابەتە بە جەماوەر.[2]

٤- لە روی گەران و لێکۆڵینەوەوە سەرجەم هونەرەکان راستەوخۆ و خێرا و روکەشن پێویست بە بەڵگەنامە و داتا ناکات، لە کاتێکدا، کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری قوڵتر و ورد تر دەروانێت، تێچوی زۆرتر و کاتی زیاتر دەوێت کە بە گریمانە دەست پێدەکات و گومان دەکات و بەردەوام لە هەوڵی گۆڕینی گومانە بۆ دڵنیایی بە چەند قۆناغێکی گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری شیکردنەوە و پەیداکردنی بەڵگەنامە و داتا هەیە.[3]

٥- لە ڕووی بڵاوکردنەوە هونەرەکانی دیکە راستەوخۆ بڵاویدەکەنەوە بەڵام، رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ناسراوە بە لە سەر خۆی و شێنەیی، و داهێنانی جیاواز.[4]

---

[1] بشرى داود السنجري، صناعة التحقيقات التلفيزيونية الاستقصائية المقومات الفنية و المهنية للمتحقق الصحافه، نفس المصدر السابق، ص٢٥

[2] محمد راجي، اي دور للصحافة الاستقصائية في تعزيز الممارسة الديمقراطية، ( قطر: مركز الجزيرة للدراسات ،٢٠١٧)، ص٤

[3] - ملاک خليل، دليل الصحافة الاستقصائية،( قطر: معهد الجزيرة للاعلام، ٢٠٢٠)، ص٤٦

[4] اياد الداود، فن التقصى، الفيلم الوثائقي التحقيقي، نفس المصدر السابق، ص١١-١٢

٦- لە ڕووی شێوەی دارشتنەوە سەرجەمیان جگە لە بنکۆڵکاری پشتدەبەستن بە دارشتنی قوچەکی لە کاتێکدا بنکۆڵکاری پشت بە شێوەی دارشتنی زنجیرەی گێرانەوە و درامیانە دەبەستێ بنکۆڵکاری زۆر گرنگە بۆ ئەوەی خوێنەر کێشبکات و تەواو کاری بخولقێنرێت بۆ دانانی کاریگەری و رازیکردنێکی ژیر زانی دەبەستێت.[1]

٧- سەبارەت بە زانیاریەکان متمانە بە سەرچاوەکان دەکرێت زۆر جار سەرجەم هونەرەکان گەرانە بە دوای زانیاری و بڵاوکردنەوەیەتی، لە کاتێکدا رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری گەڕانە بە دوای ئەوەی، کە لە پشت زانیارییەکانەوەیە لە هەمانکاتدا، هەموو سەرچاوەکان جێگەی گومانن تا وەکو لێیان دڵنیا دەبینەوە ورد دەبینەوە.[2]

٨-لە روی گرنگیپێدان رۆژنامەگەریی کلاسیک بە دوای هەواڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هونەری لە شێوە ئاسایەکەیدا، هەر چی بنکۆڵکاریە سەرەڕای ئەوانە گرنگیدانە بەو بابەتانەی کە جێی بایەخ و نیگەرانی ژمارەی بەر فراوانی جەماوەرە لەوانەش، گەندەڵی، بەرتیل، سەر پێچی یاسایی، شاراوە و پەنهانیکراوە ئابروچونەکان.[3]

٩- رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئەو جۆرەیە لە رۆژنامەگەری، پتر کار لە سەر وروژاندن و ویست لە سەر پەیوەستبوون بەکات و کاری راستەقینەی دەکات، هەندێ کات پێویستی بە کات و کاری پێچوپەنایە، و زۆربەی کات هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ ئەو بابەتە هەڵانە دەکات، کە پەیوەستە بە گۆرانکاریە راستەقینەکان کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە سەر ژیانی خەڵک بەوەی لە هەوڵی رێکخستنی یاساکان و پێشکەشکردنی تاوانبارانە بۆ دادگا و راستکردنەوەی هەڵەکانە، کە ئەمەش زۆربەی کات بەدیناکرێت لە رۆژنامەگەریی کلاسیکدا.[4]

١٠-جیاوازیەکی دیکەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری جۆری کارکردنەکەیەتی، بەو پێیەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری پشت بە بەڵگە و سەلماندنی زانستی و هەر شتێک بابەتەکە بخوازێت دەبەستێ لە کاتێک رۆژنامەگەریی کلاسیک وەڵامی پرسەکانی هەریەک لە (کێ، چی،کەی، بۆچی، چەند، لەکوێ،)، دەگرێتە ئەستۆ لە کاتێکدا بنکۆڵکاری هاتوە بۆ وەڵامدانەوە

---

[1] سامان نوح، رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی، و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، (هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٩)، ل٥٨.
قوچەک: شێوازێکە لە شێوازەکانی دارشتنی هەواڵ ئەم شێوازە هاوکاری ڕۆژنامەنووس دەکات، تاکو بەخێرایی هەواڵەکە بە پێی گرنگی یەک لە دوای یەک رێکبخات.بە پێی گرنگی پێدانی بە بەشەکان و دابەشکردنیان.

[2] مارک لی هنتر(اشراف) یسری فودة واخرون، علی درب الحقیقة، ، نفس المصدرالسابق، ص١٩.

[3] عبد الرزاق الدلیمی، الصحافه الاستقصائیة، ( عمان، دار الیازوری العلمیة للنشر و التوزیع، ٢٠١٤)، ص٥٦.

[4] بشری داود السنجري، صناعة التحقیقات التلفیزیونیة الاستقصائیة المقومات الفنیة و المهنیة للمتحقق الصحافه، ص٢٣.

پرسی(چۆن ؟) بۆ پێدانی زۆرترین زانیاری و رونکردنەوەی دروست زۆر زیاتر لەوەی راپۆرت یان هەواڵ پێیهەڵدەستێ.[1]

١١- رۆژنامەوان لە ژێر فشار و پەلەکردن لە بەرهەمهێناندا، هەڵەبکات، ئەمە ئەگەرێکە رودەدات، ئەنجامێکی مەترسیداری بۆ سەر متمانەی رۆژنامەوانەکە نابێت لە کاتێکدا، رۆژنامەوانی بنکۆڵکار هەر هەڵەیەک بکات دوچاری لێپرسینەوە یان دادگای دەکات و رەنگە ئەوە متمانەی خۆی و ئەو میدیایەش لە ناو ببات، کە کاری تێدا دەکات.[2]

١٢- رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە باشترین حاڵەتدا تایبەتمەندیەکی هونەری زیاتر دەبەخشێت، هاوکات کاریگەری سۆزداری لەسەر خوێنەر زیاد دەکات لە ڕووی سەرنجراکێشانی بۆ بابەتەکە، گەرچی ئەم تایبەتمەندیە کەمتر دەبینرێت لە هونەرەکانی دیکەدا، کەواتە دەتوانیین بڵێین کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەم لە مەبەست و هەم لە شێوازی کارکردن و روماڵکردندا تایبەتمەندی خۆی هەیە.[3]

هەروەها دەتوانیین لێرەدا جیاکاری نێوان رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لەگەڵ رۆژنامەگەریی کلاسیکی لە ڕووی جەماوەر و ئامرازەکانی رۆژنامەگەریی و رۆژنامەوان ڕوون بکەینەوە:

**جەماوەر**: خەڵک حەز بە چیرۆکێ دەکەن بەهای زیاتریان پێببەخشێ، واتە ئەو زانیاریانەی، کە لە هیچ شوێنێکی تردا بۆیان نادۆزرێتەوە و دەستیان ناکەوێت، دەتوانن متمانەشی پێبکەن.

**کەناڵە میدیاییەکەی، کە کاری بۆ دەکەیت:** رێگا مەدە هیچ کەسێک پێت بڵێ بنکۆڵکاری بۆ دەزگاکانی رۆژنامەگەریی تایبەت بە هەواڵ و خۆشیی و کاتبەسەربردنە، لەبەر ئەوەی هەر کەناڵێکی میدیایی بنکۆڵکاری وەکو پێویست پەیرەوبکات بە کارامەیی بەرێوەی دەبات، هەوڵدەدات بۆ دەوڵەمەندکردنی بەهای خۆی بەکاریبهێنێت نەک بە مەرامی تایبەت وخۆدەرخستن بێت.

**رۆژنامەوان:** زۆرجار دەمانبیست کە دەوترا، (ئایا دوژمن بۆ خۆم دروست ناکەم؟) راستێکە ئەوەیە ئەگەر کارەکە بە شێوەیەکی راست ئەنجامبدەیت ئەوا هاورێی زیاتر بۆ خۆت پەیدادەکەیت، هەروەها وادەکەیت لە کارەکەت و لە دەرەوەی کارەکەشتدا ناسراو بیت لێهاتوییەکانت لە بازاری کاردا باشتر هەڵدەسەنگێنیت، ئەگەر وەک رۆژنامەوانێک بەردەوامبیت

---

[1] حسام عزالدين، الصحافة الاستقصائية لمؤسسات المجتمع المدني الفكرة وتطبيقاتها، (فلسطين، معهد الاعلام العصرى، جامعه القدس، ٢٠١٣)، ص٢٩.

هەرەمی قوچەکی:

[2] سامان نوح، دەروازەیەک بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨

[3] عبدلخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان، بنەماکانی نووسین لە رۆژنامەگەریدا، پوختەیەک سەبارەت بە تیۆر و پراکتیکی ژانرە رۆژنامەگەرییەکان، (هەولێر: زانکۆی پۆلیتەکنیک، ٢٠١٥)، ل٢١٧

یان وازبهێنیت، هەرگیز لە دۆزینەوەی کارێکی تردا سەختییەک نابینیت، هەر ئەمەش وادەکات ئەو رۆژنامەوانانەی لێهاتویی بەدواداچونیان نییە بە ئاسانی بگۆرێن بەکەسانی تر، یان کارەکەیان لە دەستبدەن.[1]

لە پوختەی رونکاری سەرەوە توێژەر دەگات ئەوەی سەرەرای لێکچونێکی زۆر لە روخسار هاوکات جیاوازیەکی فراوان هەیە لە ئەنجامدانی کار لە نێوان رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و رۆژنامەگەریی کلاسیک، بەو پێیەی، کە رۆژنامەوان هەمیشە خەریکی گوێزانەوەی رووداو لێدوانەکان، چاودێری دەکات و پاشان وردەکاریەکانی دەگەیەنێت بە کۆمەڵ، بەڵام لە کاری بنکۆڵکاریدا، رۆژنامەوان لە بازنەی وەرگر و گوێزەرەوە دەردەچێت دەچێتە بازنەی دروستکردنی هەواڵەوە، بە سەرنجدان و وردبوونەوە و دانانی گریمانە و گەران کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دانانی بایەخبەندی تەواو بۆ بابەتەکە لە کۆتاییدا سەلماندن و دۆزینەوەی چارەسەر و دەرخستنی پێشنیاری دروست. رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار لە میانەی کارکردنیدا بە ئاستێکی زیاتر قوڵ بوونەوەی هەیە بۆ بابەتەکان بەراورد بە رۆژنامەگەریی کلاسیک کە ئەمەش لایەنێکی دیار و رونە لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششەی کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکار دەیخاتە گەر لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی مەبەستدار و لە رێگەی گرنگیدان بەو بابەتانەی کە جێیی متمانەی جەماوەرێکی زۆرە بە مەبەستی دروستکردنی رایگشتی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی

---

[1] یوسری فۆدە وئەوانی تر، رێبەری رۆژنامەگەریی بە دواداچوون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢

## باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

### یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ئەورووپا و خۆرهەڵاتی ناوەراست

ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کردەیەکی کۆمەڵایەتیە، کار بۆ دەستەبەرکردنی هۆشیاری کۆمەڵگا دەکات. لە ڕوانگەی بەدیهێنانی ئەو پێداویستیانە لە هەوڵی بەردەوامدایە، گەرچی بنکۆڵکاری کاریگەر و کارتێکەرە بەرامبەر بە دامەزراوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە ئاستی جیاواز، لەگەڵ سروشتی ئەو پەیوەندیەی کە لە و نێوەندەدا دەبێت.[1]

کارێکی سەختە بتوانین سەرەتاکانی ئەم چەشنەی ڕۆژنامەگەریە دیاری بکەیت بێگومان ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە لە ڕوی دەرکەوتن و گەشەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری توێژەران کۆکنین لەسەر مێژووی دروستبوونی ئەم چەشنە هەر بۆ گەشە و دەرکەوتنی لە دەرکەوتوترین وێژگەکانی ئەم بۆچونانە دەخەینە ڕوو. هەندێک پەیوەستی دەکەنەوە بە سەرەتاکانی بوونی ڕۆژنامەگەریی لە کۆمەڵدا، ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ڕۆڵ و ئاراستەکەی دەرکەوتوە. بە واتایی پەیوەستبوونی مرۆڤ بۆ ئەم چەشنە لە ڕۆژنامەگەری هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی بووە. لە بەر ئەوەی لە توانای ڕۆژنامەگەریی کلاسیکیدا نەبووە ویست و ئارەزوەکانیان بە ڕادەی پێویست جێبەجێ بکات.[2]

هاوکات دکتۆر (عبدالرزاق الدليمى) پاڵپشتی ئەو دەربڕینەی سەرەوە دەکات و ئەویش بە هەمان شێوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتایی گەشە و ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی لە کۆمەڵ و ئاراستەکانی بۆ دەرخستنێکی دیار و بەرچاو، و جەختکردنەوە و گەران بە دوای ئەو بابەتانەی کە دیاریکراون لەکۆمەڵدا. بە تایبەت لایەنی ئابروچون و گەندەڵی هەر ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەریی لە دۆخ و شێواز و ڕەنگێکی تر بە ناوی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.[3]

هەر بۆیە دەتوانرێ بووترێت، لەگەڵ بوونی کۆمەڵ، هاوکات پێداویستیەکانیش دەرکەوتوون بە دەرکەوتنی پێداویستیەکان گۆرانکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خولقاوە.

لە لایەکی دیکەوە هەندێ لە مێژونوسان دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە پێشووەختانەی لەبارەی ئەم جۆرە لە ڕۆژنامەگەریە کراوە، دەرکەوتوترینیان لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوان (بنيامين

---

[1] كنزاي محمد فوزي، الصحافة الاستقصائية في ظل التعددية السياسية و الاعلامية: قراءة في المشهد الجزائري، (جزائر: مجلة العلوم الاجتماعية و الانسانية، العدد (١٠)، جامعة ٢٠اوت، سكيكدة، ١٩٥٥)، ص٢٣

[2] حسن محمد حسن منصور، التحقيقات الاستقصائية فى العالم العربى.. اهتمامات وأساليب الاعداد والكتابة والتقديم، نفس المصدر السابق، ص١٢

[3] عبد الرزاق الدليمى، الصحافه الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٣٢

هاریسون) بوو کە بە هەنگاوە بەراییەکان دادەنرێت لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری تیایدا هاریسون لە ٢٥ی ئەیلولی (١٩٦٠)دا، ڕۆژنامەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی (ڕوداوە گشتیەکان)، کە یەکەم رۆژنامەی ئەمریکی بوو لە و سەردەمەدا دەردەکرا، کاری لە سەر ئاشکراکردنی ئەو هەڵسوکەوتە دڕندانەیە دەکرد سەربازە فەرەنسیەکان دژی هندیە سورەکانی ئەمەریکا ئەنجامیاندابوو. پاش نوسینەکانی هاریسون لە سەر ئەم ئابڕوچونانە، دەسەڵاتی بەریتانی هەستا بە داخستنی رۆژنامەکەی، گەرچی بەردەوام بوو لە هەوڵدان، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بە توندی بەرەنگاری بوونەوە. پاش تاقیکرنەوەی هاریسون رۆژنامەوان (جیمس فراکلین) لە ساڵی (١٧٢١)دا، بەدواداچونی بۆ ئەو گەندەڵیانە دەکرد، کە کەنیسەی پروتستانتی ئەنجامیدابوو لە بەرنامەی قەلاچۆکردنی نەخۆشی (ئاوڵە، خورێلکە)، کۆتایی هەوڵەکانی فراکلین لەم بوارە بووە هۆی وەستانی ئەم بەجێهێنانە، دواجار هۆکارێک بوو بۆ و جوڵاندنی گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی.[1]

دوای تێپەربوونی هەوڵ و ماندوبوونی (فرانکلین) رۆژنامەوان جون بیتر زنغر، لە ساڵی (١٧٣٥)دا ، دەرکەوت و کاری لە سەر گەندەڵیەکانی حاکمی ویلایەتی نیۆیۆرک کرد، لە سەر ئەم تاوانە ساڵێک بە تەواوی لە زیندان بەڕێکرد پێش ناردنی بۆ دادگا بە تاوانی تانەدان، لە کاتی دادگایکردنەکە پارێزەرەکەی ئاماژەی بە گوزارشتێک کرد بە دەستەواژەیەکی بە ناوبانگ و دیار بەو پێیەی، بە درێژای دو سەدە و نیو بە پێشەنگی بیروباوەری رۆژنامەوانانی بنکۆڵکاری هەژمار کرا، ئەویش پێویستی پاراستنی (ئازادی بۆ ئاشکراکردنی ستەمکاری دەسەڵات لە پەردەلادان لە سەر هەڵسوکەوت و گەندەڵیەکانی لە ڕێگەی دەرخستن و نووسینی راستییەکان.[2]

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەرکەوتن و پیادەکرا لە ساڵی(١٨٣٦)دا، هەرچەندە لە سەر بنەما و بنچینەیەکی ڕێزمانی دیاریکراو نەبووە وەک ئەوەی کە لە ئێستادا دەبینرێت. لە یەکێک لە رۆژنامەکانی نیویورک تایمزی ئەمریکی بۆ یەکەم جار رۆژنامەوان بە ناوی (جیمس کۆردین) شێوازی بنکۆڵکاری پیادەکرد بۆ دەرخستن و روماڵکردنی تاوانی کوشتن ئەنجامدرا بوو لە یەکێک لە لانەی داوێنپیسی کە لە لایەن خانمێکەوە بەرێوە دەبرا، لە کاتی بنکۆڵکاری و کۆکردنەوەی راستیەکان زۆر لەوە زیاتر ئاماژەی پێکرابوو لە لایەن سەرچاوە فەرمییەکانەوە،

---

[1] البرنامج الانمائية للامم المتحدة–العراق، الصحافه الاستقصائيه، نفس المصدر السابق، ص٢٨

[2] بیلال محمد مجید، موانع چالش عای روزنامە نگاری تحقیقی، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ص٢٢

ئەمە هۆكارێكی سەرەكی بوو بۆ دانپێنان بە نمونەیەكی سەرەتای لە لایەن ئەم رۆژنامەوانەوە.[1]

لە لایەكیترەوە هەندێک لێكۆڵەر ئاماژە بەوە دەكەن بەكارهێنانی ئەم جۆرە بنكۆڵكاریە دەگەرێتەوە بۆ رۆژنامەوان نیلی بلای لە ساڵی (١٨٨٧)، كە بە یەكەم خانمی ونبووی قوربانیانی بنكۆڵكاری لە جیهان دا لە هەوڵی بەگور دەرچون ڕوە و گەرانی بنكۆڵكاری شاراوە دادەنرێت، كە تیایدا وەک توشبوویەک بە نەخۆشی ئاوەز خۆی نواند، بۆ ماوەی دە رۆژ لە تەندروستگەی تایبەت بە نەخۆشی ئاوەز لە نیویورک مایەوە، بۆ روكەشكردنی هەڵسوكەوت و مامەڵەی خراپ لەگەڵ نەخۆشەكانی ئەو تەندروستگەیە، دواجار بڵاوكردنەوەی ئەو لێكۆڵینە بوو بە هۆی ئەنجامدان و بەگورخستنی چاكسازی و بۆ ئەو تەندروستگەیە.[2]

گەرچی لە ماوەی ساڵانی تاقیكردنەوەكانی هەر یەكە لە (هاریسون و فراكلین و زنغر،) هاوشێوەی ئەمان تاقیكردنەوە ئەنجامنەدرا بوو. لەگەڵ كۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەیەم لەو كاتەدا زیاتر رۆژنامەگەریی تایبەت بە پارتی دیاریكراوی سەر بە دەسەڵات باڵی كێشابوو بە سەر پانتایی رۆژنامەگەریان وەک رێگەیەک بەكار دەهێنرا بۆ ئەوەیَ لە پارتە ركابەرەكانیان بدەن، لە رێگەی بڵاوكردنەوەی زانیاری و ئابروچونی نا دروست. هەر بۆیە دەتوانیین بڵیین دوای ئەمان هیچ جۆرە هەوڵ و چالاكی بنكۆڵكاری لەو جۆر و شێوە بە بەهایە دەرنەكەوت.[3]

هەندێكی دیكە رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری پەیوەست دەكات بە سەرەتاكانی سەدەی بیستەم بەیەكگرتنەوەی لە روی كاتەوە دەكاتە سەردەمی گەشە، بە دیاریكراوی لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا كە بە پێشەنگی ئەو كارە دادەنرێن، كۆمەڵێک رۆژنامەوان بە دوای دەرخستنی هەڵسوكەوتی هەڵە و گەندەڵی كۆمپانیا و هەڵخەڵەتاندنەوە بوون دواجار گەشەی كۆمەڵ و زیادبوونی كێشە كۆمەڵایەتییەكان زیاتر لای چینی هەژار و چەوسانەوەی (كرێكاران و جوتیاران)، و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی پێویستی بۆ بوونی جۆرێک لە رۆژنامەگەریی هێنایەكایەوە كە كۆكراوەی نێوان هونەرەكان و و شیكردنەوەی بارودۆخەكان بوو بۆ پێدانی زانیاری چر و پر بۆ خەڵک و روبەرو بوونەوەی جەور و ستەمی دەسەڵات، و ئەو بانگەشەییەی، دەیانكرد دژی گەندەڵی و ئەنجامدانی چەند چالاكییەكی بنكۆڵكاری گرنگ بەو

---

[1] حسین علی ابراهیم الفلاحی، صحافه التحری والاستقصاء التحقیقات الصحفیه الاستقصائیه، نفس المصدرالسابق، ص٤٠

[2] عربي المصري، التحریر الاستقصائي، نفس المصدرالسابق، ص١١٣

[3] برنامج الانمائي للامم المتحدة، الصحافة الاستقصائیة المنهج التقني، (العراق: شركه الانس للطباعة و النشر، ب،س،ن)، ص٢٩

پێیەی، کە لە توانای ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدایە ئەم داواکاریانە جێبەجێبکات. ئەویش بە نزیکی دەگەڕایەوە بۆ نێوان ساڵانی١٨٨٠ بۆ ساڵانی١٩٢٠ لە ساڵانی ١٩٠١ لە کاتێکدا گەشەی پیشەسازی بە شێوەیەکی بەر چاو فراوانبوو. پێکهێنەری کۆمەڵێک تاوان بوو لە ناویاندا داگیرکاری بابەتێک بوو جێی نیگەرانی خەڵک، چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و فراوانبوونی پانتایی توندوتیژی لێکۆڵەران لە بڵاوکردنەوەی هەوڵەکانیان پشتبەستو بە بەڵگە و سەلماندن و بەڵگەنامەی فەرمی.[1]

لە کاتێکدا ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری جەخت لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو کێشەو لایەنانە دەکات تایبەتن بە گەندەڵی و لێکەوتەکانی، هاوکات ڕۆژنامەوانانی ئەم بوارە نازناوی (لێکۆڵەران و گەریدەکان بە دوای گەندەڵی) پێبەخشرا، کە پێشەنگی ئەو هەڵمەتانە بوون.[2]

هەر بۆیە ئەم جۆرە جوڵە و بزوێنەرە و چالاکیانە ناسرا بە هێزێکی گرنگ لە ساڵانی (١٩٠٦)، بۆ دەرخستنی گەندەڵی، دوا بە دوای ئەم کاتە بۆ ماوەی دو ساڵ پاشەکشەیکرد و خوێنەری کەمبوو بەهۆی ئەو ڕەخنەیەوە سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا (تیودور روزفلت) ئاراستەیکردن و ناوی بردن بە (هەڵکۆڵەری قور و لیتە)، دوای تێپەربوونی ئەو دوو ساڵە جارێکی دیکە لە ساڵی (١٩١١) گەشتە لوتکەی سەرکەوتن و لە ساڵ (١٩١٢) بۆ جاری دووەم پاشەکشەیکرد ڕۆژنامەوانان روبەروی زۆرێک لە ئاستەنگی دارایی بوونەوە کە بووە هۆی شاردنەوەو ونبوونی ئەم شێوازە لە ڕۆژنامەگەرییدا.[3]

هەرچەندە زانایەکی ئەمریکی بە ناوی (فلدشتاین)، سەدەی نێوان (لێکۆڵەران بە دوای گەندەڵی) تاوەکو شەری ڤێتنام بە سەدەی تاریک بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ناو دەبات. لەگەڵ دەرکەوتنی شەستەکان جارێکی دیکە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دێتە ناو گۆرەپانەکە و سەر لە نوێ بە سود وەرگرتن لە لە دایکبوونی سەدەی زێرین و پێکهێنانی جوتهێزی هاندەری سەرەکی بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هێزی یەکەم کە زیاتر خۆی لە جیابوونەوە لە دەسەڵات بینیەوە لە کۆمەڵی ئەمریکی لەو قۆناغەدا، بە تایبەت لە لایەن چینی مامناوەندەوە کە چینێکی ڕۆشنبیر بوون هەروەها شۆرشی پیشەسازی ڕۆڵێکی بە رچاو و دیاری بینیی لە بە هێز کردن و هاندان و بەڕێوەبردنی ئەم چینە بەرامبەر بە دەسەڵات و ئابووری لە یەککاتدا. هاوکات هێزی

---

[1] هاشم حسين التميمى، التحقيق الاستقصائي التلفيزيوني، الاسس العلمية و التطبيقات العملية، ط٢ (بغداد: مديريه مطابع شبكة الاعلام العراقي، ٢٠١٨)، ص ١٣

[2] -بشرى حسين الحمداني، التغطية الصحفية الاستقصائية، تحقيقات عابرة للحدود، نفس المصدر السابق، ص٢١

[3] حسن محمد ابووحشيش، الصحافة الاستقصائية الماهية..المتطلبات..العلاقات..الواقع الفلسطيني، شئون البحث العلمي والدراسات العليا، كلية الاداب ماجستير الصحافة، الجامعة الاسلامية، غزه، ٢٠١٣)، ص١٠

دووەم خۆی بینیەوە لە نوێنەرایەتیکردنی ڕەوەندەکان بۆ شارە گەورە و شکۆدارە پیشەسازیەکانی ئەمریکا هەمان هێز هۆکاری کۆچکردنی بەرچاو کاریگەر بوو لە دێنشینەکانەوە بەرەو شارە گەورە پیشەسازیەکان، سەرەڕای بەرزبوونەوە و هەڵئاوسانی نرخ و شمەک و خزمەتگوزاریەکان زیاد بوونی پێداویستیەکان هەریەکە لەم گۆرانکاریانە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرێوەبردن و پێشکەوتنی ئەم کۆمەڵانە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.(1)

گەرچی لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستیەم گەشە تەکنەلۆجیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ئەو گەشە بەرچاوەی کەرتی ڕۆژنامەگەریی بە خۆیەوە بینویەتی، لەوانە گەشەیی بەرهەمهێنان و تۆمارکردن و بڵاوبوونەوە و بەکار هێنانی شێوازی ڕێکاری هونەری بۆ پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەگەریی لە ڕوماڵکردنی بنکۆڵکاری و شیکردنەوەی هەواڵ و داڕشتنی نوێ هۆکاری لە ناو برد و لە بار بردنی شێواز و ڕێکاری کلاسیکی.(2)

بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم کە بێگومان هەمو ئەمانە دەگەرێتەوە بۆ ئەو سەنگ و بەهایەی، کە ئەم شێوازە هەیبووە، سەرەڕای زۆرێک لەو چاکسازیانەی لە کۆمەڵانی ڕۆژئاوای لە پاڵپشتی دارایی و ئەنجامی گۆرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، ڕویاندا. هەوڵی نوێکردنەوەی چینی سیاسی و دژایەتیکردنی گەندەڵی و گۆرانی هزرەکان و ئەنجامدانی کار لە چوارچێوەیەکی فراوانتر وەک لەوەی کە پێشتر هەبووە بۆ دەرخستنی بابەتە گەورەکان، لە لایەنەکانی دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاواز. ئەمەش پێویستی بە کاری هەمەچەشن و توانای ڕۆژنامەگەریی و چیرۆکی بنکۆڵکاری و چارەسەر بۆ بابەتە شاراوەکان هەبوو.(3)

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی(سیمۆر هیرش) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، ئەو کوشتارگەیەی ئاشکرا کرد سوپای ئەمریکا لە ئازاری (١٩٦٨) لە دێی مالای ڤێتنام ئەنجامیدابوو. لەو کوشتارگەیەدا زیاتر لە (٣٠٠) ژن ومنداڵ وپیر بوونە قوربانی، کوشتارگەکە بێدەنگەی لێکرابوو تا ئەو کاتەی هێرش لە تشرینی دووەمی(١٩٦٩) زۆر بە درێژی بڵاویکردەوە، ئەمەش بووە مایەی تورەیی ڕایگشتی جیهانی و ئەمریکی دژ بە جەنگ.(4)

---

[1] البرنامج الانمائية للامم المتحدة، الصحافة الاستقصائية، المنهج التقني، نفس المصدر السابق، ص٢٧-٣٢

[2] -اميره الصماوى، الصحافة الاستقصائية برؤية متطورة من منظور صحافة الدقة، (القاهره: مكتب المصرى الحديث، ٢٠١٣)، ص٧

[3] هادي فليح حسن، الصحافة الاستقصائية في العراق،( ناصريه، مجلة الاداب ذي قار،المجلد٢، العدد(٨)، كانون الاول، ٢٠١٢)، ص٣٣٠

[4] سامان نوح، دەروازەیەک بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥

ئەم چالاكيانە بەردەوام بە پشتيوانى ڕێكخراوى سەربەخۆ وەک ( fund of investigative Journalism)، کە خاوەنداريتى دەکرا لە لايەن کەسانێک يا خود چەند دامەزراوەيەکەوە، کە دواجار ئەم گەنجينەيە خاوەنداريتى پتر لە (٦٠) شەست پرۆژەى تايبەت بە رومالکردنى بنکۆلکارى دەکرد لە سالانى ١٩٧١ تاوەکو سالانى ١٩٧٣بۆ ئەنجامدانى بنکۆلکارى قول.[1]

هەر لە ماوەى سالانى حەفتاکاندا ڕۆژنامەگەريى بنکۆلکارى گەورەترين دۆسييەى ئابڕوچونى سياسى ئاشکراکرد، کە بە ئابروچونى (واتەرگێت)، ناسراوە، کە بە مەترسيدارترين و گەورەترين نموونەى ئابروچونى سياسى لە مێژوى ئەمريکا و چەمکى راستەقينە و هۆکارێک بۆ دەرکەوتن و جێبەجێکردنى رۆژنامەگەريى بنکۆلکارى لە ماوەى نێوان هەردو شەرى جيهانى دەژمێرێت، کە پالەوانى ئەم ئابروچونە هەردوو رۆژنامەوان (بۆب و دوارد و کارل بيرنشتاين)، دەرکەوت بەو پێيەى کە بزوێنەرى ئەو دۆخە بوون هەردوکيان لە رۆژنامەى (واشنتۆن پۆست) کە هەستان بە ئاشکراکردنى سيخورى پارتى جەماوەرى لە کێبرکێى پارتە ديموکراتەکان، کە دواجار ئەنجامى ئەم لێکۆلينەوەيە سەرۆکى ئەمريکا ريتشارد نيکسۆنى ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوە کە سەرۆکى سى و حەوتەمينى ويلايەتە يەکگرتوەکانى ئەمريکا بوو لە ماوەى نێوان سالانى (١٩٦٩بۆ١٩٧٤) زايينى لە ئەنجامى هەڕەشەکردنى کۆنگرێس.[2]

لە سالى (١٩٧٥) کۆمەلێک دامەزراوەى گرنگى رۆژنامەگەريى بنکۆلکارى دامەزران، بە ئامانجى هاندان و گەشەپێکردنى رۆژنامەگەريى بنکۆلکارى کە تێيدا هانى نوسەرە خاوەن ئەزمونەکان دەدا، بتوانن چارەسەرى ئەو کێشە و بابەتانە بکەن کە کات و توانايى زۆرى دەوێت تاوەکو کۆتاييەکانى سالى(١٩٧٦ ) يەکێتييەک بە ناوى (کۆمەلى پەيامنێران و نوسەرانى بنکۆلکارى)پێکهێنرا، کە ئامانجيان قازانج نەويستبوو لە سەر دەستى کۆمەلێک لە نوسەران بەو پێيەى چۆن پەيامنێران رۆلێکى يەکلاکەرەوە بينن لە چوارچێوەى گەشەپێدان و دەرخستنێکى گەورە لە پێشکەشکردنى خزمەتگوزارى و بلاوکراوە هەوالیەکان لە سەر بابەتى بنکۆلکارى، لەگەل نوێنەرى پسپۆران و هەندێک خزمەتگوزارى ديکە [3]

---

[1] محمد نافذ صبحي فروانة، اتجاهات الصحفيين الفلسطينين نحو اخلاقيات الصحافة الاستقصائية، رسالة خير منشورة قدمت استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير،غزة: جامعة اسلامية، كلية الاداب، قسم الصحافة، ٢٠١٨، ص٥٤ .

[2] نبيل احمد سعيد سنونو، واقع الصحافة الاستقصائية فى المواقع الالكترونية الفلسطينية، رسالة غير منشورة قدمت استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة' الماجستير، ( غزة: جامعة اسلامية،كلية الاداب، العلوم الانسانية، ٢٠١٦)، ص٦٥

[3] محمد نافذ صبحي فروانة، اتجاهات الصحفيين الفلسطينين نحو اخلاقيات الصحافة الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٥٥

لە سالانی (١٩٧٩) هەمان ڕێکخراو بنکەی (بول و یلیامز) ی بۆ ڕومالکردنی بنکۆلکاری لە زانکۆی (میسۆری)، دامەزراند، کە تێیدا هێلکاری چۆنێتی برەودانی بنکۆلکاری، لەگەل باشترین خەلات بۆ نوسەرە بنکۆلکارەکانی تیدا راگەیاند.(1)

لەسالانی ١٩٨٠ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆمپیوتەر ئامێری پیشەیی ئەلەکترونی برەوی سەند. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری رۆژنامەوان خۆیان بەرامبەر ڕێکاری تەکنەلۆجی و ئەرک و بەرپرسیارێتی وقۆناغ و شێوازی نوێ بینیەوە، لە جیاوازی قۆناغەکانی لە خۆگرتنی ئامرازی نوێ تا دەهات رادەی گرنگیپێدان بە دارشتنی چەمکی رومالکردنی بنکۆلکاری بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر کە سەرجەم شیکردنەوەی بابەتە رۆژنامەگەرییەکان دەگرێتەوە لە ڕێگای ئامراز و ڕێکار و داتایی بۆ شیکردنەوەی تۆماری ئەلەکترۆنی گشتی و بنیادنانی بنەمای زانیاری نمونەی باوەرپێکراو(2).

گەرچی لە سالانی دەیەی کۆتای سەدەی بیستەیەم تۆری ئەنتەرنێت بووە هۆی گۆرینی چۆنێتی پێشکەشکردنی چیرۆکە بنکۆلکاریەکان هەروەها ئەنترنێت چەندین ئامرازی نوێی و کاریگەری پێشکەشکرد بە تایبەتی ئەوەی، کە پەیوەستە بە وێنە و نەخشە و بەلگەنامە و بنەمای داتایی.(3)

دوا بە دوای ئەویش لە بەریتانیا بە ئامانجی گرنگیدان بە بابەتی ئابروچون ئەم چەشنە لەرۆژنامەگەریی دەرکەوت، کە گرنگی دا بە و ئابروچونەی (بروفیمور) وەزیری دەریایی بەریتانی تێوەگلابوو لە پەیوەندی نا دروست، لەگەل (کریستین کیلر)،وە یەکێک لە سیخورەکانی سۆڤێت ئەم پەیوەندییەی بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە زانیاری لە سەر هێزی بەریتانیا شایەنی باسە لێکۆلینەوە بنکۆلکاریەکان سەرجەم گۆرەپانەکانی ڕۆژئاوای گرتبووەوە، دوای ئەویش لە ئیتالیاش رۆژنامەگەریی بنکۆلکاری دەرکەوت لە ئەنجامی لێکۆلینەوە لەو ئابروچون و گەندەلیە داراییە گەورەیەی، کە سەرۆکی ئیتالیا (جیوفانی لیونی) تێوەی گلابوو ئەنجامەکەی بە دەست لە کار کێشانەوە کۆتایی هات. هەروەها لە ئەلمانیاش ئەم جۆرە رۆژنامەگەریە بوونی هەبووە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە لە ئەلمانیای رۆژئاوا (ویلی برانت) یارمەتیدەری راوێژکاری ئەلمان بوو لە زنجیرەیەک سیخوری تایبەت بە ئەلمانیای رۆژهەلات، کۆتایی بەدەست لە کار

---

[1] مارک لی هانتر، لوک سینجیرز، الصحافة الاستقصائية الحديثة، ترجمة: يحيى واخرون مناهج شامل حسب معاييراريج، ( قطر: مؤسسة فريدريش ناومان من اجل الحرية، ٢٠٠٨)، ص٤٥

[2] روان عماد حمام، دور الصحافة الاستقصائية في كشف قضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين، رسالة غيرمنشورة، (عمان: جامعة شرق الاوسط، كلية الاعلام، ٢٠١٩)، ص١٢

[3] عيسى محمود الحسن، الصحافة الاستقصائية، مهنة المتاعب والاخطار، نفس المصدر السابق، ص٣٦

کێشانەوەی راوێژکاری ئەڵمانیا هێنا نمونەی زۆر هەیە لە سەر ئەم لایەنە و هەمو ئەم بارودۆخانە مەترسی لە ناوچون و کوشتنی هەریەکە لە لێکۆڵەرانی گەریدەکانی ئەم بوارەی لێکەوتەوە کە ژمارەیان دەگەشتە (٦٨) رۆژنامەوان لە سالانی، (٢٠٠١)، کە لەوانە نزیکەی (١٥) رۆژنامەگەرییان هۆکاری کوشتنەکەیان راستەوخۆ پەیوەست بوو بە کاری بنکۆڵکاری بابەتی گەندەڵی و ئابروچون ژمارەیەکی مەترسیدار بوو هەر لەو ساڵەدا تۆری رۆژنامەگەریی جیهانی تایبەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دامەزرا لە شێوەی کۆر بۆ گۆرینەوەی باشترین هەڵسوکەوت لە بواری رۆژنامەگەریی هەروەها روی لە گەشەکردن کرد بەهۆی دامەزراندنی ناوەندێک لە لەندەن بۆ رومالکردنی بنکۆڵکاری، دواجار رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بە شێوەی بەر فراوان گەشەیکرد لە سەرتاپای جیهان و کردنەوەی دەیان ناوەند و رێکخراوی تایبەت بەم بوارە کە زیاتر بۆ هاندانی رۆژنامەوانان بوو.[1]

## رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە خۆرهەلاتی ناوەراست:

سەبارەت بە خۆرهەلاتی ناوەراست دروستبوون و گەشەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دواکەوتبوو بە شێوەیەکی بابەتیانە نە ناسراوبوو، لە پێشەنگیشیاندا رۆژنامەگەریی (میصر) کاری بنکۆڵکاری بەبێ بەرنامە و پرۆگرام و رێباز و شێوازی نا چونیەک دادەرێژا و مامەڵەشی پێنەدەکرا لە ماوەی مێژوودا. ئەویش لە بەر چەند هۆکارێک، گەشەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر لە سێبەری ئازادیدا دەستەبەر دەبێت، کە پاراستنی رۆژنامەگەریی و رۆژنامەوانانە، ئەو ئازادیەی، کە بەر قەرار بوو بێگومان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆرێ. هەروەها کۆتوبەندی یاسایی رێکخراو بۆ کاری رۆژنامەگەریی زیاتر ئەوەی، کە پەیوەستە بە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، لە لایەکی دیکەوە فەراهەمنەکردنی دامەزراوە رۆژنامەگەرییەکان نەبوونی ژینگەی لەبار و گونجاو بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی بنکۆڵکاری سەرکەوتوو، خاڵێکی دیکە نەبوونی رۆژنامەگەریی راهێنراو بە هۆی فەرامۆشکردنی دەزگا رۆژنامەگەرییەکان لە راهێنانکردن بەو کارمەندانەی کە کاروباری دەزگاکە رادەپەرێنن سەرباری چۆنێتی شێوازی بیرکردنەوەی هەڵسوراوانی دەزگاکە کە ئارەزومەندی داهێنان و

[1] فاضل محمد البدراني، الصحافة الاستقصائية منهج جديد لكشف الفساد و تحقيق القيم الاجتماعية، ( بغداد، مجلة العلوم الانسانية، العدد١٣، جويلية ٢٠١٥)، ص١٤-٢١

تازەگەری نادەن.بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان بە دەست کەمی دیموکراتیەوە دەیانالاند.(1)

لە بنەرەتدا لە کاروباری یاسا و سیاسیەکان و جێبەجێکردن بە تایبەت ئەوەی پەیوەستبوو بە ئازادی بڵاوکردنەوە و بیروبۆچون و گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری و هەر مەرجێکی بنەرەتی کە لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری پێدەناسرێتەوە، ئەم بارودۆخە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەیەم وەک خۆی مایەوە بە نزیکراوی هاوکات لە گەورەترین دەرکەوتنەکان ئابروچونی چەکی بە سەر چوبوو کە درابوو بە سەربازە میسریەکان لە روبەرو بوونەوەیان لەگەڵ سەهیونیەکان لە فەلەستین، لە ساڵی(١٩٤٨) ئەم ئابڕوچونە لە لایەن نوسەر ئیحسان عبد القدوس لە ساڵانی ١٩٤٩ دەنگیدایەوە لە لایەن رۆژنامەوانە میسرییەکان بە باوکی راستەقینەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دادەنرێت. گرنگی کارەکە دەگەرێتەوە بۆ ئیحسان عبد القدوس و گۆڤارەکەی کە بە ناوی (روز اليوسف)، کە هەواڵەکەی لە سەر ئەم مامەڵە گوماناوییە گەیاندە رایگشتی، کە دواجار توانی کۆدەنگی کۆمەڵ بە دەستبهێنێ.(2)

دوا بە دوای میسر لە سوریاش لێکۆڵینەوەی هەریەکە لە (خالید موسی، براء بووشی) بە درێژایی سێ مانگ بەبیانوی بە کێشکردن و لادانی خۆڵ و خاشاک نزیک پایتەختی دیمەشق بە ئامانجی نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا لە راستیدا خەریکی چاودێری ئەو کارە بوون بۆ دەرخستنی شێوازی بەدرەفتاری بەڵێندەری کارەکە، لەگەڵ شارەوانی بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکە لە کاتی لێکۆڵینەوەی هەردو رۆژنامەوانەکە توشی روبەروبوونەوە و هەرەشە بوون لە لایەن ژمارەیەک کرێکارانی تایبەت بە کاری پاکوخاوێنی کە پاڵپشتی دەکران لە لایەن هەندێک بەرپرسی شارەوانیەوە.(3)

بەگشتی دەتوانرێت بووترێ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست بێبەشبوون لەم چەشنە لە ڕۆژنامەگەری، بەپێی بەرتەسکی ئازادی فەراهەمکراو تاوەکو ساڵانی (٢٠٠٥)، تا ئەو کاتەی کۆمەڵێک لە رۆژنامەنوسان دەستیان کرد بە ناساندنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، لەم پێناوەدا تۆرێکیان دامەزراند بە ناوی تۆڕی(نیریج)ەوە، کە لە سەرەتا تەنها لە ئەردەن و سوریا و لوبناندا ناسرا، دواجار بنکەکەی فراوان بووە تاوەکو هەریەکە لە فەلەستین، مصر، عێراق،

---

[1] شيم عبد الحميد قطب، رؤية القائم بالاتصال للعوامل المؤثرة على الصحافة الاستقصائية فى مصر بالتطبيق على موضوع موتى السجون، المجلة العلمية لقسم الصحافة بكلية الإعلام جامعة القاهرة، العدد١، ٢٠١٥، ص١٩٠.

[2] محمود علم الدين، التحقيق الصحفي كشكل من أشكال التغطية الصحفية التفسيرية و الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٣٤

[3] بشرى حسين الحمداني، التغطية الصحفية الاستقصائية، تحقيقات عابرة للحدود، نفس المصدر السابق،ص١١٦

بەحرین، یەمەن، تونسیشی گرتەوە. ئەم تۆرە خزمەتگوزاریەکانی رۆژنامەگەری( چاپکراو، پەخش، ئەلکترۆن)ی گرتەوە، دواجار لە ساڵی (٢٠١٠)، پێنج یەکەی تایبەتمەندی دیکەی کردەوە لە هەریەکە لە شارەکانی میصر، ئەردەن و فەلەستین، هەروەها لە هەوڵی رۆماڵکردنی بوون لە چەند ناوچەیەکی تر، پاشان لە کۆنگرەی سێهەم، کە لە عەمان ئەنجامدرا، (٣٠٠)، رۆژنامەوان هەر لە (عمان)ەوە تاوەکو مۆریتانیا کاریان لە سەر ناساندنی ئەم چەشنە لە رۆژنامەگەریی کرد، هەروەها لە (٢٠١٣)، چەند خولێکی چڕی تایبەت بە بوارەکە کرایەوە بۆ پێگەیاندنی رۆژنامەوانی لێهاتوو بووێر، لەگەڵ بوونی پاڵپشتی بەردەوام بۆ ئەم تۆرە لە هەریەک لە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان و پەیمانگای رۆژنامەگەری و زانستی هەواڵ، و بەرنامەی پاڵپشتی رۆژنامەگەری نێودەوڵەتی لە دانیمارک، هەروەها ئاژانسی گەشەپێدان و نێودەوڵەتی سویدی و وەزارەتی دەرەکی نەرویجی و باڵیوزخانەی هۆڵەندی لە عەمان. پاشان لە کۆنگرەی شەشەم بە پشتیوانی (٣٥٠) رۆژنامەوان، (٣٠) پسپۆری عەرەب و بیانی لە (٣٥) دانیشتندا، کە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە ڕوماڵکردنی بابەتی بنکۆڵکاری بە ناوی (ڕۆڵی رۆژنامەوانی عەرەب لە قۆناغی گواستنەوە)دا. دواجار لە ساڵی(٢٠١٥ )، لە لیبیا بیرۆکەی دامەزراندنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری سەریهەڵدا ئەوەبوو رۆژنامەوان (جلال عثمان) هەستا بە دامەزراندنی (پەیمانگا لیبیا بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری)ئەم پەیمانگایە لە ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٧ ) چەندین کۆنگرەی بە کۆمەڵی بە ئەنجام گەیاند، کە تێیدا رۆژنامەوان (عیماد علام) کرا بە سەرۆکی کۆمەڵەکە، پاشان لە (٢٠١٩) ئەم کۆمەڵەیە لە ناو زانکۆکانی ترابلس چەند ۆرکشۆپێکیان ئەنجامدا لە هەمانکاتدا وەک بابەتی خوێندن خرایە نێو پرۆگرامی خوێندن وتوێژینەوەی لە سەر ئەنجامدا.[1]

[1]- حسين على ابراهيم الفلاحى، صحافه التحرى والاستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، نفس المصدرالسابق، ص٤٦.

**دووەم: ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا**

عێراقیش وەک بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەراست بێبەش نیە لە گەندەڵی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە ژینگەکەیەوە دیارە، گەر سەرنج بدەین لە عێراق هاوشێوەی وڵاتە عەرەبیەکان کاری بنکۆڵکاری لە بارودۆخێکی ئاسان و لەبار نەهاتوە بە دەستەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەراوێز خستنی ئەو ئازادییەی کە ڕەنگدانەوەی هەبووە لە دوای ساڵانی (٢٠٠٣)ەوە، لە پانتایی ڕاگەیاندنی عێراقیدا، هاوکات شارەزایانی بواری بنکۆڵکاری راشکاوانە ئاماژە دەکەن بۆ نەبوونی ڕۆژنامەکەریی بنکۆڵکاری لە عێراق، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە بوارەکە لەگەڵ ئاستییکی لاوازی هەڵمەتەکانی بنکۆڵکاری، نەبوونی شەفافیەت لە لایەن دامەزراوە فەرمیەکانەوە لە ئاشکراکردنی ژمارە و زانیاریەکاندا و نەبوونی یاسای پاراستنی ڕۆژنامەوانی عێراقی لە لایەک، هەروەها لاوازی ڕۆڵی دامەزراوە یاساییەکان لە گۆرەپانی عێراقدا و ململانێی سیاسی نێوان حیزب و پێکهاتە سیاسییەکان لە لایەکیترەوە، پشتنەبەستن بەوەی لە توانای بنکۆڵکاریدایە پێشکەشی بکات، هاوکات زۆرێک لە دامەزراوە عێراقیەکان سەر بە لایەنی پارتە سیاسیەکان، لەگەڵ بوونی دوو دڵی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە لە ڕۆژنامەگەریی. سەبارەت بە بارودۆخی ئارامی بێگومان تا ڕادەیەک نا جێگیری پێوە دیار بووە.[1]

بە ئاماژەدان بە ساڵانی دوای روخانی رژێمی پێشووو بە شێوەیەکی بەرچاو ئازادیەکی فراوانتری بە خۆیەوە بینیوە. لە ساڵانی (٢٠١٠)ی زایینیی، تۆری ڕۆژنامەوانی نەیریج کە بنکە سەرەکیەکەیان لە عمان بوو هاتونەتە عێراق، ئەمە بووە هۆی ئەنجامدانی چەندین خولی تایبەت بە بنکۆڵکاری و بە دەستهێنانی چەندین خەڵات لە لایەن ڕۆژنامەوانانی عێراقیەوە، گەرچی دوا بە دوای ئەویش تۆری ڕۆژنامەوانی عێراقی لە پێناو ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری (نیریج)* لە ساڵی(٢٠١١) دامەزرا، کە لەلایەن چەند نوخبەیەک لە ڕۆژنامەنوسان بەڕێوە دەبرا، کە بەتواناو لێهاتوو بوون.[2]

---

[1] حسين محمد ربيع عثمان، الصحافة الاستقصائية كنمط المتحدث في الصحافة العربية،نفس المصدر السابق، ص١٥٦-١٥٨.

* **نیریج:** ئەم ڕێکخراوە (IMS) لە ساڵی(٢٠١١) ڕۆڵی هەبوو لە دامەزراندنی دامەزراوەیەک بۆ ڕۆژنامەنوسە بنکۆڵکارەکان کە ناسراوە بە(نیریج)، هاوکات دامەزراوەی نیریج دەستی بە کارەکانی کرد بە بەشداری(١١) کەس دامەزرێنەر(٥ عەرەب (٤ کورد هەروەها ڕۆژنامەنوسیکی بە ڕەگەز مەسیحی و یەزیدیەک)، ئەوان یەکەمین گروپی ڕۆژنامەنوسانی بنکۆڵکاریان پێکهێنا لە عێراق و دواتر کاریان کرد بۆ بەرفراوانکردنی دامەزراوەکە.

[2] حسين على ابراهيم الفلاحى، صحافه التحرى والاستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، نفس المصدرالسابق، ص٥٢.

هەر لە سەرەتای دامەزراندن و دروستبوونیەوە کاری دەکرد بۆ راهێنانی رۆژنامەوانە عێراقیەکانی بوارەکە و دەستەبەرکردن و دابینکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ رێنوێنیکردن و جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە و قوڵبوونەوەی پشتبەستو بەگەران بە دوای راستییە متمانە پێکراوەکان پاڵپشت بە سەرچاوە هەمەجۆر و پەیوەستدار بە بابەتەکە بۆ ئاشکراکردنی کێشە شاراوەکان ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ توانا و لێهاتوی بنکۆڵکارە عێراقیەکان و کارکردن لە لایەن چەند چینێکی رۆشنبیری بنکۆڵکار لە رۆژنامەگەریی عێراقی بە دواکەوتنی کێشە و گیروگرفت و گەندەڵی جۆراوجۆر لە کۆمەڵی عێراقیدا.(1)

هاوکات ئەم تۆرە پاڵپشتی مادی و مەعنەوی لە رێکخراوی (پاڵپشتی میدیایی نێودەوڵەتی)، بە دەست دەهێنا لە سێبەری ئەم تۆرە مادەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری خرایە ناو یەکەکانی خوێندن لە ئێستادا پیادە دەکرێت. هەر لەم تۆرەدا هەردو رۆژنامەگەریی عێراقی بە ناوی (سامان نوح و مۆفەق محەمەد)، خەلاتکران لە نێوان ١١٢ لێکۆڵینەوە کە پێشکەش کرابوون بە مەبەستی خەلات وەرگرتن لەکۆی ١٢ ولاتی عەرەبی کە لێکۆڵینەوەکەیان سەبارەت بە هەرێمی کوردستان بوو بە ناونیشانی (سوتانی ژنان لە هەرێمی کوردستان، هەمو بیست کاتژمێر جارێک کیژێک خۆی دەسوتێنێت، دەسەلات بێ توانایە لە راگرتنیدا.(2)

لە سەر ئەنجامی ئەو توێژینەوە زانستیانەی ئەنجامدراون لە عێراق ئاماژەن بۆ ئەوەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە عێراق دەناڵێنێت بە دەست سنوردار کردنی یاسا، کە بۆتە هۆی پەککستنی رۆژنامەگەری لایەک و نەبوونی یاسای پاراستنی رۆژنامەنوسان و سەختی گەیشتن بە زانیاریەکان بە هۆی نەبوونی رونی لە سەرچاوەکان لە لایەکی تر.(3)

سامان نوح بەرێوبەری جێبەجێکاری تۆری نەیریج دەڵێت: لە ژینگەی عێراق رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری روبەروی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە. دیارترینیان نەبوونی ئەو یاسایانەیە کە کاری بنکۆڵکاری ئاسان دەکەن، وەک یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری هەروەها ئاستەنگی دارایی کە بەرهەمهێنانی کاری بنکۆڵکاری سنوردار دەکات، وەک هەر بابەتێکی بنکۆڵکاری نرخی نێوان (٣٠٠-٨٠٠) دۆلاری ئەمریکی بە تێکرایی، هەروەها نوح پێیوایە، ئاستەنگی ئاسایش سەخترینیانە لە عێراق، پەنابردن بۆ گۆرینی ناوی رۆژنامەنوسان لە سەر بابەتەکان یان ئاماژەپێنەدانی لەپاڵ بابەتەکان بۆ ئەوەیە کەسێکی دیاریکراو نەکرێتە ئامانج، هاوکات بابەتەکان لە سەر بنەمای

[1] عزام ابوو حمام، المنهج العلمی فی الصحافة الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٣١

[2] حسين علی ابراهيم الفلاحی، صحافه التحری والاستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، نفس المصدرالسابق، ص٥٢

[3] فاتن علی داغستانی، الصحافة الاستقصائية، كلية التربية إبن رشد للعلوم الانسانية، ٢٠٢١ /١٢/٢٢، (am١:٠٠)، https://www.google.com/search?q=https%3A%2F%2Fwww.azzaman.com

گەڕانەوە بۆ ئەو ڕاستیانەی کە بە بەڵگەوە سەلمێنراون و پشتگیری دەکرێن لە لایەن فرە سەرچاوەکان، کە لە نزیکەوە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە.[1]

هەر بۆیە پێویستە لە سەر پەرلەمان و حکومەت، کار ئاسانی بکەن بۆ گەیشتنی ڕۆژنامەنوسان بە زانیاری و کارا کردنی یاساکان، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بە جۆرێکی سەخت و مەترسیداری ڕۆژنامەگەری هەژمار دەکرێت، کە پێویستی بە پاراستنی یاسایی هەیە، هاوکات کاری بنکۆڵکاری لە کاری میدیای عێراقدا گرنگی خۆی دەرخستوە لە هۆشیاریی بڵاوبوونەوە و هاندانی ڕۆژنامەنوسان بۆ چونە ناو ئەم بوارە و لێهاتویان پەرەپێبدەن و پەیوەندی بکەن بە مەبەستی  قازانج بۆ کۆمەڵگا و تاک و دامەزراوە و ئابووری وڵات.[2]

بێگومان لە هەرێمی کوردستان هاو شێوەی عێراق ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بە تەواوی نەناسراوە، هەنگاوی بۆ نەنراوە وەک پێویست، سەرباری پێشکەوتنی بەرچاو و بەردەوامی تەکنەلۆژیا، هاوکات لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا، ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی لە هەرێمی کوردستان، کە بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەت و ئابووری و کلتوری عێراقە، لەگەڵ هەمو ڕوداوە سیاسییەکانی ڕۆژ، ئەگەر چی لە خوار و ناوەڕاستی عێراقیشبن، پریشکی کۆتایی گۆڕانکارییەکان بەر هەرێمی کوردستان کەوتوە ، کاتێک باس لە گەندەڵی دەکرێت، کوردستان بێبەش نەبووە لەو گەندەڵییە، یاخود باس لە بوونی گروپ و دەستەی جیاوازی سیاسیی و جۆراوجۆر دەکرێت، کوردستانیش بەهەمان شێوە ئاوهابووە، هەر ماوەیەک گروپێک یان بزوتنەوەیەکی سیاسی، کارەکتەرێکی نوێی سیاسی بە فۆرم و پێناسێکی نوێ لە هەرێمەکەدا دروستدەبێت، خۆ ئەگەر نا، ڕوودا و گەلێک ڕوو دەدات، کە زەمینی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە تەواوی دەلەرزێنێت نمونەکانی (دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕوداوی شازدەی ئۆکتۆبەر. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، دروستبوونی حزبی نوێ).

لە نێو ئەم هەمو ململانێ سیاسیانەدا و لە نێو ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی ئابووریدا، لە نێوانی هەمو ئەو دانیشتنە دیپلۆماسییانەی، کە ڕوو دەدەن، لە بەر هەمو کۆبوونەوە نهێنییەکان، بوودجە، موچە، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەکردنی ئابووری، پەراوێز خستنی کارگێڕی،

---

[1] سامان نوح ، رؤية نيريج للمعوقات التي تواجة الشبكات ،٢٠٢٢/١/٢، (٨:٥٠ pm)، https://nirij.org . org.translate.goog/%D8%B1

[2]-فاتن على داغستانى، الصحافة الاستقصائية، نفس المصدر السابق. ٢٢، ٢٠٢١/١٢/،(١:٠٠am ) https://www.google.com/search?q=https%3A%2F%2Fwww.azzaman.com

نەبوونی متمانە، ئەمانە هەمو وایانکردوە رۆڵی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بەهای خۆی هەبێت و دەرفەتی گەورە لە بەردەم میدیاکار دروستبن تاوەکو بتوانێت کاریان لە سەر بکات و بنکۆڵیان بکات.

هەریەک لە لایەنەکانی (تەندروستی – کۆمەڵایەتی- ئابووری – سیاسی – نەتەوەیی) بۆشایی گەورەو روداو گەلی گەورەی تێداخولقاوە، کە دەرفەت دەداتە میدیاکار تا بنکۆڵیان بکات و وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە وەرگرێتەوە کە کار و زەحمەتی زۆرتری دەوێت..[1]

هەروەها لە سۆنگەی ئەوەیَ، کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر لە سێبەری ئازادیدا دەستەبەر دەبێت. هەر لەم سۆنگەیەوە (کاروان ئەنوەر)، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسان پێیوایە (بە هۆکاری ئەوەی، کە پێگەی کوردستان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، ناتوانێت ببێتە نمونەیەکی زۆر باش، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی رۆژنامەگەری هەتا ڕادەیەک لەبارە تیایدا، بەڵام ئێمە زیاترمان دەوێت لەوەی، کە ئێستا هەیە، رۆژنامەنوس و دەزگا و کاری زۆر باشی رۆژنامەگەریمان هەیە، کە لە کوردستان دەکرێت، کە میدیایەکی هێندە باشمان هەبێت کە لە ئاست میدیای وڵاتانی پێشکەوتو و دیموکراسی ناوچەکەدا بێت، هیوامان وایە لە چەند ساڵی داهاتو دا کاری رۆژنامەگەریی ئەوەندە ئازاد بێت، کە ببێتە دەسەڵاتی یەکەم، هەرچەندە هەندیَ لە پسپۆرو شارەزایان پێیانوایە لە ئێستادا سۆشیاڵ میدیا بۆتە ریگر لە بەردەم کاری سەرەکی رۆژنامەوانیدا و رۆژانە لەو ڕێگەیەوە پێشێلکاری ئەنجام دەدرێت، کە دەبێت ئەو پێشێلکاریانە رابگیرێن و ئەم کارانە بە یاسا ریکبخرێن).[2]

هاوکات دکتۆر (کارزان محەمەد) نەرێنیانە دەڕوانێتە بارودۆخەکەو پێیوایە، کە" (دۆخی هەرێم لە ناوەراست و باشوری عێراق باشترە، کاریگەرییە نەرێنییەکان پتر تایبەتن بە پاشەکشەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، ئەویش سەرجەم بوارەکانی گرتۆتەوە نەک تەنها میدیا، پەیوەندی راستەوخۆی بە سیستم و حیزبی زاڵە لە هەرێمدا، کە حەز بە ئازادی رادەربڕین و دەنگی جیاواز ناکەن، لە کاتێکدا دەبیَ ئەو حەقیقەتە بزانن پێوەری دیموکراسی بریتیە لە میدیای ئازاد نەک دروشمی پارت و سەرۆک دەسەڵاتدارەکان، میدیاکانیش وەک دەسەڵات کە متەرخەمبوون لە ئاست ئەرکەکانیان، ئەمەش پەیوەندی بە سیاسەت و بەرپرسانی میدیاوە هەیە، هەندێکجاریش کەم تەرخەمی خودی رۆژنامەنوسانە لە ئەرکەکانیاندا، هێشتا

---

[1] بەهرۆز فریدون، رۆژنامەنووس لە تۆڕی میدیایی رووداو، کاتی چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/١/١٥، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان، (٥:٠٠ pm)

[2] کاروان ئەنوەر، ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادیی رۆژنامەگەریی لە کوردستان چیە؟ ٢٠٢٢/١/٧ ، (١:٠٠pm) https://www.google.com/search?q=%D8%8C+https%3A%2F%2Fwww(.sbeiy.com

ڕۆژنامەنوسی بوویر و هەم میدیاکاری پسپۆر لە بابەتی بنکۆڵکاری و بە دواداچونمان کەمە، بەڵام میدیای وروژێنەر و ڕوزرزەردمان زۆرە، کە لە سەر بڵاوکردنەوەی واتەوات دەژین، بۆیە میدیاکانیش پێویستیان بە سیستم و یاسایەکی دیموکراسی هەیە ئۆرگانیزەی بکاتەوە.[1]

لەگەڵ ئەوەی بە لای جەماوەرەوە ئەم مۆدیلەی ڕۆژنامەنوسییە گرنگە، بەڵام ئەوەی هۆکارە بۆ لاوازی ئاستەکەی بریتیە لە خودی ڕۆژنامەنوسان لە لایەک و بارودۆخی هەرێمیش کە تێیدا ڕۆژنامەنوسیی بە سەر حیزبەکاندا دابەشبووە لە لایەکیترەوە. لەگەڵ کەمی هاندانی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکار چ لە لایەن دامەزراوە میدیاییەکان، یان ڕێکخراوە میدیاییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان، ئاگاییان دەربارەی کاری ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری هەیە، هەروەها توانایان هەیە لە جۆرەکانی دیکەی ڕۆژنامەنوسی جیابیکەنەوە، کە چی خودی ڕۆژنامەنوسان و دەزگا ڕۆژنامەنوسییەکانیش، وەک پێویست گرنگیان بەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنوسییە نەداوە و کەمترین کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریان ئەنجامداوە.[2]

هەروەها، نەبوونی پرەنسیپ و بنەمایەکی دیاریکراو بۆ لەدایکبوون و دروستبوونی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەر ڕوبەرێکی جوگرافی بێگومان ئەم پرەنسیپ و بنەمایانە هێشتا بۆ ڕۆژنامەوانی کورد دەستەبەرنەکراوە. هەرچەندە هەوڵی کەم تا زۆر دراوە هاوکات لە سەر زاری چەند ڕۆژنامەوانێکی دیاریکراو ئەم زاراوەیە دەبیستیت یاخود باسی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەریە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەند خولێک تایبەت بۆ ئەم جۆرە دەکرێتەوە، خەڵکانێک تێیدا وانە دەڵێنەوە خەڵکانێکیش تێیدا بەڵگەنامە بە دەست دەهێنن، ڕەنگە لە ئاستەنگە بنەرەتییەکانی بەردەم ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە تێنەگەشتبن، بەڵام دواجار بە هەرەشەکردن یان بە لە ناوبردنی ڕوژنامەوان کۆتایی پێهێنراوە. واتا ئەم جۆرەی کارکردنە زوربەی جار ژیانی ڕۆژنامەوانەکە یان ئەو تیمەی کاری، لەگەڵ دەکات دەخاتە مەترسیەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، چەند کارێکی کەم لەسەر ئەم جۆرە کراوە، جگە لە وردەکاریە گرنگ و تایبەتمەندەکانی ئەم جۆرەی ڕۆژنامەگەرییە، هاوکات گومانی تێدا نیە گەر لە سەر ئاستی عێراق وەک پێویست کار لە سەرئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەگەرییە نەکرا بێت، ئەی کەواتە لەم هەرێمە بچوکەدا دەبێت بارودۆخی چۆن بێت؟ هاوکات لە ٢٢وڵاتی عەرەبیدا، هەزاران کەناڵی

---

[1] - کارزان محەمەد، ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان چیە؟ ٢٠٢٢/١/٧، (pm١:٠٠ )، https://www.google.com/search?q=%D8%8C+https%3A%2F%2Fwww(.sbeiy.com

[2] دەشتی عەلی ڕەشید، پێگەی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا، هەمان سەرچاوەی پێشووو،٢٠١٧، ل٨٧

ئاسمانی و دەیان هەزار رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەری ئەلکترونی لێدەربچێت و رۆژانە دەیان ملیۆن دۆلاریان بۆ خەرجبکرێت و، خاوەنی هەزاران ئەکادیمی و پرۆفیسۆریش بن لە بواری رۆژنامەگەریدا و بوونی سەدان میدیاکاری بەناوبانگ، هێشتا ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە نەخەملێنرا بێت، یان وەک پێویست کاری لە سەر نەکرا بێت. ئەی دەبێت لە هەرێمێکی بچوکی وەک هەرێمی کوردستان دا، کە هێشتا میدیا بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی و، بە سیاسیکردنی میدیا کاریگەری گەورەی بە سەر پیشەییبوونی ئەم کایەیەوە جێهێشتوە چۆنبێت، هاوکات سەرباری رێگرییەکانی حکومەت و حزبە باڵا دەستەکانی هەرێم و شاردنەوەی زانیاری و مەترسی لە سەر ژیانی رۆژنامەوانان کار بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات کراوە.[1]

هەر بۆیە دەتوانرێت بووترێت رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا لە نەبوونەوە نزیکترە، تەنها هەندێک هەوڵی کەم نەبێت، کە ئەویش دواجار خاوەنەکەی روبەڕوی مەترسی دەبێتەوە بێگومان هەمو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسا و نەبوونی پەروشی بۆ کارکردن لەم بوارەدا ئەوانەش، کە ئازایەتیان هەیە پێدەچێت بواری دارایی و کاتی پێویست و رۆژنامەنوسی کارایان نەبێت، لەگەڵ هەمو ئەوانە، کە باسکران زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بواری رۆژنامەگەری، چاوەروانی ئاسۆیەکی گەش و رون و سەرکەوتوو کاریگەرن لە دوارۆژی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەکەن. هاوکات رێکخراوەکانی رۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی هەوڵدەدەن ئەم جۆرە هونەرە بخەنە چوارچێوەی گرنگپێدان و بیکەن بە پێشەنگ و پێشمەرجی هەر کارێکی رۆژنامەگەریی کە بۆ گۆرانکاریەکانی کە لە ئەمرۆدا پێویستە.[2]

لە کۆتایی توێژەر دەگات بە و راستیەی، دوارۆژی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتتر لە عێراق و کوردستان بەندە لە سەر بارودۆخی دیموکراسی راستەقینە و چێژ وەرگرتن لە ئازادی بیروڕا و گۆڕینی بیروڕای رۆژنامەوان لە شێوازی هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵ بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان هەروەها فراوانبوونی چوارچێوەی ئازادی بۆ گەیشتن بە و زانیاریاریانەی، کە بەڵگە و سەلماندن پێشکەش دەکات. دواجار بەسودی بەرژەوەندی گشتی دێتەوە، هەروەها پاراستنی رۆژنامەوانی بنکۆڵکار لە فشاری کۆمەڵایەتی، مادی، ئیداری و سیاسی. بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری نوێ، کە جێگای سەرنجراکێشان مشتومڕ بێت لە هەرێمی کوردستان دا.

---

[1] ئەرشد خەلیل شوانی، مبدیای بەدواداچوون، ( هەولێر: خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،٢٠٢٠)، ل١٣٥

[2] ئاشتی حمە صالح حسێن حەسەن، رۆڵ و گرنگی رۆژنامەوانیی و کاراکردنی ئەگەرەکانی لە دەزگا میدیاییە نوسراوەکانی هەرێمی کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل٣٠

**سێیەم: تایبەتمەندیەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری**

بێگومان یەکێک لە داواکاری بەردەوامی هەر دامەزراوەیەک لە هەڵسوراوانی ئەو پەڕی زیرەکی و ژیری و رۆشنبیری و ئەزمون و ناسکاریە، سەرەڕای بە هێزی خودی بۆ ماوەی بەدەستهاتو ڕاهێنراو لە سەر تێبینی و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هەمیشەیی. بەو پێیەی رۆژنامەوانێک هاوتا و هاوشانی مێژوو نوسێکە لە پابەندبوونی بەردەوام لە شیکردنەوە و بەدواداچوندا، بە ئامانجی دۆزینەوەی بنەما و بنچینەی دروست بۆ ئەنجامدانی بەرزخوازی پاساوی رۆژنامەوانانە سەرەرای پەیوەستبوون بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاریکراو، کە بریتین لە:

١- رۆژنامەگەریی پیشەیەکی پڕ ئاستەنگە: چونکە رۆژنامەوان بە دوای زانیاری حەشاردراوی باس لێنەکراودا دەگەڕێت، لە سەرچاوە رەسەنەکەیەوە. زانیاریەک کە رەنگە هیچ کەسێک ئامادەی ئاشکراکردنی نەبێت سەرەڕای گرنگیدان بە وردی و دروستی و راستگۆی و متمانەداری. و پەیوەستبوون بە بێلایەنی و سەربەخۆی و بێگەردی و دورکەوتنەوە و دەستلێکێشانەوە لە هەمو ویستێکی دیاریکراو.[1]

٢-پێویستی بە پلان و توێژینەوە و وردبوونەوە هەیە لە زانیاریەکان و دڵنیابوون لە راستی سەرچاوە جیاوازەکان.[2]

٣- کاری بنکۆڵکاری پێویستی بە ئارامگرتنی زۆرهەیە، چونکە ڕۆچونە بە نێو قوڵایی بابەتە مەترسیدارەکان و ئاشکراکردنی ئەو راستیە نهێنی و شاراوانەی، کە کەسانێک هەوڵی بە نهێنی مانەوەی دەدەن.[3]

٤-نوێکاری، راگەیاندنی بنکۆڵکاری شێوازێکی نوێی راگەیاندنی هاوچەرخە، جیاوازە لە راگەیاندنی کلاسیکی[4].

٥-ئاشکراکردنی دیاردەیەک (ناتەواوییەک، پێشێلکاریەک) لە توێی بنکۆڵکاری بارودۆخە جیاجیاکانی ناو سیستمێکی دیاریکراو، دۆزینەوەی هەڵەی گەورە یان بارودۆخی گەندەڵی و ئابروچونەکان بە بەڵگە،کە پێشتر هیچ لە بارەیانەوە بڵاونەکراوەتەوە.بۆ نمونە بارودۆخی گەندەڵی کە پۆلیس ئاشکراینەکردوە و سەرنجیانەداوە، یان لیژنە حکومیەکان پشتگوێیان

---

[1] عربي المصري، التحرير الاستقصائی، نفس المصدرالسابق، ص٤

[2] منير أبوو راس و اخرون، الصحافة الاستقصائية مفهومها و ماهيتها..نشاتها و تطورها..علاقتها بالبحث العلمي، (غزة، جامعة الاسلامية، كلية الاداب، ٢٠١٢)، ص١٣

[3] ايناس ابوو يوسف واخرون، الصحافة الاستقصائية من اجل التنمية، (مصر،مكتبة المصر العربية مؤسسة الفرديتش ايبرت، ٢٠١٦)، ص٧٤

[4] عيسى عبد الباقی موسى، الصحافة الاستقصائية، نفس المصدرالسابق، ص٧٠

خستوە، بێدەنگیان لێکردوە، یا خود دامەزراوەیەکانی سانسۆری گشتی نەیاندۆزیوەتەوە و دادگاش بە دوایدا نەگەڕاوە، بەڵام رۆژنامەوانەکە خۆی پەردەی لە سەر هەڵماڵیوە و دۆزینەوەی حاڵەتەکانی کەموکورتی (لە یاساکان یان لە سیستمە کارگێرییەکاندا) بە مەبەستبێت یان بێمەبەست بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکاتە سەر کاری سیستمی سیاسی و کارگێری.[1]

لە میانەی دەربڕینەکانی سەرەوە توێژەر دەگات بەو راستیەی سەرەرای کارکردن لە بواری بنکۆڵکاری و کارکردن بۆ بەرژەوەندی گشتی هاوکات خاوەن تایبەتمەندی دیاریکراوەن، بەوەی بنکۆڵکاری کەسانێک پەسەند دەکات کە ئارەزومەند و شەیدایبن، تەنها پارێزەری ژێری و زیرەکی بێت، تاکە خۆراکی یاسا بێت، ناوبانگی پرشنگ و زێڕین بێت، بێنرخی نەکات لە ئاست راستیەکاندا بە ئامانجی بەرژەوەندی گشتی، ئەمەش بە گەران و کاتی زۆر و تێچوی زیاتر و نوسین و بڵاوکردنەوەی زۆرتر و پێشکەشکردنی بابەتی پشتبەستوو بە بەڵگەنامە و دەرخستنی راستیەکانە لە هەر هەنگاوێک کە دێتەدی بۆ درێژەپێدانی بوارەکە و برەودانی زیاتر ئەمەش بەردەوامبوونی هەریەکە لە رۆژنامەگەریی لێهاتو سەرچاوە و دارایی پێویست بە ئەنجام دەگات.

**چوارەم: ئامانجەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری:**

لێرەدا دەتوانین چەند ئامانجێکی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دیاری بکەین، کە هەموویان دەچنە خانەی ئامانجێکی سەرەکی و پڕ بایەخەوە، دواجا لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی خۆی دەبینێتەوە، لە رێگای چاکسازیکردن لە هەلومەرجەکە و دروستکردنی ئاڵوگۆری ئەرێنی لە کۆمەڵدا، لە و ئامانجانەش:

١- گەیشتن بە ڕاستی و زانیارییە پەردە پۆشکراو و شاراوەکان، دەرخستنی زانیارییە گرنگ و چارەنوسسازەکان، هەروەها دیاریکردنی بابەتییانەی بەرپرسێتیەکان.

٢- گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕێکخستەی کۆمەڵایەتی و کەلێنەکانی، پەخش و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە کاراکردنی رەوتەکانی چاکسازی و گۆرانکاری ئاراستە دەکات.

٣- خستنەرو ئاشکراکردنی پەنهانیکراوەکان لە هەندێکاتدا بە تێپەراندن و دەرچون لە یاسا بە ئامانجی بەرژەوەندی گشتیی. هاوکات بە بازدان بە سەر یاسا لە بارودۆخە ویستراوەکان پێویستی بە پاساو هێنانەوە دەبێت باشترین پاساو لەم کاتانەدا بەرژەوەندی کۆمەڵە تێیدا

---

[1] سامان نوح، دەروازەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، پرۆگرامی راهێنان لە تۆری عێراقی بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری(نیریج)، و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، (سلێمانی:چاپخانەی رۆژهەلات هەولێر، ٢٠١٩)، ل٢٧-٢٨

بەرپرسەکان لە پێشیلکاری کەموکورتی ناو سیستەمەکان بەرەو لێپرسینەوە دەبات گەر وا نەبێت ئەوا خودی رۆژنامەوان توشی سزا دەبێت. (1)

٤- ئازایەتی و بوێری ئامانجێکی دیکەی کاری بنکۆڵکاریە، بەو پێیەی کە هەندێ ئەنجام لە بنکۆڵکاریدا مێژووی دەوڵەتێک دەگۆڕێ یان دەبێتە هەڵگیرسانی شۆرش لە کۆمەڵدا. ئەمە ئەو سەرکەوتنەیە کە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بە دەستی دەهێنێ لەکاتی ئەنجامدانی بنکۆڵکاریدا.

٥- کاردەکات بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەتەکان، ئاشکراکردنی گەندەڵی وسیستەمی کەسانی بەرپرس لە بەرامبەر خەڵکدا. ئەمەش لە ڕێگەی بابەتەکانیەوە بە ئەنجام دەگات.

٦- رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئامانجێکی نابابەتیانە ئاراستە دەکات، ئەویش ئارەزوی چاکسازیە لە کۆمەڵ و ژیان، بەرپرسیارێتی رۆژنامەوان لە وەدایە راستیەکان بناسین تاوەکو ژیانی پێبگۆرین.(2)

لە نواندنی هەمو ئەو دەربڕینانەی سەرەوە توێژەر دەگات بەو ڕاستیەی ئامانجی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بۆ تەواوکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتی دەسەڵاتە جۆرا وجۆرەکان و ئاشکراکردنی ئەو ڕاستی و بابەتانەیە کە زیان بە کۆمەڵ دەبەخشن. و پرۆسەی بەرەو پێشچوون و رزگاربوون لە رەگەزە زیانبەخشەکان. هەروەها رەوتی چاکسازی لە ناو کۆمەڵ زیاتر و ئاسانتر بکات، هاوکات کارکردنە بۆ هەڵسەنگاندنی نواندنی حکومەتەکان، و گۆرین و بەرەوپێشچون کەمبوونەوەی گەندەڵی و دەرخستنی پەنهانیکراوەکان گەیشتن بە سەرچاوەی چارەنوسساز و کەموکوڕییەکانی ڕێکخستەی کۆمەڵایەتی و کەلێنەکان و بردنی کۆمەڵ بەرەو گۆرانکاری و سەرخستنی لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیان.

---

[1] سامان نوح، سەرچاوەی پێشووو، ل٢٤

[2] عبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل٢١٦

## باسی سێیەم: ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری (ئەرک، ئاکار، دەرفەت و ئاستەنگەکان)

### یەکەم/ ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری چاودێریکردنە، ئەویش لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەکێشە ئەو گیروگرفتانەی کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن. بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەگەندەڵی، وێڵبوون، لادان و کاری نادروست لە کۆمەڵدا، لەگەڵ بوونی سنورێکی دیاریکراو لە ڕووی پیشەی و یاسای بۆ کاری بنکۆڵکاری، کە پاڵنەرێتی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی. لە دەرەوەی کارکردن بەهەست و سۆزی تایبەت و بەکارهێنانی سەرجەم ڕێکار و شێوازی کارنامە و پرۆژە و نەخشەی پیشەی سەردەمیانە بۆ ڕووکەشکردن و پەردەلادان لە سەر تاوان و گەندەڵیەکان[1]

هاوکات لێرەدا ناتوانرێت ئامۆژگاری (کن بیزیو) لە یاد بکەین، کە دەڵێت: ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، کە ڕۆژنامەوان پێیهەڵدەستێ دەشێ جیهان نەگۆرێت بەڵام، گۆرانکاری چارەنوسساز دەخولقێنێ.[2]

بێگومان لە سەرجەم کۆمەڵەکانی جیهاندا تەنانەت لیبرالیەکانیش ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بە کۆمەڵێک ئەرک هەڵدەستێ کە دیارترینیان بریتیە لە:

١- ڕۆڵی چاودێر دەگێرێت بەسەر حکومەت و پرۆژە گشتیەکان لەگەڵ تایبەتمەندەکان، بە پەردە هەڵماڵین لە سەر هەر هەڵە و گەندەڵیەک، بە ئەنجامدانی لە ئاست کۆمەڵدا.

٢- یەکێک لەگرنگترین هۆکارەکانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ڕۆڵی چاودێرکارە لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ بوونی ئازادیەکی بەرفراوان کە ڕۆژنامە چێژ و کەڵکی لێدەبینێ لەو کۆمەڵانە، سەرباری ئەو پارێزگاریکردنە کە یاسا دەیگرێتە ئەستۆی بۆ ڕۆژنامەکان ئەوانەی توشی ڕوبەڕوبوونەوە و کێشەی لادانبوون لەبەر زەبروزەنگی دەسەڵاتی سیاسی باڵا دەستەکان.

٣- لە کۆمەڵە لیبرالیەکاندا یاسا بوار بە ڕۆژنامەوانان دەدات، کە مافی ئاشکرانەکردن و بەنهێنیکردنی ئەو سەرچاوانەی کە زانیاری لێ بەدەستدەهێنن، زۆرێک لە ڕۆژنامە

---

[1] طارق تقي، الصحافة الاستقصائية هي مراقبة الحكم المحلي و مراقبة الفساد، ( العراق: جريدة المدى، العدد، ٢١٧٩، ٢٠٢٢/١٢/٢٥ )، ص١١، (٢:٠٠ am)، https://almadapaper.net/view.php?cat=47787

[2] عربي المصري، التحرير الاستقصائى، نفس المصدرالسابق، ص٥٧

ئەمریکی و ئەورووپییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لە ڕەوانەکردنی سەدان گەورە پیاوی وڵات بەرەو بەندیخانە.[1]

٤- یارمەتیدەرە لە گۆڕینی ڕامیاری گشتی و بەجێهێنانی گەشەی بەرچاو دیار لە سەرجەم کایەکانی ژیان لەوانە، ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاشکراکردنی گەندەڵی کێشە و گیروگرفت کە دەتوانێت ببێتە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانی ڕایگشتی هەروەها ئارەزومەندی کۆمپانیا گەورەکان و دووبەرەکی کەسانی ناو دەسەڵات پاراستنی ڕایگشتی لەو لایەنانەی لە هەوڵی بە هەڵەبردنیدان، لە ماوەی هەندێ داتا و زانیاری دەستکەوتوو لە هەندێ کەس یان ڕێکخراو.[2]

بێگومان وەک ئەوەی کە لە سەرەوە ئاماژە بە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی کراوە کە ئەرکی چاودێرکاری و پاراستن و پاسەوانیکردنی هاوڵاتییانە لە بەرامبەر هەر پێشێلکاریەک کە بەئەنجام دەگەیەندرێت هەر ئەمەش هۆکارە بۆ ناساندنی بە (دەسەڵاتی چوارەم) لێرەوە چەندین تێڕوانینی دیکەی جیاواز هەیە بۆ ئەرکی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کە دەیخەینەڕو:

**یەکەم/ ئەرکی چاودێرکاری**

ئەم ئەرکە بەدرێژکراوەی چەمکی (دەسەڵاتی چوارەم) دادەنرێت، بە واتای ڕۆژنامەگەریی لە هەوڵی بەردەوامە بۆ چاودێرکاری هەمو ئەوشتانەی کە بە نادروست و نەگونجاو دادەنرێت لە کۆمەڵدا، وەک چاودێرکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانی کۆمەڵ. هەر بۆیە ڕۆژنامەوان ڕۆڵی پاسەوانی بەئاگا دەبینێت، وەک پاسەوان چاودێرکارێکی چاوکراوە و نەترسە لە ئاست هەر خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و چاودێریکردنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵ، لە گەندەڵی و لادان و کەموکورتی. ئەمانە هەموی بە پشت بەستن بە بنەمای مافی زانیین و ئازادی دەستەبەر دەبێت.

**دووەم/ ئەرکی پاسەوان**

مەبەست لەم ئەرکە، تەنها چاودێریکردنی دامەزراوە پێکهێنەر و جێبەجێکارەکانە لە نێو کۆمەڵ لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریەوە، زیاتر سوربوون لە سەر چاودێری و تێبینیکردنی ڕەگەزە هەرزەکاریەکانی نێوەند کۆمەڵ بە ئامانجی بەربەستکردنی هەر لادان و

---

[1] عبد الرزاق الدليمى، الصحافه الاستقصائية، نفس المصدرالسابق، ص٣٥.

[2] فهد ابوو عميرة، الصحافة الاستقصائبة والمفهوم نشاءة و الشروط و الوظائف،٢٧/١٢/ ٢٠٢١، (٧:٥٠ pm)_ https://www.rqiim.com/fahdabouemaira

کەموکورتی، کە لە خانە و پێکهاتە بچوکەکان رودەدەن و دەبنە هۆی تێکدانی پەیوەندیە پتەو بەهێزەکان.[1]

**سێیەم/ ئەرکی هۆگر و گوێزەرەوە**

مەبەست لەم جۆرە ئەرکەدا رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دامەزراوە سیاسیەکان و کۆمەڵایەتیەکان لە ئەستۆ دەگرێت. بەبێ سەربەخۆبوون و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی سیاسی، گوێنەدان بە راوبۆچونە جیاواز و جیاکاریەکانی نێو کۆمەڵ، بە تایبەت ئەوانەی کە نەگونجاوە لەگەڵ بەرژەوەندی ویستی دامەزراوە جێبەجێکارەکان، هاوکات لێرەدا وەک ئامرازێکی گوێزەرەوە خۆی دەنوێنێت بۆ ئەو پرس و بابەتانەی کە لە ویست و دەسەڵاتی سیاسیدایە بۆ ئاشناکردنی کۆمەڵ بەو بابەتانە، کە خۆی مەبەستێتی بەبێ روبەروبوونەوە و نارەزای و گازندە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت.

**چوارەم/ ئەرکی سەرکردەی**

لێرەدا رۆژنامەوان بە رۆڵی دانانی بایەخبەندی بۆ پرسە پێشنیارکراوەکان لە گۆرەپانی سیاسی هەڵدەبەستێت، بە شێوەیەک رۆژنامەوان وەک پالافتگەیەک رۆڵ دەبینێ بۆ دانانی چارەسەر و رێکخستنی پرسەکان بە پێی گرنگی و بایەخبەندیان، پێش خستنە ڕوویان بۆ جەماوەر، هەروەها هانی سیاسیەکان دەدات بەدواداچون بۆ ئەم پرسانە بکەن بە هۆی کاریگەری و بایەخیان، لە بەرئەوەی لە چوارچێوەی گشتیدان و جێگای سەرنجی هەموانن، بەمەش رۆڵی سەگی سەرکردە دەبینێت لە رێگەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی گرنگی پێدانێکی تایبەت بۆ زیاتر رومالکردنی پرسێک لە جۆرەکانی تر.[2]

**پێنجەم/ ئەرکی رێبەری**

رۆژنامەوان بە رۆڵی رابەرایەتی و رێنوێنکردنی هاولاتیان و رایگشتی بە پێدانی زانیارییەکان دەربارەی سیاسەت و سیاسەتمەداران هەڵدەستێت، کە پێویستیان پێیەتی لە دروستکردنی بریار و هەڵسەنگاندنی سەرکردەکانیان.[3]

لەکۆی دەربرینەکانی سەرەوە توێژەر بەو راستیە دەگات بێگومان رۆژنامەوان بەکۆمەڵێک ئەرکی گرنگ هەڵدەستێ کەم تا زۆر بەمەبەستێ ئەنجامدانی چاکسازی گشتی و گۆرینی ژیان. هاوکات لە سەرجەم کۆمەڵەکان بە لیراڵیشەوە بە ئەرکێ جیاواز هەڵدەستێ، بە وپێیەی کە

---

[1] ارشد خلیل شوانی، میدیای بەدواداچوون، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل٨٨

[2] – ئاشتی حمە صالح حسین حسن، رۆڵی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل٣٣٤

[3] دەشتی عەلی رەشید، پێگەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل٤٨

ئەگەر نەتوانێت جیهان بگۆڕێ دەشێ گۆرانکاری بەرچاو دروستبکات. لەو ئەرکانە رۆلی چاودێر دەگێرێت بەسەر حکومەت و پرۆژە گشتیەکان بەرامبەر هەر هەڵەیەک کە بە ئەنجام بگەیەنرێت لە کۆمەڵ، مافی ئاشکرانەکردن و بەنهێنیکردنی ئەو سەرچاوانەی کە زانیاری لێبەدەستدەهێنن، کە لە ئەنجام گەیاندنی گەندەڵکارانە بەدادگا، جگە لە ئەنجامدنی ئەرکی جیاکار، لەوانە ئەرکێ سەرکردە، ئەرکی پاسەوان، ئەرکی هاوکار، ئەرکی رێبەر، ئەرکی چاودێر لەهەریەکە لەم ئەرکانە رۆڵی بەرچاو و جیاواز دەبینێت کە مەبەستە سەرەکیەکەی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتیە.

## دووەم/ ئاکاری کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری

بێگومان پیشەیی رۆژنامەگەریی وەک هەر پیشەیەکی دیکەی ناو کۆمەڵ خاوەن ئاکار و رەفتاری تایبەت بە خۆیەتی، جیاوازە لە پیشەکانی دیکە، بە جیاوازی سەرجەم ئاستەکان هزر دەدوێنێت و کۆمەڵێک کردار بۆ تاک و کۆمەڵ ئەنجام دەدات، هاوکات ئەم تایبەتمەندیەی پیشەی رۆژنامەگەرییە لەم تایبەتمەندییانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەوانە، لە پێناو رازیکردن یان روبەروبوونەوەی پێویستیەکی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و شەرعیەتی بوونی خۆی لە پێویستی ئەنجامدانی چالاکی لەگەڵ جەماوەردا سەرچاوە دەگرێت، بە بوونی بنەما و میتۆدێکی زانستی، زانیینی ئەو رێسا و یاسایانەی، کە بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و دیاریکردنی چارەسەرەکان[1].

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی پەیماننامە و یاسا هاوچەرخەکان جەخت لە سەر ئازادیی رۆژنامەنوس دەکەنەوە، چونکە بەبێ بوونی ئەو ئازادییە رۆژنامەگەریی ناتوانێت بە ئەرک و رۆڵی خۆی هەڵسێت و ببێتە چاودێرکارێکی باشی دەسەلاتەکان و پارێزەری بەرژەوەندی گشتی، ئازادی بەو مانایە نایەت کە رۆژنامەنوس بە ئارەزوی خۆی هەر کارێکی بووێت ئەنجامی بدات بەڵکو، بەو مانایە دێت ، کە رۆژنامەنوس ئازادە لە کارکردن لە سەر بنەمای ئاسۆ و بیرکردنەوەی فراوان و رێز گرتن لە ئازادی کەسان و هاوپیشەکانی بەرامبەری.[2]

رێبوار سیوەیلی دەڵێت: ( ئاکار بریتیە لە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانە لە ئیتیک، یاخود ئەو بەشەیە لە فەلسەفە، کە خۆی بە هەڵسەنگاندنی رەفتارە ئیتکییەکانەوە سەر قاڵدەکات).[3]

---

[1] محمد عبوود مهدی، اخلاقیات العمل الصحفی المفهوم والممارسة، ( کربلاء، مجله لاهل البیت علیه السلام، العدد (٣) ٢٠٠٦/٤/٢٦، ص١٩٨

[2] مصطفی یوسفي کافي، الاعلام والفساد الاداری و المالی و تداعیاتة علی العمل الحکومي، (عمان، دار الحامد للنشرو التوزیع، ٢٠١٦)، ص٣٠

[3] رێبووارسیوەیلی، نوسین و بەرپرسیارێتی، چ٢ (سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦)، ل١٨

بنەما ئیتیکیەکان لە سەر بەهای کەسی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی ئیتیکیەکان بنیادنراوە، رەگ و ڕیشەیان لە ئاوەز و عەقڵی مرۆڤدایە، بۆیە پابەندبوون و پەیرەوکردنی بنەماکانی ئێتیک بە واتایی پەیرەوکردن و پەیوەستبوونە بەو بەهایانەوە لە کاری رۆژانەدا دەبینرێت.

هاوکات دەربارەی ئاکاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری (سیلفیو وایزبوورد)،کە مامۆستای رۆژنامەگەریی هەردوو زانکۆی راتجرز، و زانکۆی نیوجیرس لە ویلایەتە یەکگرتوەکان. دەڵێت: رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری شمشێرێکی دووسەرە، زیاتر لە رێگەی کارەکانی ئاگاداری خەڵک دەکاتەوە لە بارەی هەڵسوکەوتە هەڵەکان و تاوانەکان لە هەمانکاتدا دەچێتە بەرەی بریاری خێرا سەبارەت بە بەرپرسان، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دامەزراوەکانی دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی بەدواداچون و دەرکردنی بریاری یاسایی. هەروەها ئاماژە بە بەرپرسیارێتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لەکاتی کارکردندا، لەگەڵ ئەوەی کە بە ئاستێکی بەرچاو چەمکی بەرپرسیارێتی لەگەڵ ئیتیکی کاری پیشەیی رۆژنامەگەریی تێکەل بەیەکتر دەبن، سەرەڕای ئەو پاڵپشتیە فراوانەی لە گرتنەخۆی جەماوەر بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریی وەک ئامرازێک دایدەنێن بۆ هەوڵدان و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان[1].

لەگەڵ ئەوەی (رنا الصباغ) پسپۆرێکی بواری راگەیاندن دەڵێت: میدیاکان ئەمڕۆ پلاتفۆرمێکی کراوە و مەترسیدارە و پێویستە رۆژنامەنوس ئاگاداری ئەو بنەما و دامەزراوەیە بێت، لە پرۆسەی ئامادەکردنی بابەتی رۆژنامەوانیدا بوونیان هەیە بە تایبەتی، جەماوەر تا ڕادەیەکی زۆر متمانەی بە میدیاکان هەیە بەو پێیەی، کە (دەسەڵاتی چوارەم)ە بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی، کە لە پشت دیوارە کۆنکرێتەکانەوە دەگوزررێت تەنیا لەبەر ئەوەی خەڵک قوڵتر دەبێتەوە لە گرنگی و بەهای رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئەوا پێشووازیەکی گەورە دەبینێتەوە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە، کە ناوبانگێکی نێودەوڵەتیان هەیە، کە بەشداریان کردوە لە هەڵگرتنی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەروەها بەشدارییپێکردنی رۆژنامەنوسانی گەنج لە گێرانەوەی چەمکە پراکتیکیەکان بۆ مەبەستی خزمەتکردن بە بەرژەوەندیە گشتییەکان و پێشکەشکردنی قازانج بۆ رایگشتی.[2]

لەگەڵ ئەوەی کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئەرکیان بە دواداچونی راستییەکانە، کە هەوڵی تێبینیکردن و شوێنکەوتنی ئەو بابەت و گیروگرفتە دیاریکراوانە دەدات لە بارودۆخی جیاواز،

---

[1] احمد سالم ولد البخارى و احمد ولد الشيخ احمد الامين،، الصحافة الاستقصائية، ( موريتانيا: دورات تكوينية لصالح الصحفيين الموريتانيين، ٢٠١٠)، ص٤

[2] - فاضل محمد البدراني، الصحافة الاستقصائية منهج جديد لكشف الفساد و تحقيقات لقيم الاجتماعية، نفس المصدر السابق، ص١٧

لەم روانگەیەوە دانانی هەندێ بنەمای ئاکاری، کە بۆ سەرجەم بارودۆخەکان بگونجێ ئاستەمە، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک پێوانەی دیاریکراو کە پەسەندکراوە لە سەرجەم ئامرازەکانی رۆژنامەگەریدا.[1]

هاوکات بوونی پێوەرە ڕەوشتیەکان و ڕێسا ئەخلاقیەکان، کە لە یاساکانی خودی پیشەکەیە و مەرجەکانی سەرکەوتنی کاری پیشەیی و پابەندبوون و هەڵسوکەوت بە و سیستمە لە ئاکار پەیویستە بە چۆنیەتی جیاکاری لە نێوان باشە و خراپە لە سەر چەند بنەمایەکی فەلسەفی، زۆربەی گفتوگۆکانی نێوان پسپۆرانی بواری راگەیاندن دەربارەی ئاکاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری پشت بەستوە بە میتۆدی تایبەتی، لێرەدا چەند پرسێک بەرجەستە دەبێت کاتێک، کە بابەتێکی بنکۆڵکاری بڵاودەکرێتەوە خزمەت بەکێ دەگەیەنێت؟

ئایا هیچ ڕێگەیەکی باش هەیە بۆ دۆزینەوەی رەفتار و کردارە هەڵەکان؟

ئایا دەتوانرێت هانا بۆ شێوازی فریودان ببرێت لە کاتیکە بارودۆخەکە ئەوە بخولقێنێ ئەو بابەتە بەرژەوەندی گشتی لە بەرچاو دەگرێت؟

ئایا رۆژنامەوانان هانا بۆ شێوازی جیاواز دەبەن کە کێشەکە بەو رادەیە مەترسیداربێت؟

ئایا رۆژنامەوانان هانا بۆ پێناسی ساختە دەبەن لە پێناو گەیشتن بە زانیارییە راستەکان ئەوە بخوازێت؟ سەبارەت بەم خاڵە شێوازی گەیشتن بە زانیاری وەک فاکتەرێکی گرنگە بە رەچاوکردنی ئەوەی جەماوەر کەمتر ئارەزومەندن بەرامبەر قبوولکردنی هەر رەفتارێک دەکرێت ئاشکرا بکرێت هەڵە بێت، خەڵک بە گومانەوە تەماشای ئەو پێشێلکاریانە دەکەن، گرنگ نیە دۆسییەکە چەند گرنگە، هاوکات بوونی گەندەڵی کێشەیەکی تری ئاکاری دەخولقێنێت لە رۆژنامەگەریدا و جۆرەها شێوازی پراکتیکی لەخۆدەگرێت، هەر لە قبوولکردنی رۆژنامەنوسان بۆ بەرتیل بەرامبەر بە بڵاونەکردنەوەی چەند بابەتێکی گرنگ و مەبەستدار یان وەرگرتنی پارە بەرامبەر سەرچاوەکانی زانیاری.[2]

جگە لەوەی کە، دەزگا و ڕێکخراوی تایبەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری چەندەها بنەمای ئاکاریان داڕشتوە تایبەت بە بنکۆڵکاری لەوانە ناوەندی یونسکۆی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، تۆماری ئاکاری بڵاوکردۆتەوە لە سەر چۆنێتی هەڵسوکەوت لە ساڵی (١٩٩٦) لە گرنترینیان. پێویستە رۆژنامەوان پابەند بێت بە راستگۆی و بوێری لە کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی، هەروەها هەڵسوکەوتکردن، لەگەڵ سەرچاوە و بابەت و کەسەکان بەو پێیەی، کە

---

[1] فاضل محمد البدراني، مصدر السابق، ص١٤

[2] عبد الرزاق الدليمى، الصحافه الاستقصائية، نفس المصدر السابق،ص٢٢١

هەریەکە لە مانە مرۆڤن و شایەنی ڕێزلێنانن، پێویستە لە سەر رۆژنامەوان پابەند بێت بەوەی، کە مافی رەوای جەماوەرە لە زانینی شتەکانە لە سەر رۆژنامەوان ئاشکراکردنێتی بۆ جەماوەر. رۆژنامەوان بەرپرسە لە بەرامبەر خوێنەر و بیستەر و بینەر لەوەی، کە پێشکەشی دەکات.[1]

هاوکات لە سەر ئاستی وڵاتە عەرەبیەکان، تۆری نەریج چەند بنەمایەکی ئاکاری پێشکەش بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کردوە لەوانە بنەمای هەڵسوکەوتی پیشەیی ئەو پێوانانە دەستنیشاندەکات، کە تێبینی دەکرێت لە لایەن هەڵسوڕێنەرانی بوارەکە و هۆکارێکی یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی ئەم بنەمایانە بۆ جێبەجێکردنێکی کرداری.

١- وردبینی لە کاری بنکۆڵکاریدا بە ڕەگەزێکی سەرەکی و دیار هەژمار دەکرێت، هەر بۆیە پابەندبوونی رۆژنامەوان بەم رەگەزە وە پاراستنی هاوسەنگی و راستگۆییەتی لای جەماوەر. خۆ بە دورگرتن لە درۆکردن و دزینی بەڵگەنامە لە نوسینگەی هەر فەرمانبەرێک یان بەرپرسێک، هەروەها دورکەوتنەوە لە خۆشوبهاندن بە کەسانی دیکە خۆدەرخستن وەک فەرمانبەرێک یان بازرگانێک بۆ دەستکەوتنی زانیاری، تەنها لە یەک حاڵەتدا نەبێت کە دەزگاکەت ڕێگەت بدات بە هەستان بەو کارە لەکاتێکدا کە دەستکەوتنی زانیاری ئاستەم بێت.

٢- راستگۆیی پارێزی و بابەتیبوون لە دەرکەوتوترین پێوانەیە، پێویستە رەچاوبکرێت لە ناردنی زانیاری پێویستە رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری راستگۆبێت لە بیرۆکە و سەرچاوە و نوسین لەگەڵ بەکارهێنانی بەڵگە و سەلماندن دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ویستی خودی و ئاراستە نەکردنی دەستی تاوان بۆ کەسانێک بەبێ بەڵگە.[2]

بەو پێیەی بنەما ئێتیکییەکانی پیشەی کاری رۆژنامەگەریی، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر لە دامەزراوەیەکی رۆژنامەگەریەوە بۆ دامەزراوەیەک تر دەگۆرێت و زانستێک نییە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و نەگۆری هەبێت، بۆیە راوبۆچونی جیاواز لە لایەن توێژەران و پسپۆرانی بواری رۆژنامەگەریی لە بارەی بنەما ئێتیکییەکانەوە دروست دەبێت.[3]

گەرچی ژمارەیەک لە توێژەران، کە شارەزاییان لە ئاکارەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدا هەیە پێیانوایە بەبێ شکاندنی هەندێک لە بنەما ئێتیکیەکان مەحاڵە کاری رۆژنامەگەریی

---

1 زهير ياسين طاهات واخرون، التحقيقات الاستقصائية لدول الربيع العربي في شبكة اريج، دراسة تحليلية، (مصر: مجلة المصرية للبحوث، المجلد ١٧، العدد (٢)، الربيع ٢٠١٨)، ص١٠٤

2 مارك هنتر(اشراف)، فودة واخرون، على درب الحقيقة دليل اريج للصحافة الاستقصائية العربية، نفس المصدرالسابق،ص٥٢

3 عامرطاهر محمد، التحقيقات الاستقصائية..الاشكاليات القانونية و المهنية و الاخلاقية، ندوه الصحافة الاستنقصائية، ( العراق، جامعة بغداد، كلية الاعلام، ٢٠١٨)، ص١١

بنکۆڵکاری چالاک بێت، هاوکات پیان وایە بوونی ڕێگری و سنووردارکردنی لێشاوی زانیاری لە لایەن حکومەت و دامودەزگاکانەوە، هیچ بژاردەیەک بۆ ڕۆژنامەنوسان بەجێناهێڵن جگە لە بەشداریکردن لە تاکتیکی تایبەت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بۆ بابەتەکانیان، وەک شاردنەوەی ناسنامە یان تەنانەت کڕینی زانیاری لە هەواڵدەران، چونکە لەوانەیە ئەوان وا بیربکەنەوە کە ئەمە تاکە ڕێگایە دەتوانن ئەو هەڵانەی بەرامبەر بە کۆمەڵگا کراون دەربخرێن ڕۆژنامەنوسان زانیاریان دەست دەکەوێت و زۆرجار هەندێک لەو تەکنیکانەی کە لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنرێن ڕەخنەی توندیان لێگیراوە لە لایەن هەندێک لە ڕۆژنامەنوسانەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەنوسانی تر ئەمە بە بەڵگەی بوێری ئازایەتی ڕۆژنامەنوسی بنکۆڵکار و مەترسییەکانی هەژمار دەکەن لە پێناو ئەو خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی، ئەم تەکنیکانە زۆرجار شاردنەوەیان لە ژێر کارەکتەرێکی جیاواز بۆ کەسایەتیی ڕۆژنامەنوس لە خۆ دەگرێت پاککەرەوەیەک، پزیشکێک، فرۆشیارێکی ڕۆژنامە، یان تەکنیکێکی بەکارهێنانی وەک کامێرای شاراوە و تۆمارکەری دەنگ بەبێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر ئاگاداربێت یان ڕەزامەندی خۆی بدات بۆ بڵاوکردنەوەی مادده تۆمارکراوەکان.

نموونەی زیندووی ئەم جۆرەش ئەوەیە، کە لە ساڵی (١٩٩٤) ڕۆژنامەی (سەندەی تایمز)ی بەریتانی ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاری بڵاوکردەوە دەربارەی وەرگرتنی بەرتیل لە لایەن ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانەوە لە بەرژەوەندی هەندێک کۆمپانیای تایبەت، ئەمەش مشتومڕێکی فراوانی لێکەوتەوە، ڕۆژنامەکە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئابروچونە پەنایبردە بەر دامەزراندنی کۆمپانیایەکی وەهمی گوایە کۆمپانیاکە کاری بازرگانیی چەک دەکات، لەم نێوەندەشدا بڕێک پارەیاندا بە ژمارەیەک پەرلەمانتار، تاوەکو بە نوێنەرایەتی کۆمپانیاکە لە دانیشتنی پەرلەماندا پرسیار ئاراستە بکەن، کە لە ڕوکەشدا لە پێناو بەرژەوەندی گشتییە و لە ناوەڕۆکیشدا پێکانی ئامانجی کۆمپانیا تایبەتەکانە، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکاریەکە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە وڵاتدا دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بووە مایەی مشتومڕی پسپۆرانی ڕۆژنامەگەریی و بە پێچەوانەی ئیتیکی ڕۆژنامەگەریی لە قەڵەمدرا.[1]

دکتۆر (حسن ابو حشیش)، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دەربڕینەی سەرەوە دەڵێت: (هۆکار پاساو نییە بۆ گەیشتن بە مەبەست) زۆرێک لە ڕۆژنامەنوسان قەناعەتێکیان لە لا دروستبووە، کە مەبەستیان بێگەردە بۆیە دەبێت هەموو ڕێگەیەکی شەرعی و نایاسایی بەکاربهێنێت بۆ بەدەستهێنان زانیاریی و ئەمەش یەکێکە لەو هەڵە گەورەیەی، کە پێچەوانەی ڕەوشتە بۆیە

---

[1] البرنامج الانمائي الامم المتحدة-العراق، الصحافة الاستقصائية، مدخل نظري و تطبيقات عملية، نفس المصدرالسابق، ص١٢٥-١٢٦

پێویستە ڕۆژنامەنوسێکی بنکۆڵکار باش بزانێت، کە بنەمای گەیشتن بە مەبەست هەرچەند بنیاتنەر و گرنگ و بەسود بێت بۆ ڕایگشتی ڕێگەپێدراو نییە پشت بە هیچ هۆکارێک ببەستێت و بە پاساوی بەدەستهێنانی زانیاری ڕێگە نادرێت، لە تایبەتمەندییەکان بپەڕێتەوە و دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوانیتر، یان وێنە بگرێت یاخود دەنگ تۆمار بکات، بێئاگاداری خاوەنەکەی و ڕۆڵگێڕانی کەسایەتییە خەیاڵییەکان. هەروەها لە خاڵێکی تر ئاماژەی بۆ دەکات دەڵێت: (سەرکەوتنەکان بە پێشێلکردنی ئاکاری پیشەیی نایەتەدی) بە واتای بەستنەوەی سەرکەوتنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بە پێشێلکردنی ئاکاری پیشەیی ڕایەکە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ بەها پیشەیی کاری بنکۆڵکاری لێرەدا شێوازێکی ناراستەوخۆ هەیە پێی دەوترێت پێچراو، کە دەکرێت لە لایەن ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکار بەکار بهێنرێت، بۆیە ڕەنگە ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکار هەموو توانای مادی و مەعنەوی دەزگاکەی بخاتەگەڕ بۆ زانینی راستیەکان و ڕوبەرو بوونەوەی گەندەڵی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، هزری و بەرژەوەندی گشتی، کە پێویستی بەداهێنان و ڕێگە و شێوازی نوێ هەیە هەموو کاتێ و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ بێت، لێرەشەوە هەستی بەرپرسیارێتی دەردەکەوێت لە پێویستتی درککردنی رۆژنامەوانان بە پابەندبوون و لێپپرسینەوە لە کارەکانیان بەرامبەر بە جەماوەر و بە پیشەکەی، خۆی بە تاکێکی کۆمەڵ هەژماربکات لە هەوڵی بەرژەوەندی گشتی کار بکات.[1]

یەکێکی تر لە گرنگترین ڕێسا ئاکاریەکانی ڕاگەیاندن بە هەمو شێوەکانییەوە پاراستنی نهێنی سەرچاوەکانە، ئەمەش مایەی شانازی و پێویستیە لە کاروباری رۆژنامەگەری دا، کاتێک ڕۆژنامەنوسێک سەرپێچی پەیمانێک دەکات لە پاراستنی نهێنی سەرچاوەکە کارەکەی زەرەرمەند دەبێت و سەرچاوەکانی تر لە داهاتودا متمانەی پێناکەن و متمانەی جەماوەر بەدەست ناهێنێت کە پشتی پێدەبەستن لە ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و لێرەدا دەبێت ڕەچاوی گرنگی کاری ڕۆژنامەنوس و ئەو ڕۆڵە بکرێت، کە پێی دەڕوانێت بۆ پێشخستنی کۆمەڵەکەی و ڕودانی گۆڕان، بۆیە ڕۆژنامەنوسان سەرچاوەکانی خۆیان دەپارێزن تەنانەت، ئەگەر ببێتە هۆی ڕووبەڕوبوونەوەی دادگاو دادوەری.[2]

توێژەر سەبارەت بەو دەربرینانەی سەرەوە دەگاتە ئەو راستیەی، کە پیشەی رۆژنامەوانی کلاسیک جیاوازترە لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەر بۆیە ئاکاری پیشەیی و بەرپرسیارێتیش

---

[1] حسن محمد ابوو حشيش، تصور مقترح لاخلاقيات االصحافة الاستقصائية في ضوء واقع ممارسة الصحفي الاستقصائي الفلسطيني، (فلسطين، مجله دراسات وابحاث، مجلة العربية في العلوم الانسانية والاجتماعية، مجلة١٣، عدد، (١)، ٢٠١٩)، ص٥٣٩

[2] صالح مشارقة و اخرون، مساق اخلاقيات الاعلام، مركز تطوير الاعلام، (فلسطين: جامعة بيرزيت، ٢٠١٧)، ص٩١

لێرەدا جیاواز دەبێت. بوونی ژینگەیەکی یاسادانانی لەبار کە زامنی ئازادی رۆژنامەگەریی بکات، و تێییدا رۆژنامەوانان ماف و ئەرکەکانی خۆیان لە هەمانکاتدا بزانن، هەروەها کار لە سەر رێگە پێدراوەکان بکات، دورکەوێتەوە لە و شتانەی کە بەرەو سزایان دەبات، پابەندبوون بە ئیتیکە پیشەییەکانەوە بەوپێیەی کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکات هەر بۆیە لەکاتی کارکردندا. پێویستە رۆژنامەنوسی بنکۆڵکار پابەندی ڕەوشتەکانی پیشەی باڵا بێت و کار بۆ بڵاوکردنەوەی بنەماکانی بکات. هاوکات ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕەوشتی پیشەیی رۆژنامەگەری لە دەستورەوە نەهاتوە، بەڵکو پەیرەوی ویژدانی رۆژنامەنوسەکەیە و پێویستی بە پەروەردەکردنێکی پیشەییە، کاتێک ئیتێکی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری چالاکتر دەبێت بەو پێیەی کە دەکرێت هانا بەرێتە بەرکارێک، کە پێچەوانەی هەندێک بنەمای ئیتیکی بێت، بە و مەرجەی ئاشکراکردنی ئەو دۆسیەیە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و پرسێکی گەورە بێت و هەلومەرج و بارودۆخەکە وا بخوازێت نەک ویست و ئارەزوی خودی رۆژنامەنوسەکە رۆڵی سەرەکی بگێرێت، و پێویستە دەزگاکە ڕێگەی پێبدات لە ئەنجامدانی ئەو کارە، هەروەها پێویستە هەمیشە کارکردن بۆ گۆرینی کۆمەڵ بەرەو باشتر و رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی خەمی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری بێت.

**سێهەم/ دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری**

سەبارەت بە دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری یەکێک لە رۆژنامەوانە ئەمریکیەکان بەناوی (شارلز لویس) پەیوەست بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەڵێت: بنکۆڵکاری کارێکی ئەستەمە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە چیتر بەم کارە هەڵنەستیین، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری سەرکەوتو بێت، پێویستی بەپاڵپشتی وبوونی ژیانێکی دیموکراسییە، هاوکات پێیوایە لە لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاریدا، رۆژنامەوان بە هیچ جۆرێک باوەر بەکەسانی تر ناکات. بەو پێیەی بنکۆڵکاری سەرکەوتو بە بەراوردکاری لە نێوان ئەوەی کە وتراوە لەگەڵ ئەوەی کە لە راستیدا دەگوزەرێت کاتی زۆر دەوێت، و ئاماژە دەکات کە چەند مانگ وساڵ دەخایەنێت بەڵام کاتێ رۆژنامەوان بەخت یاوەرییبێت دەتوانێت بەچەند هەفتەیەک ئەنجامیبدات.[1]

هەروەها بوونی دەرفەت بۆ دروستبوونی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بەلایەنی کەم: پێویستە میدیا و میدیاکار هەردوکیان پرۆفیشناڵ بن، دەزگاکانی رۆژنامەگەریی لە سەر کارە رۆژنامەنوسیەکان و ریکلام بژین، بە یاسا ئازادی بۆ میدیا و رۆژنامەنوسان فەراهەمکرابێ لە دەستراگەیشتن بە زانیاری، بوونی رۆژنامەوان گەلێک لە وردەکاری کاری میدیایی و هەنگاوە بنەرەتیەکان و لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری تێبگەن. هاوکات میدیا رۆڵی دەسەڵاتی چوارەم و چاودێری بە سەر دەسەڵاتەکانی دیکەوە هەبێت، تەرخانکردنی کاتێکی زۆر بۆ رۆژنامەوان یان تیمێک بۆ ئەنجامدانی تەنها بەدواداچونێک لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدا، ئازایەتی و بوێری و چاونەترسیی رۆژنامەوان لە ئەنجامدانی کارەکەی، ئەمەش بەبوونی برێکی باشی پارە بۆ ئەم جۆرە کارکردنە تەرخانکرابێت بۆ هەندێ لێکۆڵینەوە سەرباری هەندێ بارودۆخ بۆ دواندنی چەند کەسێکی گرنگ. هەروەها رۆشتن بۆ چەند شوێنێکی گرنگ یان بەکرێگرتنی چەند کەسێکی گرنگی پەیوەندار بەبابەتەکەوە.[2]

زۆربەی کات بابەتە بنکۆڵکاریەکان بە کردنەوەی بنکۆڵکاری نوێ کۆتای پێدێت بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی یاخود پێدانی دەرفەت بە دادگا بۆ هەڵوێستەکردن یان هاتنە ناوەوەی لایەنی پەیوەستدار بە بابەتەکەوە، ئەگەر هاتوو بابەتەکە سەبارەت بە تاوان بوو ئەوا لێرەدا کەسە بێتاوانەکان یان تێوەگلاوەکان سود لە ئەنجامەکەی دەبینن و لێرەدا دۆسییەکی نوێ دەکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەریەکە لەم دەرفەتانەی کە لە سەرەوە باسکران بۆ دروستبوون و لە دایکبوونی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەر ڕووبەرێکی جوگرافیدا ، هەر

---

[1] لدمية عابدي ، زينب مهية، صعوبات العمل الصحفى الاستقصائى فى الاذاعة، المصدرالسابق، ص١٢

[2] محمود سليمان علم الدين، الصحافة الاستقصائية كشكل من اشكال التغطية الصحفية التفسيرية و الاستقصائية نفس المصدر السابق، ص٣٥

بۆیە خۆسەرقاڵکردن بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ئێستادا پێویستە خۆتەرخانکردن بێت بۆ ریشەکێشکردنی ئاستەنگییەکانی بەردەم ئەم جۆرە کارکردنە هەروەک لابردنی کەند و کۆسپەکانی بەردەمی.[1]

سەبارەت بە تاوتوێکردنی دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان.[*] لە تێڕوانینی شارەزایانی لێهاتوی بواری رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنوسانی هەڵسوڕێنەرو دیاری بواری رۆژنامەگەریدا ڕای جیاواز بەدیدەکەین، هەندێکیان پێیانوایە بوونی دەرفەت لە بەردەم دروستبوونی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا سنوردارە، ئەمەش بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەنگە زۆرە لە بەردەم لە دایکبوون و سە قامگیربوونی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدایە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەرفەت کەم بن یان ئاستەم بن هەروەک دەبینین رۆژنامەنوس، (ستران عەبدوڵلا پێیوایە، کە دەرفەتەکانی بەردەم رۆژنامەگەری بنکۆلکاری کراوەیە بە قەدەر دەرفەتەکانی گەشەکردنی خودی ڕۆژنامەگەرییە لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم شێوازەی (بنکۆلکاری) هەر تەنها ستایلێکی ئاسایی کاری رۆژنامەگەریی نییە، بەڵکو قۆناغێکی لە پێشترو و گەشەکردوترە. زیاد لە دەرفەت و ژینگەیەکی حەریفانەی کاری رۆژنامەوانی و بگرە گەشەی دامەزراوەیی کوردستانیشی دەوێت. کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان پێ بکەین بوونی توانایەکی باشی رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنوسیی بنکولکاری دەوێت، ئامادەکاری و خۆتەرخانکردنی رۆژنامەنوسەکەی دەوێت، جا ئەگەر لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکدا کار بکات کە دەبێ مۆڵەت و توانا و سەبری کارکردنی بۆ دابین بکەن، یان سەربەخۆش بێت کە دوایی دەتوانێت بە گرێبەست یان بە فرۆشتن بە دامەزراوەکان و ئاژانسەکان بەرهەمەکەی خۆی ساغ بکاتەوە. بنکۆڵکار دەبێ هەستێکی بەهێزی بەدواداچون، سەبرێکی گەورە و توانایەکی زۆری هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەو لێکدانی پەرچەکانی زانیاری و پێدراوەکانی هەبێت. بنکۆڵکار دەبێ تۆڕێکی باشی سەرچاوە و متمانە و دیکۆمێنتی پاڵپشتکراو بە یاسا و ڕاستی و دروستی زانیارییەکانی هەبێت. بنکۆڵکار دەبێ خەسڵەتی خراپی خۆ دەرخستن و خۆنواندنی لە خۆیدا مراندبێت، یان خاوکردبێتەوە ،وەک سەربازێکی ون، هیچ

---

[1] -عبد العالى رزاقى، الانواع الصحفية و تطبيقاتها في الصحافة الجزائرية، اطروحة قدمت لنيل شهادة دكتورا، فى علوم الاعلام و الاستقصائية،كلية العلوم السياسة والاعلام، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، جزائر، ص١٥٣

[*] تێبینی: بە هۆی نەبوونی سەرچاوە سەبارەت بە دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ (چەند شارەزایەکی لێهاتوو لە بوواری رۆژنامەگەریی) لەگەڵ (چەند رۆژنامەنووسێکی دیاری بوواری رۆژنامەگەری)، لە ڕێگەی (Whats App)ەوە لە خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان ئەنجامداوە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا.

نەبێ تا بابەتێکی چاک یەکلایی دەکاتەوە ،مامەڵە بکات، چونکە ئەمە بۆ پاراستنی سەرەداوەکان و بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی و بۆ پاراستنی ڕاستگۆیی و سەنگینی بابەتەکەش پێویستە ڕۆژنامەگەری بنکولکاری بۆیە ئاستێکی بەرزی گەشەی ڕۆژنامەوانی دەوێت چونکە ئاستی وا گەشە لە تۆڕێکی دامەزراوەیی گەشەکردودا پێکدێت. بۆ نمونە لە ژینگەیەکی یاسایی مەحکەم و دامەزراوەیەکی گەشەکردوی حکومڕانی و کۆمەڵێکی هۆشیاردا کە بایەخی میدیا و ڕشتەی بنکۆڵکاری بزانێ و لە کاتی پێویست دا داکۆکی لە دۆسییە ڕاستەکانی بەرهەمی بنکولکاری بکات).[1]

هاوکات رۆژنامەنوس (سامان نوح)یش هاوڕایە لەگەڵ ستران عەبدوڵلا و پێیوایە سەرباری ئاستەنگەکان بوارهەیە لە بەردەم بەجێهێنانی بابەتی بنکۆڵکاری و هەروەها دەرفەت هەیە بۆ بەدیهێنانی کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ:

(هەڵکەوتنی سروشتی کوردستان و دابەشبوونی بە دوو ناوچەی جیاواز لە ڕووی دەستەڵاتی کارگێریەوە و بوونی زۆرێک لە پارتی بەهێز بەواتایی (بوونی فرەیی پارتەکان و جۆرێک لە کێبرکێ)، لەگەڵ بوونی چەند پارتێکی ئۆپۆزسیۆن لە ریگەپێدان بە مەشقکردن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە رێگەی کێبرکێ لەگەڵ گرنگی وردبوونەوە بۆ ئەوەی رۆژنامەنوس نەبێت بە قوربانی رۆژنامەگەریی تەشەنە و بێ وردەکاری، لەگەڵ ئەوەی ئەم کێبرکێیە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕووبەرێکی گونجاو بۆ دەستکەوتنی زانیاری و کارکردن بۆ بەدەستهێنانی کاری بنکۆڵکاری پتر، هاوکات  فرەیی و هەمەجۆری ئەم پارتانە دەرفەت فەراهەمدەکات بۆ گەران و بڵاوکردنەوە لە نێو دیموکراسی سەرەتایی و دەزگا لاواز و سستەکان لە هەرێمدا. توانای هاوبەشیکردن و بەشداریکردن و پاڵپشتی رۆژئاوا بۆ هەرێم لەوانە پاڵپشتی رۆژنامەگەری سەربەست و سەربەخۆ، بەهای ئازادی دەربڕین، مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی لەلایەن رۆژنامەنوسان بەشێوەیەکی ئەرێنی بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی رۆژنامەگەری ولێکۆڵینەوەی گرنگ و بەبەها. خاڵێکی تر ژینگەی یاسایی بۆ کاری رۆژنامەگەریی لە هەرێم باشترە بە راورد بە فەراهەمکردنی لە چوارچێوەی هەرێم و عێراق. بەو پێیەی کە لە هەرێم بە یاسا بڕگەیەک هەیە کە ڕێگە بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە ناوەرۆکی یاسای رێکخراو پەیوەست بە رۆژنامەگەری لە هەرێمدا.گەرچی ئەم بڕگەیە یاساییانە و کاریگەرێتیان لە زۆرێک لە دەزگاکان کاری پێناکرێت، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری گرتنەوەی زانیاری بەڕووی

---

[1] ستران عبدالله، رۆژنامەنووس، بەرپرسی دەزگای ناوەندی  راگەیاندنی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە،کاتی چاوپێکەوتن لە ١٤ / ٢٠٢٢/١، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان، (١١:٠٠ am)

ڕۆژنامەنوسان و هاوڵاتیان و هەرەشەلێکردن و ڕاونانیان لە کاتی دەرخستنی زانیارییە گرنگەکان لە هەندێ بواردا، کە دەستەلاتداران ئەمە بە گەیاندنی زەرەر بە ئاسایشی هەرێم هەژماردەکرێت ئەمەش لەراستیدا کێشەیە، دەرفەتێکی دیکە بۆ پاڵپشتی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی و کارگێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن).[1]

گەرچی ڕۆژنامەنوس(جمال پیرە)ش دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ هەردو شارەزای ناوبراو سەبارەت بە دەرفەت و پێیوایە، کە سەرەڕای بوونی بەربەستی بەردەوام لە بەردەم کاری بنکۆڵکاری لەگەڵ هەموو ئەم بەربەستانەشدا هەڵەیە بووترێت دەرفەتی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە کوردستاندا کەمە یان ئەستەمە، بە پێچەوانەوە ڕۆژنامەوانی بە توانا و شارەزا دەتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر لەو بوارەدا کار بکات و بەرگەی هەمو ئەو ئاستەنگانەش بگرێت، و لە هەرێمی کوردستان خاڵی جەوهەری لە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدا متمانەی ڕۆژنامەنوسە تا بتوانێت بە ئاسانی سەرچاوەی زانیاری دەستبخات.[2]

هاوکات (بەهرۆز فەرەیدون)ی ڕۆژنامەنوس پشتگیری ئەم ڕاوبۆچونە دەکات و دەڵێت من ناڵێم ئاستەنگ نییە، بەڵێ هەیە، زۆریش هەیە، بەڵام بە بەراورد بەو هەمو بەرهەمە میدیاییە، بەو هەموو هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕوداوانەی کە ڕودەدەن، بەو ژمارە زۆرەی میدیا، بەو هەموو خەڵکەی کە ڕۆژنامەنوسن، ئاستەنگ و بەربەستەکان زۆر کەمن، هەشبن، بەشێوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو نین و سیاسەتی فەرمی حزب، حکومەت، دەسەڵات نیین، یەک هۆکار بەسە بۆ دروستبوونی دەرفەت بۆ میدیاکارێک کە کاری بنکۆڵکاری دەکات، ئەوەی کە سەری بسوڕمێت، واقوڕمانێک بەسە بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی بنکۆڵکاریی پڕ بینەر و خوێنەر لە دەوری بابەتە میدیاییەکەت کۆبکەیتەوە، هەمیشە کاری میدیاکاری بنکۆڵکار دوای هەمو میدیاکارەکانی دیکە دەستپێدەکات، دەبێت هەمویان تەواوبن، ئەوکات ئیتر ئەو دەستپێدەکات، دەبێت هەواڵەکە بڵاوبووبێتەوە، ئەوکاتە ئیتر کاتی یاریکردنی ئەو دەستپێدەکات، من هەمیشە دەڵێم میدیاکاری بنکۆڵکار لەو ئەفسەرە دەچێت کە ڕوداوێک ڕویداوە و پۆلیس چونەتە شوێنی ڕوداوەکە و شریتی ئاگادارکردنەوەیان داناوە و پەنجەمۆری بکوژیان هەڵگرتوەتەوە و هەمو ڕوداوەکە کۆتایی هاتوە، بەڵام ئەفسەرێک لە کۆتاییدا دێت و هەموو چاوەڕیی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو دەکەن، کە بزانن وردەکاریی ڕوداوەکە چی بووە، ئەم دیمەنە لە زۆربەی فیلمەکانی هۆلیدو

---

[1] سامان نوح، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، بەڕێوبەری جێبەجێکاری تۆری عێراقی بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری(نیریج)، کاتی چاوپێکەوتن لە ٢٠٢١/١٢/١٧، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان، (٢:٠٠ am)

[2] جمال پیرە، ڕۆژنامەنووس، ئەندامی دەستەی ڕێکخراوی نیریج و ئەندامی دەستەی گۆڤاری نما، کاتی چاوپێکەوتن لە ١/٦/ ٢٠٢٢، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان، (١:٠٠am)

ئەوانی دیکەشدا بینیومانە، ئەو ئەفسەرە من دەیچوێنم بە رۆژنامەنوسی بنکۆڵکار، روداو گەلێکی زۆر دەرفەتی جۆراوجۆری خوڵقاندوە بۆ میدیاکار تا بنکۆڵکاریی بکات بۆ ئەوەی باشتر بیگەیەنێت، تەنیا ئەوەی گرنگە، ئەو تەکنیکەیە کە دەبێت میدیاکار بیدۆزێتەوە بۆ چنگخستنی ئەو زانیارییەی، کە دوای دەکەوێت، بۆ ئەمەشیان هەر جارەو جۆرێکەو، هەر کارێک میدیاکارەکە بیکات لە جارێک بۆ جارێ داهاتوو، تەکنیکی دەستخستنی زانیارییەکە دەگۆڕێت و دەبێت میدیاکارەکە لەم کارە سەلیقەی خۆی تاقیبکاتەوە.(1)

گەرچی لایەکی دیکەوە هەندێکی تر لە شارەزایان و رۆژنامەنوسان دیدو بۆچونیان جیاوازە سەبارەت بە دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان هاوکات هەریەک لە (محمد رەئوف، سەلام عومەر و دلۆڤان بەرواری) پێیان وایە، لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زەحمەتە و جیاوازە لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتوەکان و ئەو وڵاتانەی کاری رۆژنامەگەری و بەدەستهێنانی زانیاری بە یاسا رێکخراوە، لە کاتێکدا رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ناو دۆخێکی ئاڵۆزی پڕ لە کێشە و گەندەڵی و قۆرخکاری سیاسی و ئابووری و لە دۆخێکدا، کە یاسا سەروەر نەبێت و کاری رۆژنامەنوسی و یاسای بەدەستهێنانی زانیاری فەرامۆش کرابێت، کارێکی قورس و مەترسیدارە. بۆیە دۆخی نا سەقامگیری یاسایی، سیاسی، ئەمنی، ئابووری، ئاستەنگی گەورەی بەردەم رۆژنامەنوسە چ جای رۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری. لەم سۆنگەیەوە (محمد رەئوف)ی رۆژنامەنوس پێیوایە، "ئەگەر رۆژنامەگەریی بنکولکاری، کە خۆی یەکێکە لە جۆرە ئاڵۆز و پڕکێشە و سەرئێشەکانی رۆژنامەگەری و کاتی زۆر و تێچوی دارایی زۆری دەوێت لە جیهاندا، ئەوا بۆ هەرێمی کوردستان ئاڵۆز تر و پڕ کێشەتر و پڕ سەرئێشەترە. هەروەها دەشڵێت: راپۆرتی بنکۆڵکاری بە رۆژنامەنوسی بە ئەزمون و دەزگای پرۆفیشناڵی گەورە و کاریگەر دەکرێت، کە ئەمە لە هەرێمی کوردستان کەمە، بەو پێیەی رۆژنامەنوسی بە ئەزمون هەیە و هەمووی لە هەناوی رۆژنامەگەری حزبیەوە هاتوەتە دەرێ، کە رۆژنامەنوسی حزبی لە فۆرمە تەقلیدیەکەی رۆژنامەگەریە، لە ئێستا کەناڵی گەورەی پرۆفیشناڵی بێلایەن لە کوردستان نیە و هەمووی تەرەفدارە، ئەوانەن، کە توانای مادی گەورە و توانای تەکنۆلۆجی گەورەیان لەبەر دەستە و بەشی زۆریان تێوە گلاون لە گەندەڵیەکان یاخود ئەو کەسانەی خاوەندایان دەکەن خۆیان بەشێکن لە گەندەڵی و قۆرغکاری گەورە، هەروەها رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری ئاڵۆزە بەو

[1] بەهرۆز فەرەیدون، رۆژنامەنووس، لە تۆری میدیای رووداو ، کاتی چاوپێکەوتن٢٠٢٢/١/١٥ ، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان، (٥:٠٠ pm)

مانایەی لە کوردستان بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی داهات و نەوت و ئەو دۆسێیانەی کە زۆرترین گەندەڵیان تێدایە بەردەستنین، دەبێت رۆژنامەنوس بچێتە ناو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەی پڕ لە مەترسیەوە بۆ ئەوەی زانیاری ورد و دروستی دەستبکەوێت، سەرەرای هەمو ئەمانە چەندین هەوڵ هەبووە بۆ بابەتی بنکۆڵکاری، کە رەنگە لە ئاستی بابەتە بنکۆڵکاریە جیهانیەکاندا نەبن، بەڵام تا ئاستێک هەوڵێکی گرنگن".[1]

هاوکات رۆژنامەنوس (سەلام عومەر) دەنگی دەداتە پاڵ (محەمەد رەئوف)، کە لە "هەرێمی کوردستان بابەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کەم تیادا بەرهەمدێت و لە ئاستی چاوەڕوانی و گەورەیی ئەو کێشانەدا نییە کە خەڵکی کوردستان روبەڕوی دەبنەوە، هەروەک چۆن لە ئاستی ئەو دۆسییە شاراوەنەدا نییە کە داهاتوی هەرێمەکەی خستۆتە مەترسییەوە. وئازادی رۆژنامەوانی مەرجە بۆ گەشەسەندنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی قوڵە، ئەم هەرێمە بەردەوام لە کاروانی فراوانکردنی ئازادی رۆژنامەوانی بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. بەشێک لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی چاودێریی رەوشی رۆژنامەوانی گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی "ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیڵێت دەربارەی ئازادی رۆژنامەوانی تەنیا وشەی بەتاڵن. سەبارەت بە دەزگاکانی راگەیاندنیش پلانی تایبەتییان نییە بۆ ئەم بوارە، ئەویش بە چەند هۆکارێک، یەکەمیان ئەوەیە دەزگا زەبەلاحە میدیاییەکانی هەرێم لە ژێر هەژمونی پارتە سیاسییەکان و لۆردەکانی دوای راپەڕیندان و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی پشت ئەو کارەساتانە لە هەرێم دەگوزەرێن لە قازانجیان نییە، هەروەها ئەو دەزگایانەش کە دەیانەوێت ئەو کارە بکەن، روبەڕوی ژینگەیەکی نالەباری کاریی میدیایی دەبنەوە، کە یان کارەکان ناگەنە جێ یان مەترسی گەورە بۆ سەر ژیانی رۆژنامەنوسەکە دروستدەبێت. سەرەڕای ئەوەش، هێشا رۆژنامەنوسانی ئێمە شارەزاییەکی زۆریان نییە دەربارەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری. ئەمە جگە لە چەندین کێشە و گیروگرفتی یاسایی پەیوەست بە رۆڵی دادگا و شەفافیەت و تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ کاری رۆژنامەوانی".[2]

هەروەها (دلۆڤان بەرواری) دەڵێت: ((بەشێوەیەکی گشتی سەختە بووترێت کە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە روی پیشەییەوە لە هەرێمی کوردستان دا بوونی هەیە، لە بەر ئەوەی دەزگا رۆژنامەوانیەکان گرنگیەکی بەرچاو نادەن بەم چەشنە رۆژنامەوانیە، هاوکات ئەوەشی کە

---

[1] - محمد رەئوف، رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار، سەرنوسەری تۆری درەو میدیا، کاتی چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/١/٨، لە رێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان، (٢:٠٠ pm)

[2] سەلام عومەر، رۆژنامەنووس، لە تۆری KIRKUKNOW ، کاتی چاوپێکەوتن لە ٢٠٢١/١٢/١٨، لە رێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان، (١٢:٠٠ am)

بەچاو دەبینرێت لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستیش بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن تۆر و رێکخراوەکانی بواری بنکۆڵکاری ئەنجامدەدرێت نەک دەزگاکانی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان وەک تۆری (نیریج)، تۆری نێودەوڵەتی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، کە بووە هۆی بەدەستهێنانی کۆمەڵێک دەستکەوتی نوێ لە هەرێم و عێراق و ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاری باش بەشێوەیەکی گشتی لە رێگەی پرۆژەکانی ئەو رێکخراو و تۆرە نێودەوڵەتی و هەرێمی و لۆکاڵییەکان دەتوانین بڵێین کاری رێکخراو تۆرە تایبەتمەندەکان لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدا هەنگاوی یەکەمە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە رێگەی ئەو کارانەی کە ئەنجامدراون لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش بەشێوەیەکی گشتی لە رێگەی (وۆرک شۆپ)ە تایبەتمەندەکان کە ئەنجامیان داوە و دەیان رۆژنامەنوس مەشقیان پێکراوە و کۆمەڵێکی باش لە رۆژنامەنوسانی بنکۆڵکار هەیە کە لە رێگەی تۆرو رێکخراوە تایبەتمەندەکانەوە کە لە ئێستادا لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری کاردەکەن).[1]

لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنانە توێژەر ئاماژەدەدات بەو ڕاستیەی، کە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو هەردو لایەنەکە ڕاکانیان پەسەندە بەو پێیەی، لایەنی یەکەم پێیانوایە بۆ ئەوەی بابەتی بنکۆڵکاری سەرکەوتوو بێت، پێویستی بە پاڵپشتی و بوونی ژیانێکی دیموکراسییە، ژینگەی کوردستان تا ڕادەیەکی بەرچاو لەبارە لە کاتێکدا، ئەگەر رۆژنامەنوس هەڵسورێنەری دروست و وردی یاساکان بێت، کە ئەوانیش یاسای مافی بە دەستهێنانی زانیاری و یاسای ئازادی و دەربڕین، لەگەڵ کارکردن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بنکۆڵکاری ئەنجامبدات. ئەو ماف و یاسایانە جێبەجێ بکات، کە بۆی دانراوە ئەوا لە توانایدایە، کە برەو بەم جۆرەی رۆژنامەگەریە بدات بەجۆرێک، کە سەرجەم میدیاکان چاو بخەنە سەر بابەتەکەی کەواتە یەکەم و کۆتا خاڵ بوێری و ئارەزو و زیرەکی رۆژنامەنوسە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە کاری بنکۆڵکاریدا، کە ئەمە تارادەیەکی باش ڕایەکی گونجاوە، لە کاتێکدا لایەنی دووەم پێیانوایە لە کاتی نەبوونی پیشەگەریی و سستی پیشەیی و لە ناوبردن و لاوازبوونی سەربەخۆی، بوونی زۆرێک لە پابەندبوونی بە پارتی دیاریکراو، هەروەها رۆژنامەنوسانی ئێمە هەتا ئێستا شارەزاییەکی فراوانیان نییە سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زۆرکات بە مەبەستی خۆدەرخستنی رۆژنامەوان و دەزگا رۆژنامەوانیەکە نەبێ هیچی تر نیە.

---

[1] دلۆڤان بەرواری، رۆژنامەنووسی بنکۆڵکار، ئەندامی رێکخراوی تۆری نیریج، کاتی چاوپێکەوتن لە ٢٠٢٢/١/١٧، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلکترونی پەیوەندیەکان ، (٨:٠٠ pm)

توێژەر لەبەر ڕۆشنای رونکردنەوەکانی سەرەوە پێیوایە، کە دەرفەت بۆ دروستبوونی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بە لایەنی کەم پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار و ئازادی فەراهەمکراو بۆ پراکتیزەکردنی کاری بنکۆڵکاری و تەرخانکردنی تیمێک بۆ ئەنجامدانی بابەتی بنکۆڵکاری بە پشت بەستن بە ئازایەتی و بوێری و چاو نەترسیی ڕۆژنامەوان لە ئەنجامدانی کارەکەیدا، لەگەڵ جێبەجێ کردنی یاسایی مافی بەدەستهێنانی زانیاری و دەستڕاگەیشتن بە هەموو جۆرە زانیاری و بیروبۆچونێک هەروەها وەرگرتنیان وگواستنەوەیان بۆ خەڵکی تر. هاوکات گەر ئەم یاسایانە پەیرەو بکرێت ئەمە خاڵێکی ئەرێنیە بۆ بوونی دەرفەت.

هەروەها داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری داریی و دەستەی دەستپاکی ، پەرلەمان و ڕێکخراوەکان. هاوکار و پاڵپشتی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکار بن لەو دۆسییەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیەوە، هەربۆیە پێویستە لە سەر پەرلەمان و حکومەت، کە کار ئاسانی بکەن بۆ گەیشتنی ڕۆژنامەنوسان بە زانیاری و کارا کردنی یاساکان، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بە جۆرێکی سەخت و مەترسیداری ڕۆژنامەگەری هەژمار دەکرێت، کە پێویستی بە پاراستنی یاسایی هەیە، سەرباری هاندانی ڕۆژنامەنوسان بۆ چونە ناو ئەم بوارە و لێهاتوییان پەرەپێبدەن بە مەبەستی  قازانج بۆ کۆمەڵگا و تاک و دامەزراوە، کە بە خاڵێکی دیکەی رەخساندنی دەرفەت دادەنرێت، لەگەڵ گرنگیپێدانی ناوەندی ئەکادیمی بە بابەتی بنکۆڵکاری و پراکتیزەکردنی لە پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە سەر بوارەکە  و نوسینی چەندین پەرتوک یان وەرگێرانی لە سەرچاوەکانەوە بۆ زمانی کوردی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەی کوردی و بوونی میدیای ئەهلی وبێلایەن و برەودان بە کاری بنکۆڵکاری دروست، جگە لە بوونی نزیکەی هەشت هەزار رۆژنامەنووس بەپێی ئامارەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، زیادبوونی حەز و خواستی ڕۆژنامەوانانە بۆ بە ئەزموونکردنی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری ئەمەش ئاماژەی دەرفەتێکی دیکەیە بۆ گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە ئەوە  لە یاد نەکەین تاڕادەیەک هەوڵ دراوە و ئەخوازین لە داهاتوودا  لە هەوڵی بەرەو پێشبردنی زیاتری ئەم شێوازە بن تا بگاتە ئاستی ڕۆژنامەگەری باڵا و خوازراو پێشکەوو.

**چوارەم: ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری**

سەبارەت بە ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دکتۆر (صلاح الدین حافظ) پێیوایە کە نە ڕاگەیاندن درەوشاوە و پرشنگدار دەبێت، نە ڕۆژنامەگەری ئازاد دەبێت، تەنها لە ئامێزی ژینگەیەک و کەشێکی دیموکراسیی و کراوەدا نەبێ، کە تێیدا درک بە بەهای ڕۆڵی ڕاگەیاندن و بە مانای ئازادی ڕۆژنامەگەریی بکەیت، هانی ئەمە بدەیت و خۆشحاڵی بۆ ئەویدی بخوازێ و بیانپارێزیت لە پژان و زاڵبوون و هەراسانکردن، هەروەک چۆن بیابان بێ گیا و سەوزاییە! ڕێگا نادات بە پێیی پێکهاتە و کەشوهەواکەی بۆ برەودانی تەنها گوڵێک، لەبەر ئەوەی گوڵ ناگەشێتەوە تەنها لە زەویەکی بە پیز و ئاوهەوایەکی لەبار نەبێت، ئەمە هاوکێشەیەکێ گفتوگۆ هەڵگرە.[1]

ئەوەی لە ووتەی ئەم نوسەرە بەرجەستە دەبینیت ئەوەیە، ئەستەمە قسە لە سەر ڕۆژنامەگەریەکی بە هێز و کاریگەر بکرێت، کە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری خۆی ببینێت لە کۆمەڵگادا بە بێ مەرج ئامادەیی بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ڕۆڵگێڕانی بە دروستی، لەگەڵ مافی بەدەستهێنانی زانیاری بێسنور لەوانەیە بێتە سەر باسی ئەم مەرجانە. بێگومان ڕۆژنامەنوسان لە میانەی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان روبەروی چەند ئاستەنگێک دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم ئاستەنگیانە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازە، بۆ نمونە ئەو ئاستەنگانەی کە دەبنە بەربەست لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان پەیوەستە بە ئاستی ئازادی و گەشەی دیموکراسی ئەو کۆمەڵەیەوە کە بە دەستی هێناوە راستیەکی بە بەها و بە نرخ هەیە هەروەک ڕۆژنامەوانێکی ئوسترالی بەناوی (جولیان اسانج)ەوە، ڕێکخەری تۆری (ویکیلیکس)ە لە (٢٠٠٦) دا دەرچوە، کە تێیدا بنەمایەکی بۆ داتاکانی پێکهێناوە، کە زیاتر ١،٢ ملیون بەڵگەنامە بوو، کە وتویەتی (من خاوەن ماڵی تایبەت بەخۆم نیم تێیدا بژیم وەک کەسانی دیکە، دەگەڕێم هەر ڕۆژە و لەماڵی هاوڕێیەکم بۆ یەکێکی دیکە هەنگاو دەنێم، بە دەوری جیهاندا بەڵام لە خۆم ناترسم بەڵکو، لە سەرچاوە بە دەستهاتوەکانم و ئەو کەسانەی، کە کاریان لەگەڵ دەکەم دەترسم) هاوکات ئەوەی لە وتەی ئەم ڕۆژنامەنوسە دەستەبەر دەکرێت ئەوەیە کە ڕۆژنامەنوسانی بنکۆڵکاری بە دەست ئاستەنگەکانی کردە بنکۆڵکاریەکانیانەوە دەناڵن زۆر شەکەت دەبن.[2]

لەگەڵ ئەوەی، کە میدیاکانی جیهان بە تایبەتی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دارشتنی ئاڕاستە و بزوتنەوەی پێکهێنانی ڕایگشتی، ئەم ڕۆڵەش لە ناوەڕۆکدا پەیوەستە بە چەندین هۆکار و گۆڕاو کە ڕەنگە گرنگترینیان پلەی پێشکەوتنی کەلتوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و

---

[1] -محمد حسين ربيع ، الصحافة الاستقصائية واقع.. واشكاليات، نفس المصدر السابق، ص١٦٧

[2] -ايناس ابوو يوسف و اخرون، دليل الصحافة الاستقصائية من اجل التنمية، نفس المصدرالسابق، ص٣٦

سیاسی بێت، کە ئەم کۆمەڵگایانە پێی گەشتبن، لەگەڵ سروشتی تێڕوانینیان بۆ ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگادا و پلەی ئازادی ڕێگەی پێدراو، ئاستی باوەڕهێنان بە گرنگی ڕۆڵی جەماوەر و دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان لە بەشداری مەدەنیانە لە سیاسەت و بڕیارداندا، هەربۆیە، بە ئاشکرا دەبینین بۆچی ئامرازەکانی جیهان لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان دەتوانن پراکتیزە بکەن ئەم ڕۆڵە بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر ئەنجام بدەن بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا دواکەوتوەکان، کە ئامرازەکانی جیهان لەم کۆمەڵگایانەدا ڕوبەڕوی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە. ڕەنگە گرنگترینیان سنوردارکردن، سنوردار کردنی ئاسایش و یاسادانان بێت لە سەر ئازادی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری لە سەرچاوە سەرەکییەکانەوە نەک کۆتایی هێنان بە فشار و دەستێوەردانی دەسەلاتی سیاسی لە ڕێنمایکردنی سیاسەتی ڕاگەیاندن و سنورەکانی ئەوەی کە لە پراکتیکی پیشەییدا ئەنجام دەدرێت.[1]

کۆمەڵێک پسپۆری بواری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری جەخت لە بوونی کۆمەڵێک ئاستەنگ دەکەنەوە کە روبەروی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەبێتەوە بە گشتی زۆربەیان دیاریکراو نیین، هەریەکەیان ئاماژەیان بە چەند ئاستەنگیەک داوە بە پێی کۆمەڵگای دیاریکراو، بەو پێیەی دەتوانرێت دەستنیشان بکرێن بە پێیی گرنگی بابەتی بنکۆڵکاریەکان، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ راستگۆی بابەتی رۆژنامەگەریی، ئەمە سەرباری پاراستن و پارێزگاریکردن لە و ئاستەنگانەش ئاماژە بە دەرکەوتوترین ئاستەنگ و رێگریەکان لە سەر کردەی گەشە و بەرەو پێشچونی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری بەگشتی دەخەینەڕوو:

**١-ئاستەنگیی خاوەندارێتی:**

واتە ئەو ئاستەنگانەی کە پەیوەستن بە فشاری سیاسیەوە لە توێژینەوەیەکی بانکی نێودەوڵەتی دەربارەی خاوەندارێتی ئامرازەکانی رۆژنامەگەری لە (٩٧) ولات ئەنجامدرا بوو، تێبینی ئەوەکرا ئەو ئامرازانەی رۆژنامەگەری کە خاوەندارێتی دەگەرێتەوە بۆ دەوڵەت، کەمتر چالاکن لەوانەی سەر بە کەرتی تایبەتن، بە تایبەت لە بابەتی چاودێری حکومەت، بە جۆرێک لەو ولاتانەی دەوڵەت خاوەندارێتیان ناکات گەشەیەکی بەرچاو خێرایان پێوە دیارە نمونەی ئەم چەشنە لە مەکسیک لە بەشی تایبەتکردنی ڕادیۆی لە ساڵی (١٩٨٩) بووە هۆی زیادبوونێکی فراوان لە ڕوماڵکردنی ئابڕوچونەکانی حکومەت لە ئەنجامی گەندەڵی بە

[1] – ايناس ابوو يوسف واخرون، المصدرالسابق، ص٢٣

بەراورد لەگەڵ کیشوەرەکانی تر، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمریکای لاتین و دورگەکانی کاریبی ڕێژەی خاوەندارێتی میدیاییان نزمە.[1]

هەروەها پەیوەندیەکی ڕوون هەیە لە نێوان نیشاندەرەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەسنیشانکردنی گەندەڵی و خاوەندارێتی میدیا لەم ڕوەشەوە، کاتێک دەوڵەت کۆنترۆڵی میدیا دەکات زیاتر دەکەوێتە ژێر گوشاری سیاسی تەنانەت لە و وڵاتانەی، کە کۆت و بەندی نافەرمی لە سەر چاپەمەنییەکان هەیە میدیا دەتوانێت گەندەڵی ئاشکرا بکات و فشار زیاد بکات بۆ بەدیهێنانی سیستەمێکی باشتری بەڕێوەبردن.[2]

گەرچی مێژوی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری ئاماژە بە زۆرێک لەو رۆژنامەوانانە دەکات تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتە دیموکراس خوازەکان ژیانیان کردوە بە قوربانی سەر کێشیە بنکۆڵکاریەکان هاوکات هۆکاری کوشتنی زۆرێک لەو رۆژنامەوانانە بەزاندنی هێڵی سور بووە لە روبەروبوونەوەی هەریەکە لە پیاوکوژ و توندرەو و تاوانکارەکان. تەنانەت هەندێ جار گرتن و هەرەسانکردنی هەندێکیان لە لایەن دەسەڵاتەوە لە هەندێ بارودۆخدا، لێرەدا بە ئارەزو ویستی دەسەڵات کار دەکرێت، لەگەڵ نا ڕوونی سیاسەتی رۆژنامەگەریی لە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبیانە بە دیاریکراوی، یاخود کارکردن بە جۆرێک لەگەڵ ئایدۆلۆجیای ئەو یاسایەی کە باڵا دەستە یەکبگرێتەوە، کە دواجار گاریگەریەکی ئەرێنی دروستدەکات لە سەر بنکۆڵکاری. و بوونی چاودێری راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە سەر بڵاوکراوەکان ئاماژەیە بۆیەکگرتنەوەی لەگەڵ دیدگا و ئارەزوی دەسەڵات، چاودێریکردن کە بە مافی رەوای خۆی دەزانێ و تەماشایدەکات.[3]

### ٢-ئاستەنگی یاسایی:

لە بنەرەتدا بە واتای کارنەکردن بە یاسای تایبەت بۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاری هەروەها لاوازی یاسایی تایبەت بە بەرگریکردن لە رۆژنامەوان و ئازادی رادەربڕین، رێگریەکانی دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی ئەو بابەتانەی کە رەهەندێکی سیاسی و ئاسایش و ئابوورییان هەیە، هاوکات کۆمەڵێک بەربەستی یاسایی بوونیان هەیە، کە پەیوەستن بە بابەتی ئاسایش، سیستەمی گشتی، ئابووری و نهێنی بازرگانی، پاراستنی ژیانی تایبەتی، دۆسێکانی دادگا و یاساییەکانەوە هەیە، ئەمانەی باسکران سەرجەمیان

---

1- عبد الرزاق الدليمى،الصحافة الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٤٦

2-بشرى حسين الحمداني، التغطية الصحفية الاستقصائية: تحقيقات عابرة للحدود، نفس المصدر السابق، ص١١٧-١١٨

3-حسين على ابراهيم الفلاحى، الاعلام التقليدي و الاعلام الجديد، ( عمان، دارالغيداء للنشر و التوزيع،٢٠١٤)، ص٤١-٤٢

کاریگەریان هەیە لە سەر ئازادی کاری رۆژنامەگەریی و بەدەستهێنانی زانیاری و ئازادی بڵاوکردنەوەی لە هەندێک وڵات.[1]

هاوکات لە هەندێک لە ولاتانی وەک ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ناوەراست لە و وڵاتانەن، کە یاسا رێگری و ئاستەنگی لە بەردەم کاری رۆژنامەگەریی دادەنێن، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا بە (یاسای ئازادیی زانیاریەکان) دەرگای بە ڕووی رۆژنامەنوسان کردۆتەوە بۆ دەستگەیشتن بە سەرجەم بەڵگەنامەکان، کە بووەتە هەوێنی ئەنجامدانی چەندین بابەت و کاری بنکۆڵکاری و ئاشکراکردنی زۆر ڕوداوێکی شاراوە و ئابروبەر.[2]

گەرچی پێچەوانەی ئەمریکاو وڵاتانی دیموکرات، وڵاتانی جیهانی سێیەم بە یاسا رۆژنامەنوس کۆتوبەند دەکەن، یاسای تانەلێدان لە کازاخستان بە نمونەی یاسا سەرکوتەکان دادەنرێت، ئەم یاسایە بۆ لاوازکردنی ئەو ئامرازانەی رۆژنامەگەریی بەکار دێت، کە رەخنە لە بژاردەی سیاسی و بازرگانەکان دەگرێت، (رۆژنامەیەکی سەربەخۆ و ناسراو بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی بەرپرسانی سیاسی و تێوەگلانیان بە گەندەڵی لە وڵاتەدا) هەر لەساڵانی (١٩٩٨بۆ ٢٠٠١)ی زاینی، لە سەر بڵاوکراوەکانی تایبەت بە گەندەڵی ١٧ جار روبەروی دادگا کراوەتەوە بە تۆمەتی لەکەدارکردنی ناوبانگی بەرپرسانی فەرمی و بەرێوەبەری کۆمپانیاکان، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە، هەروەک رۆژنامەکە کە سێجار بە تاوانی لەکەدارکردنی ناوبانگ سزادراوە بەپێدانی (١٨٠،٠٠٠) دۆلار، هەربۆیە بەڕوونی دیارە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرباری مەترسی لە روبەرو بوونەوە کۆمەڵێک هەڵمەتی رێکخراو لە خولقاندنی کۆمەڵێک کێشەی یەکبەدوایەک، کە هۆکارە بۆ خۆ بە دورگرتنی بەڕێوەبەرانی دەزگا رۆژنامەوانییەکان لە سەر بەرێوەبردن وبەردەوام بوون لە سەر ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە.[3]

---

[1] -سامان نوح، دەروازەیەک بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆلکاری، پرۆگرامی مەشقکاری تۆری عێراقی بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری (نیریج)، چاپخانەی کارۆ، بغداد- سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢٣

[2] -عبد الحليم حمود، الصحافة الستقصائية الفضيحة الكاملة، ( لبنان : مركز الدراسات و الترجمة، ٢٠١٠)، ص٣٨

[3] -عبد الرزاق الدليمي، الصحافة الاستقصائية، نفس المصدر السابق، ص٤٨

**٣-ئاستەنگی ئابووری:**

ئاستەنگی ئابووری خۆی لە فشاری ئابووری وپاڵپشتی دارایی دەبینێتەوە، هاوکات فشارە ئابوورییەکان ڕابەرن لە دابینکردنی زانیاری بۆ ڕێکخراوە ڕۆژنامەوانییەکان، کاتێک حکومەت پێداویستی چاپەمەنی پردەکاتەوە و هاوردەوە دابەشکردنی کاغەز و مەرەکەب سنوردار دەکات، کە پێویستە بۆ چاپکردن کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک لە میدیاکاندا دەبێت.[1]

**٤- ئاستەنگی لە بە دەستهێنانی زانیاری:**

گەرچی، بەدەستهێنانی زانیاری ڕۆڵی بەر چاوی هەیە لە ئەنجامدانی دۆسییەی کاریگەر و گواستنەوەی بۆ رایگشتی، لەگەڵ ئەوەش ڕێکارە دیاریکراوەکان بە خراپی ریز کراون بۆ گەیشتن بە هەر زانیاری و پێکهاتەیەکی نا تەواو وەک کێشە باوەکان. لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازی و وڵاتانی گەشەسەندو و یاسای ئازادیی زانیاری دەگرنە بەر بە مەبەستی باشترکردنی لێشاوی زانیاری بۆ دابینکردنی گەرەنتی بەهێز بۆ میدیاکان، بەڵام زۆربەی ئەم یاسایانە زۆر بەسودن جگە لە جیاکاریە تایبەتەکان، کە کەلێنی تێدایە ،کە مەودای خەمەکان تێدەپەڕێنێ بۆ رایگشتی سەرەڕای جەختکردن لە سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و زەحمەتی شاردنەوەی ڕاستیەکان، بەڵام چڕبوونەوەی هێزی راستەقینە لە دەستی کەسانێکی دیاریکراو لە چەندین وڵاتی جیهانی سێهەم وایکردوە، کە ئەو کەسانە تاکە کەس بن زانیاری راستەقینەییان هەیە  دەربارەی ناوەڕۆکی ئەوەی لە کۆمەڵدا دەگوزەرێت، کە گەیشتن بە ئەوان قورس دەکات، چونکە مەحاڵە شکاندنی پەرژینەکان، بەسەر زانیاریەکاندا سەپێنراوە.[2]

بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری زۆریک لە وڵاتانی پێشکەوتو بە یاسا ئەم مافەیان بۆ رۆژنامەنوسان دەستەبەرکردوە، لە دەستوری ئەمریکا بە دەق هاتوە: حکومەت مولْکی گەلە ، پسپۆران لێکدانەوەیان بۆ ئەم دەقەکردوە پێیانوایە مەرامی باش و پێشووەختەیە لە لایەن یاسادانەرانەوە دادەنرێت، بە واتای زانیاریەکانی حکومەت بۆ هەمو کەسێ فەراهەمە، لەوەی کە دەیەوێت بیزانێت.[3]

---

[1] - دعاء هشام جمعة فرحات، الصحافة الاستقصائية التلفيزيونية و قضايا الارهاب، ( رياض، العربى للنشر و التوزيع، ٢٠١٠)، ص١٣١

[2] - بشرى حسين الحمداني، التغطية الصحفية الاستقصائية(تحقيقات عابره للحدود)، نفس المصدر السابق، ص١٢٠

[3] -حسن عماد المكاوى و ليلى حسين سيد، الاتصال ونظرياتة المعاصرة،( القاهرة: دار المصرية اللبنانية ، ٢٠١٤)، ص٢٤٨

سەبارەت بە عێراق و هەرێمی کوردستانیش، تا ئێستا یاسایەکی تایبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری بوونی نیە، بەڵام پرۆژەیەک بە ناوی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان (یاسایی روناکی)، پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەڵام بەهۆی ئەو تێبینیانەی لە سەر پرۆژەکە هەن گفتوگۆکردنی پەسەند کردنی بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە، هەرچەندە ئەم مافە لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستان دا بە بڕگەیەکی تایبەت جێگیرکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم یاسایەدا نە بە شێوەیەکی پێویست رێوشوێنی تیا دیاریکراوە بۆ پێدانی زانیاری نە سزای تیا دیاریکراوە بۆ ئەو کەسانەی، کە زانیاریان لایە و پاساو بۆ پێنەدانیان دەهێننەوە ناتوانن لە ئاست داواکاریەکانی رۆژنامەوانان و هاوڵاتیاندا بێت لە گەیشتنبیان بە زانیاریەکان.[1]

گەرچی، بەهۆی نیگەرانییە شاراوەکەی حکومەت لە نەبوونی شەفافیەت و نەبوونی زانیاری بۆ پاراستنی نهێنی و نهێنیەکانی دەوڵەت وەک بەرپرسان، رێگری لە رۆژنامەنوس دەکرێت لە بە دەستهێنانی زانیاری لە سەرچاوەکەکان، لەگەڵ رێگری لێکردن لە گەیشتن بە سایتەکان ئەوا دەگمەنە کەسێک بدۆزیتەوە، کە بیەوێت باس کردەوەکانی شکاندنی یاسا بکات یان تەنانەت باسی پێدانی زانیاری سادەش بکات، هاوکات دەستگەیشتن بە دۆکیومێنت و بەڵگە بڵاوکراوەکان زۆر سەخت و مەحاڵە لەکاتی خۆیدا، پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە بۆ گەیشتن بە هەمو ئەوانە.[2]

**٥- ئاستەنگە خودییەکان:**

ئەم جۆرە خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندی نێوان رۆژنامەنوس لە پراکتیزە کردنی پیشەیی لەگەڵ ناوخۆی دەزگاکە، لە ئاستەنگە خودییەکان وەک: کەمی کادری پیشەیی، نەبوونی ئامادە باشی رۆژنامەنوسان، لەگەڵ کەمی هاندان و توانای رۆژنامەوانان و ئارەزومەندیان بۆ کارێکی رۆژانەی ئاسان.[3]

کەمتەرخەمی دەزگا و دامەزراوەی رۆژنامەگەریی لە راهێنانی هەڵسوڕێنەرانی لە رێگەی خولی تایبەت بە بوارەکە سەرەڕای چۆنێتی بیرکردنەوەی هەڵسوڕێنەران و بەکاری بەڕێوبەرانی ئەو بوارە، نەبوونی حەز و ویست لە پێشخستن و داهێنان و جیاکاری. لەگەڵ

---

[1]- کامیل عومەر سلیمان، مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ رۆژنامەوانان لە هەرێمی کوردستان دا، ماستەرنامەیەکی بڵاوکراوەیە، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن، سلێمانی، (٢٠١٣)، ل١١٤ .

[2] -لدميه عابدى، زينب مهية، صعوبات العمل الصحفي االستقصائي في الاذاعة، دراسة ميدانية في الاذاعة تبسة الجهوية، نفس المصدرالسابق،ص١٣

[3] –محمد صابر العبد الشرافى، واقع الصحافة االستقصائية في الصحف الفلسطيني، نفس المصدر السابق، ص١١٣

کەمی تواناییە داراییەکانی ڕۆژنامەوان کە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی موچە و دەرامەتیان، لاوازی تو انای دەزگا ڕۆژنامەگەریی لە سەربەخۆ بوونیان و توانای کاریگەریان کە ئەمەش مەیلیان و پاڵپشتیان بۆ کاری بنکۆڵکاری لاواز دەکات. (1)

بێتوانایی ڕۆژنامەوان لە پیشەکەی وەک بێتوانایی لەگەران بە دوای زانیاریدا، بێتوانای لە ئەنجامدانی کاری مەیدانی و نەبوونی ژیری و بوویری لە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لە روبەرو بوونەوە لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان و نە گەیشتن بە سەرجەم پێکهاتە و کاری بنکۆڵکاری بۆ کەناری ئارامی، نە گەیشتن بە زانیاری و دۆسییە فەرمیەکان.(2)

هەرەشەکردن و مەترسی لە سەر ژیانی خودی ڕۆژنامەنوس، لەگەڵ بوونی شەکەتی و هەمیشەیی ترس لە شکست و کەوتن خاڵێکی رونە بۆ بردنی ڕۆژنامەنوس بەرەو ونبوون و لاوازی(3).

## ٦-ئاستەنگە بابەتییەکان:

ئەم ئاستەنگە لە ژینگەی دەوروبەری دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی فەرمی و سەندیکاکانی سەندیکاکانەوە سەرچاوەیان دەگرن لەگەڵ ئەوەی خۆیاندەبیننەوە لە نەبوونی دارایی پێویست لە پێناو رومالکردن، یاخود کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و گرانی لە دۆزینەوەی نیوەندێکی تایبەت بە کردەی بنکۆڵکاری، بە و پێیەی ڕۆژنامەنوسی تایبەتی پێویستە لە بوارەکە، لەگەڵ پشتگوێخستنی هەندێ دامودەزگا و دامەزراوە لە پێکهێنانی دەستەیەک لە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدا لە پێناو وەستان لە سەر کرداری نوسین و بڵاوکردنەوەی نوێ و مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتەکان و ناوەرۆکی بنکۆڵکاریدا، گرنگینەدان و کارپێنەکردن هەندێ دەزگای ڕۆژنامەگەریی بە بابەتی بنکۆڵکاری بە و پێیەی کە سەرجەم لێکۆلینەوەکان یەک گرنگیان هەیە، هەروەها گرنگینەدان بەکێبرکێ لە بواری بنکۆڵکاری لە نێوان دامەزراوە دەزگای ڕۆژنامەگەریەکان، نەبوونی فۆتۆگرافەری

---

1 –بشرى حسين الحمداني، معوقات الصحافة الاستقصائية العراقية من وجهة النظر الصحفيين العراقيين، بحث متقدم للمؤتمر العلمي الثالث، نحو رؤية مستقبلية لبناءاعلام مسئوول، كلية اداب، الجامعة العراقية، قسم الصحافة، بغداد، ٢٠١٦،ص٤

2 عبدالرحمن سعد، معوقات تواجه الصحفي الاستقصائي، جريده الاهرام، العدد ٤٦٢١١، ، (٩:٢٥ am)
https://www.google.com/search?q=%D8%8C+https%3A%2F%2Fgate.ahram.org%D8%8C&r

3 منير أبوو راس، و اخرون، الصحافة الاستقصائية مفهومها وماهيتها..نشاتها وتطورها..علاقتها بالبحث العلمي، نفس المصدر السابق، ص١٤

تایبەت بە بواری بنکۆڵکاری کەمی پێداویستی تەکنەلۆجی دروست و گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارە بنکۆڵکاری، کە لە هەر یەکە لە کامێرا و تۆمارکەر و لاپتۆپ.[1]

گەر چی نەبوونی دیموکراسیش لە زۆرێک لە ولاتە عەرەبیەکان لە کاتێکدا, کە هەندێکیان کۆمەڵی نوێی دیموکراسین و هەندێکیتر تازە رێگەیان گرتۆتەبەر بەرەو گۆرانی دیموکراسی، هەندێکی تر بە دەرگا داخراوی ماونەتەوە بەرامبەر بە شەپۆلی دیموکراسی، ئەمەش بە رونی دەبینرێت لە سروشتی ئەو ولاتانەی، کە دەسەلات و یاسا و بالا دەستە بۆ لەناو بردنی تێروانین و ئاسۆی ڕوون و گەش بۆ رۆڵی رۆژنامەگەریی لە ژیانی کۆمەڵدا، هەرەشەکردن و مەترسی لە سەر ژیانی خودی رۆژنامەنوس، هاوکات شەکەتی وهەمیشەیی ترس لە شکست و کەوتن خالێکی ڕوونە بۆ بردنی رۆژنامەنوس بەرەو ونبوون و لاوازی. بوونی کەموکورتی و سەختی لە بەدەستهێنانی زانیاریەکان.[2]

دوودڵی لە لایەن بەرێوبەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دابینکردنی ئەو زانیاریانەی پێویستیان بە بنکۆڵکاری هەیە، هەلومەرجی ئاسایش و سیاسی، کە ڕێگە لە ڕۆژنامەنوس دەگرێت لە نێوان ناوچە تایبەت بە رووداوەکان بە ئازادانە بجولێنەوە. کالبوونەوەی فێرکردنی ئەکادیمی لە روی تیۆری و پراکتیکدا و نەبوونی ڕاهێنانی دوای دەرچوون.[3]

**٧- ئاستەنگەکانی ژینگەی کار:**

رۆژنامەنوسی بنکۆڵکار(سامان نوح)، وادەیخاتە ڕوو بریتین لە بارودۆخە ئالۆزەکانی ئاسایش و سیاسەت و بزریی دیموکراسی و ئازادی رادەربرین وەک کەشوهەوایەکی تەندروست بۆ برەودان و بلاوبوونەوەی کاری بنکۆڵکاری، بایەخنەدانی فەرمانگە حکومیەکان بەوەی بلاودەبێتەوە، بزریی دامەزراوەکانی ئەستۆ پاکی و لێپرسینەوە، بێتوانایی دادگا بۆ بەدواداچونی ئەوەی میدیا بلاویدەکاتەوە، تایبەت بە کەموکورتی و گەندەڵیەکان، ژینگەی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری دەبنە هۆی کەمکردنەوەی توانای رۆژنامەوان لە بەدەستهێنانی زانیاریدا، تەشەنەکردنی میدیای حیزبی لە سەر هەژماری میدیای ئەهلی سەربەخۆ، لاوازی

---

[1] لبنى مهدي، ماهية العقبات التي تواجة الصحفي الاستقصائي، ٢٠٢٢/١/٢٨، (١:٤٥am) https://www.google.com/search?q=https%3A%2F%2Fe3arabi.com

[2] منير أبوو راس ، ياسر البنا ، زاهر البيك ، الصحافة الاستقصائية مفهومها وماهيتها..نشاتها وتطورها..علاقتها بالبحث العلمي،نفس المصدر السابق،ص١٤.

[3] محمد صابر العبد الشرافي، واقع الصحافة الاستقصائية في الصحف الفلسطينية، دراسة تحليلية وميدانية، قدم هذا البحث استكمال المتطلبات الحصول على درجة الماجستير في الصحافة، الفلسطين، ٢٠١٥، ص١١٠-١١١.

ڕۆشنبیریی کۆمەڵ، گرنگینەدان بە میدیا و ئەوەی بڵاویدەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە بەربەست لە بەردەم پێکهێنانی رایگشتیدا.[1]

لە لایەکی دیکەوە دەتوانرێت ئەم ئاستەنگانە لە دو ئاستدا چاودێری بکرێن:

**یەکەمیان**: پەیوەستە بە سروشتی ژینگەی کارکردن لە ناوخۆی ڕێکخراوەکانی راگەیاندن. لەکاتێکدا توێژینەوەکان گەشتونەتە ئەو ڕاستییە، کە ژینگەی کارکردن ڕەنگە کۆمەڵێ تایبەتمەندی هەبێت کە کاریگەری نەرێنی بەجێدەهێڵێت لە سەر ئازادی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک (دیکتاتۆری)ە، کە روکاری دەردەکەوێت لە باڵا دەستی لە بەڕێوەبردنی راگەیاندن و لە سەر بڕیارە جیاوازەکان بەبێ بەشداریکردنی خودی رۆژنامەنوسان.

**دووەمیان**: پەیوەستە بە توانست و لێهاتو شیاوی پیشەیی پەیوەندییەکان لە ناوخۆی ئەم ژینگەیەدا، کە پەیوەندیەکی پتەو تۆکمە لە نێوان پێوانەی شیاوی پیشەیی پەیوەندییەکان و نێوان دیموکراسیی ئامرازەکان بەدیدەکرێت، هاوکات ئەم لێهاتویی پیشەییە کاریگەری هەیە لە سەر ئەو چارەسەرانە، کە رۆژنامەنوس پێشکەشی دەکات، ئەوە دەبینیین کە زۆربەی چارەسەرەکان سادەن و دورن لە هەمو جۆرە قوڵبوونەوە و شیکردنەوە و پشتگوێخستنی کاری بنکۆڵکاری و چارەسەری بنکۆڵکاریانە[2].

**٨- نەبوونی ناسنامە و لاوازبوونی تێڕوانیین:**

لێرەدا سیستمی سیاسی پێکهێنەری تێڕوانینێکی گشتگیرە، بۆ ناوەڕۆکی رۆژنامەگەری زانستی، بە و پێیەی ئەم ناوەڕۆکە بە شێوەیەکی فراوان گوزارشت لە بۆچون و ئاراستە و پێگەکانی ئەم سیستمە بکات، هاوکات هەر ئەم سیستمە خاوەندارێتی ڕۆژنامەکان و شێوازەکانی ڕێکخراوەکە دیاری دەکات و ئەو ئایدیۆلۆژیایە دەسەپێنێت کە ڕۆژنامەکان تێیدا کار دەکەن و ئەو کارانە دیاری دەکەن کە لە کۆمەڵگادا ئەنجامی دەدەن، هاوکات ئەم دۆخە لە میدیاکاندا ڕەنگی داوەتەوە بۆ ئەوەی بێ ناسنامە و ئایدیۆلۆژیایەکی ڕون بن، کە دواجار دەبێتە هۆی لە ناوچونی لایەنگیری رۆشنبیری و نەبوونی دڵسۆزی پیشەیی و هەستی بەرژەوەندی گشتی، لێرەدا بەرژەوەندی تاک زاڵ دەبێت هەر بەوشێوەیە کاری رۆژنامەگەری بەهزر و بیری کارمەنەدە تایبەتەکان لە چوارچێوەی دەزگا فەرمییە رۆژنامەگەریەکان پراکتیزە دەکرێت.[3]

---

[1] سامان نوح، دەروازەی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری، هەمان سەرچاوەی پێشووو، ل**٥٢.**

[2] -هالة حمدي غرابة ، التغطية الاستقصائية الواقع القضايا المعاصر، ( القاهرە: العربی للنشر والتوزیع، ٢٠١٨)، ص**٤٤.**

[3] دعاء هشام جمعة فرحات، الصحافة الاستقصائية التلفيزيونية وقضايا الارهاب، نفس المصدر السابق ،ص١٣١.

له كۆتایی دەربڕینەكانی سەرەوە توێژەر پێیوایە، دوای دەرخستنی دیارترین ئاستەنگەكانی بەردەم ڕۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری بەو ڕاستیە دەگەین، كە ئەم جۆرە لە ڕۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری هێشتا وەک كاڵایەكی دەگمەن دەمێنێتەوە لە پراكتیزهكردنی ڕۆژنامەوانیدا، لەبەر ئەو ڕۆڵە بەرچاو كارایە لە دەرخستن و ئاشكراكردنی گەندەڵیەكان بە سەرجەم جۆرەكانیەوە لەگەڵ بوونی یاسا توندەكان و بوونی كۆمەڵێک ئاستەنگ بەردەوامن لە هەڕەشەكردن لە ڕۆژنامەنوسان كاتێک كەیسەكانی گەندەڵی ئاشكرا دەكەن یان ڕەخنە لە سیاسەتی فەرمی دەگرن، بە وپێیەی، كە رەخنەگرتن و كاری بنكۆڵكاری لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵات یەكناگرێتەوە هاوكات كاركردن بە و یاسایانەی هۆكارە بۆ سزادانی ڕۆژنامەنوسان كە دواجار دەبێتە فەرمان و دەقی داواكراو. گەربێت و بەم شێوازە بەردەوام بن لە كاركردن بەم یاسایانە، كە لە توێژینەوەكە ئاماژەی پێكراوە و گەشەپێنەدانی، هاوكات ناتوانێت بەشداری بكات لە دروستكردنی كەش و هەوایەكی لەبار بۆ پراكتیزەكردنی ڕۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری ئازاد و دور لە هەڕەشە، هەروەها كاری بنكۆڵكاری سەرنج ڕاكێش و دیار.

**دەروازەی دووەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە**

**بەشی سێهەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە:**

یەکەم: ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوەکە

دووەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە

سێهەم: سنوری توێژینەوە

چوارەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

پێنجەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە

شەشەم: پێوەری راستی فۆرمی راپێوی توێژینەوە

حەوتەم: پێوەری جێگیری توێژینەوە

هەشتەم : ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

**باسی دووەم: بە تاڵکردن و خستنەروی زانیاریەکان**

یەکەم: خستنە روی زانیاریەکانی بەرتوێژان

دووەم: تاقیکردنەوە گریمانەکان

**باسی سێهەم: دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیارەکان**

یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

دووەم: دەرئەنجامەکانی گریمانەی توێژینەوە

سێهەم: راسپاردە

چوارەم: پێشنیار

## باسی یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئامانج و گرنگیەکەی لەوەدایە، کە توێژەر بە شێوەیەکی زانستی لە ڕێگەی ڕێکارەکانی توێژینەوەی زانستی پابەند دەبێت پێیەوە، بۆیە چەند ڕێکارێکی مەیدانی هەیە کە بریتین لە:

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوە:**

لە ڕوی جـۆرەوە ئەم تـوێژینەوەیە لە جـۆری تـوێژینەوە وەسـفیەکان دادەنرێـت، کە هەوڵدەدات بۆ لێکدانەوەی دیاردەیەکی دیاریکراو شیکردنەوە وەسفکردن و ناساندنی سەرجەم لایەنەکان، سەرباری هاوکاریکردنی توێژەرە لە سۆنگەی گەیشتن بەو راستیەی کە پەیوەستە بە تـوێژینەوەکەوە، هەروەهـا وێنـاکردنی پەیوەنـدی نێـوان دیاردەکـان وکاریگەریـان بەسـەر یەکترەوە.[1]

بۆ بەرجەستە کردنی ئامانجەکانیشی لە رەهەندە کردەنی (مەیدانیی) یەکەیدا، پشت بە ڕێکاری، روپێـوی (مسـح) بەسـتراوە کە لە بـوارە کۆمەڵایەتیەکـان و بـواری راگەیانـدن زۆرتـر بەکاردەهێنرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕووپێوی بە ڕێکـارێکی سـەرەکی و بـاو دادەنرێت لە توێژینەوە وەسفیەکاندا هاوکات ئەم ڕێکارە متمانە پێکراوی بواری تـوێژینەوەی راگەیاندن دادەنرێت.[2]

**دووەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە :**

لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکدێت لە کۆی رۆژنامەنوسانی میدیای کوردی، کە ژمارەیان بە گشتی (٦٥٤٦)، ڕۆژنامەنوسە* بە جیاوازی دامەزراوە میدیاییەکان لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بریتین لە و رۆژنامەنوسانەی لە بوارە جیاجیاکانی

---

[1] محمد عبدالعال النعيمى واخرون، طرق ومناهج البحث العلمي،(عمان:مؤسسة الوراق للنشر و التوزيع، ٢٠١٥)، ص٢٢٧.

[2] محمد سرحان علی المحمودي، مناهج البحث العلمي، ط٣، (صنعاء: دارالكتب، ٢٠١٩)، ص٥١

* **توێژەر بە پشت بەستن بە ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان** لە سەر ووتەی هەریەکە لە (ئازاد حمە دەمین)، سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان، (ئارام حسین)، لێپرسراوی بەشی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە ئاماژەیان بە (٦٥٤٦)، رۆژنامەنووس کردووە بە نزیکراوەی لە سنووری هەریەکە لە پارێزگانی هەرێم کە بۆ هەر یەک لە (دهوک، ١٥٣٤) (هەولێر، ٢٦٠٧)، (سلێمانی، ٢١٥٥)، (هەڵەبجە، ٢٥٠)، رۆژنامەنووس دیاریکراوەکە، دواتر بە دەرهێنانی ڕێژەی سەدی کە دەکاتە (شوێن/١٠٠) ڕێژەی سەدی دەرهێنراوە، بۆ هەر چوار پارێزگاکە دوا جار کۆی گشتی کردوێتیە لە سەدا بیست (٢٠%)ی کۆمەڵگە وەرگیراوە لەبەر زۆری ژمارەی رۆژنامەنووسان، هەر بۆیە لە (دهۆک، ٧٦)، لە (هەولێر، ١٣١)، لە (سلێمانی، ١٠٨)، و (هەلەبجە، ١٢) رۆژنامەنووس وەرگیراوە لە کۆتاییدا لە کۆی گشتی (٣٢٧) رۆژنامەنووس وەک نموونە وەرگیراوە.

ڕۆژنامەگەریی بە (بینراو، پەخش، ئەلکترۆنی) کاردەکەن، هاوکات بۆ دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە سەر سامپڵی توێژینەوەکەدا سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو گیراوە، کە پێکهاتوە لە هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە)، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی گوزارشت لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات،

هەرچی دەربارەی سامپڵی تۆێژینەوەکەشە، کە بە شێوەی (سامپڵی هەرەمەکی هێشوویی)، یان بە واتایی (العینة العشوائیة العنقودیة) وەرگیراوە(**)، کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر ڕۆژنامەنوسانی بواری ڕۆژنامەگەری بە جیاوازی دامەزراوە و ئامرازەوە بەو پێیەی، کە ڕۆژنامەنوسان کەسانی شارەزا و لێهاتو بە ئەزمون و هەڵسوڕێنەری بواری ڕۆژنامەگەرین، تێیاندا (٣٢٧) ڕۆژنامەنوس بە ڕێژەی لە (سەددا بیست) (٢٠%) کۆمەڵگەکە وەرگیراوە بەو پێیەی ئەم ژمارەیە وێنای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەن.. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١) چۆنێتی خستنەڕوی کۆمەڵ و بەرتوێژان دەردەخات**

| ژمارە | ناوی پارێزگاکانی هەرێم | ڕێژەی کۆمەڵی توێژینەوە | بەرتوێژان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارێزگای هەولێر | ٢٦٠٧ | ١٣١ | %٤٠ |
| ٢ | پارێزگای سلێمانی | ٢١٥٥ | ١٠٨ | %٣٣ |
| ٣ | پارێزگای دهۆک | ١٥٣٤ | ٧٦ | %٢٣ |
| ٤ | پارێزگای هەڵەبجە | ٢٥٠ | ١٢ | %٤ |
| ٥ | کۆی گشتی | ٦٥٤٦ | ٣٢٧ | %١٠٠ |

** **سامپڵی هەرەمەکی هێشوویی:** ئەو سامپڵەیە کەلەکۆمەڵگەیەک وەردەگیرێت کەناسراو ودیاربێت، هەروەها نمایشی چەند پارێزگایەک یان هەرێمێک دەکات، توێژەر لەکۆمەڵی توێژینەوە ڕێژەیەکی گونجاو وەردەگرێت کەرەنگدانەوەی پارێزگاکان یان هەرێمەکەی تێدا بێت، جا لەسەربنەمای یەکسان بێت بۆ پارێزگاکان یان نا یەکسان.

**سێهەم: سنوری توێژینەوە**

**هەمیشە سنوری توێژینەوە خۆی لە سێ بوار دەبینێتەوە:**

**بواری کات:** ماوەی وەرگیراوی سامپل (نمونە)ی توێژینەوەکە، مەبەستمان لە ماوەی گریمانەکراو بۆ زانینی تێروانینی بەرتوێژان بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دیاریکردوە، ئەویش سالآنی (٢٠٢٠بۆ٢٠٢١) کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی توێژەر تێبینی کردوە، کە لەم ماوەیەدا واتە ماوەی دیاریکراو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم سالآنەی دوایدا چالاکانەتر گرنگیان بە بواری بنکۆڵکاری داوە. بابەت و پرسە بنکۆڵکاریەکان تارادەیەکی باشتر جەختیان لە سەر کراوەتەوە بە راورد بە سالآنی پێشوو.

**بواری شوێن:** مەبەستمان هەرێمی کوردستانە واتا هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە) چەندین دامەزراوە و دەزگای میدیایی و چەندین ناوەند و زانستگای تێدایە.

**بواری مرۆیی:** مەبەستمان لە بژاردەیەک لە رۆژنامەوانانە کە لە دامەزراوە جیاوازەکاندا ئەرکی جۆراو جۆر ئەنجامدەدەن، کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە، بە شێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراون، کە جیاوازن لە روی ئاست و تەمەن خزمەت و بواری کارکردنی رۆژنامەگەریدا.

**چوارەم ئامراز و کەرەستەی توێژینەوە:**

لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە: فۆرمی ڕاپرسی، ئەم ئامرازە ڕێگەیەکە بۆ دەستکەوتنی زانیاری و بۆ بە دەستهێنانی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**فۆڕمی ڕاپرسی:** راپرسی بە ئامرازێکی شیاو هەژماردەکرێت بۆ گەیشتن بە داتای راست و پەیوەستدار بە بابەتەکەوە، هاوکات پێشکەش دەکرێت لە شێوەی ژمارەیەک لە پرسیار کە پێویستی بە وەڵامی دروستە.(1)

بە تایبەت لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەستکەوتنی بۆچونی خودی رۆژنامەنوسان، لە سەر دەرفەت و ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا، توێژەر فۆرمێکی (٢٢) پرسیاریی بە سود وەرگرتن لە توێژینەوکانی پێشوو و سەرنج و تێبینی سەرپەرشتیار و پرس و ڕایی چەند شارەزاو و پسپۆری بوارەکە دروستکردوە.

[1] سعد سليمان المشهداني، منهجية البحث العلمي، ( الاردن،عمان: دار الاسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٩)، ص ١٧٠

**پێنجەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە**

بێگومان ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بێ ئاستەنگ و گرفت نابێت، هاوکات لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر روبەروی چەند ئاستەنگێک بۆتەوە لەوانە:

١-کەمی سەرچاوەی دەستکەوتو دەربارەی بابەتی بنکۆلکاری بە گشتی، هاوکات نەبوونی سەرچاوەی کوردی بە تایبەتی.

٢- لە کاتی دەستکەوتنی زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکە و لە کاتی دابەشکردنی فۆرمەکان، هاتنی بۆنەو سەری ساڵ و پشوەکان ئاستەنگێکی دیکە بوون بۆ توێژەر.

٣- مەترسی بەردەوام لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی (کۆرۆنا) و هاتنی نەخۆشی (اومیکرون)یش دوا بە دوای ئەو هێندەی تر کارەکانی لە بەردەم توێژەر گرانتر کرد لە بە دەستەوەهاتنی پێویستیەکان.

**شەشەم: پێوەری راستی فۆرمی راپێویی توێژینەوە**

دروستی گرنگترین خەسڵەتی پێوانەسازییە، چەمکی راستگۆی ئاماژە بەو دەرهاویێژە تایبەتیانە دەکات، کە لە پێوەری نمرەکاندا دەریدەهێنین لە روی گونجاویەوە، هاوکات بەدیهێنانی راستگۆیی پێوانەیی واتە بەدەستهێنانی ئەو بەڵگەیەی، کە تاقیکردنەوەی راستگۆی پێوەیە، کە پەیوەندی بە و ئامانجەوە هەیە کە تاقیکردنەوەکەی بۆ دروست دەکرێت و بڕیار لەسەر نمرەکانی دەدرێت[1].

هەروەها راستگۆیی راستەقینە: لە سەر بنەمای ئەو بیرۆکەیەی تا چەند دەستەواژەی بڕگەکانی ڕاپرسیەکە گونجاون و تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ئامانج و کێشەی توێژینەوەکە، هەروەها راستگۆی دەکرێ لە ڕێگەی پسپۆڕانەوە ئەنجامبدرێت، کە گرنگە وەک هەنگاوێکی بنیاتنان بۆ سود وەرگرتن لە ڕای شارەزایان بە پشت بەستن بە پرۆسەی داڕشتن و رونکردنەوەی بڕگەکان لە ڕێگەی پەیوەندی راستەقینەیی نێوان بڕگەکان و کۆی گشتی بڕگەکان پاش لابردنی بڕگە پەسەند نەکراوەکان.[2]

[1] – هاشمي لقومي، و ابن الزاهي، بيانات الصدق و الثبات لمقياس المهارات الاجتماعية المصور لطفل التربية التحضيرية، ( جزائر: مجلة علوم النفسية والتربووية، جامعة ورقلة، ٢٠١٦)، ص٩.

[2] خليفه بن احمد بن حميد القصابى، تحليل الفقرات فى بناء المقاييس النفسية، الصدق الظاهري، الصدق الفقرات، الصدق العاملى، (عمان: المجلة الدولية للدراسات التربووية والنفسية، جامعة نزوي، ٢٠٢٠)، ص٥٤٨.

لەم ڕوانگەیەوە ڕاپرسێکە خرایەڕو، بە شێوەیەکی سەرەتایی توێژەر فۆرمەکەی ئاراستەی (٥) پێنج، پسپۆری شارەزا کردوە.(*) بە مەبەستی دەرهێنانی ڕواڵەتە دروستی، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕاپرسێکەوە، هاوکات ڕاوبۆچونەکانیان وەرگیراوە و سود لە ڕاوبۆچونەکانیان وەرگیراوە بۆ بەدیهێنانی گونجاوی هەر برگەیەک بۆ تەوەرەکە، لەگەڵ ئاستی دروستی ورد و دارشتنی زمانی زانستی و ئاستی گشتگیری ڕاپرسێکە بە کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە، لە بەر رۆشنایی زانیاری پسپۆران دوبارە دارشتنەوەی هەندێ برگە و زیادکردنی هەندێ برگە یان گۆرین یان لابردنی برگەکان. پاش ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە و پاش وەرگرتنەوەی ڕاپرسیەکە لە پسپۆران، هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت جێبەجێکرا، کە دەکاتە: برگە گونجاوەکان/کۆی برگەکان×١٠٠، واتە: ١٢١/١١٣=٩٣،٣٨%، کەئەمەش ڕادەی بەرزی ئامرازی توێژینەوەکە دەخاتەروو.

**حەوتەم: ڕادەی جێگیریی (الثبات) توێژینەوە**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بۆ دڵنیابوون لە جێگیری داتا وزانیاری کۆکراوەی فۆرمەکە جێگیری ناوخۆیی بەکارهێناوە بە پشت بەستن بە هاوکێشەی (الفا کرونباخ) بۆ کۆی داتا و زانیاری نێو پرسیارەکانی فۆرمەکە، کە ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی لای خوارەوەدا خراوەتەروو:

**خشتەی (٢) جێگیری توێژینەوە**

| پرسیار | ژمارەی پرسیارەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| پرسیارەکان | ٢٢ | ٠.٩٨٧ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت، کە جێگیری توێژینەوە بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لە (٠.٩٨٧)، کە ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

---

* ناو نازناوی زانستی پسپۆریی پسپۆران:

| | | |
|---|---|---|
| ١- د. هێرش ڕەسوڵ موراد | پرۆفیسۆر | زانکۆیی پۆلەتەکنیک/ ڕۆژنامە |
| ٢- د. یەحیا عومەر ریشاوی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆیی پۆلەتەکنیک/ ڕۆژنامە |
| ٣- د. باقی جمیل احمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/ ڕۆژنامە |
| ٤- د. ئاراز ڕەمەزان احمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی ڕاپەرین/ ڕۆژنامە |
| ٥- د.عبدالخالق ابراهیم مصطفی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی پۆلەتەکنیک هەولێر/ ڕۆژنامە |

**هەشتەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان.**

دوای کۆتایی هێنان بەڕێکاری کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، پشت بەست بەپسۆڕی میدیا وشارەزا لەبواری پڕۆگرامی (SPSS) دیزاینی فۆرمی ڕاپرسی کراوە بەپێی دەستە و پرسیارەکان، دواتر داتاکان داغڵکراون بەشێوەی ئەلیکترۆنی، پشتبەستو به ئاماری وەصفی بە شێوازی (Non Parametric) شیکردنەوە بۆ تێکرای داتاکان کراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری وبیرکاری جۆراوجۆر:

1. دوبارە وڕێژەی سەدی.
2. ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری[1].
3. پلەی ئازادی وئاستی باوەڕی.
4. ئامرازی پەیوەندی سپێرمان(Spearman Correlation Coefficient)[2].
5. تێستی مان ویتنی (Mann – Whitney – Test)[3] بۆ جیاوازی داتای ڕیزبەندی نێوان دوو گروپی سەربەخۆ لە سامپڵی توێژینەوە.

تێستی کروسکاڵ والیس ( Kruskal Wallis )[4] بۆ جیاوازی داتای ڕیزبەندی نێوان زیاتر لە دوو گروپ لە سامپڵی توێژینەوە.

---

1- كمال دشلي، منهجية البحث العلمي، ( سوريا: منشورات جامعة حماة كلية الاقتصاد، ٢٠١٦)، ص١٢

2- Sandhya Jain, Ues Cronbachs- Alpha In Dental Research Medico Research Chronicles, Submitted on: May 2017,p 288.

3-Mann-Whitney U Test using SPSS Statistics,29/3/2022(3:00pm), https://statistics.laerd.com

4 - Kruskal-Wallis Test - Null Hypothesis, 29/3/2022(3:35), https://www.spss-tutorials.com

## باسی دووەم: بەتاڵکردن و خستنە ڕوی زانیاریەکان

### یەکەم: خستنە ڕوی زانیاریەکانی بەرتوێژان:

لەم بەشەدا، کە بۆ لایەنی مەیدانی تەرخانکراوە. توێژەر هەوڵدەدات ئەنجامی تێڕوانینی بەرتوێژان بخاتە ڕو هەروەها شرۆڤەیان بۆ بکات.

پاش دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە، بەسەر بەرتوێژان و بە داتاکردنی وەڵامەکانیان، توێژەر لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ئاماریی و ژمێرییەوە ڕێژەی سەدی بۆ هەریەکە لە بڕگەکانی فۆرمەکە دەرهێناوە لە چوارچێوەی چەند خشتەیەکدا و بە پێی ڕیزبەندی و تایبەتمەندی بڕگەکانی ناو ڕاپرسییەکە، ئەنجامەکانی خستۆتە ڕوو:

**تەوەری یەکەم / زانیاری تایبەت بە بەرتوێژان:** ئەم باسە تایبەتە بە خستنە ڕوی زانیاری تایبەت دەربارەی ئەو بەرتوێژانەی،کە بەشداربووی ڕاپرسییەکەن لە یەک خشتەی هاوبەش خراونەتە ڕوو.

**خشتەی (٣) زانیاری تایبەت بە بەرتوێژان**

| ژ | زانیاری تایبەت | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەز | نێر | ٢١٥ | ٦٧،٤ |
| | | مێ | ١٠٤ | ٣٢،٦ |
| | کۆی گشتی | | ٣١٩ | ١٠٠ |
| ٢ | تەمەن | کەمتر لە ٢٦ | ٣٧ | ١١،٦ |
| | | ٢٧ -٣١ | ٦٠ | ١٨،٨ |
| | | ٣٢ – ٣٦ | ٩٧ | ٣٠،٤ |
| | | ٣٧ – ٤١ | ٦٤ | ٢٠،١ |
| | | ٤٢ – زیاتر | ٦١ | ١٩،١ |
| | کۆی گشتی | | ٣١٩ | ١٠٠ |
| ٣ | ئاستی خوێندەواری | ئامادەیی | ٥٢ | ١٦،٣ |
| | | دبلۆم | ٧٠ | ٢١،٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بەکالۆریۆس | ١١٣ | ٣٥،٤ |
| | | دبلۆمی باڵا | ٦٠ | ١٨،٨ |
| | | ماستەر | ٢٢ | ٦،٩ |
| | | دکتۆرا | ٢ | ٠،٦ |
| | کۆی گشتی | | ٣١٩ | ١٠٠ |
| ٤ | ئەزمون لە بواری رۆژنامەگەری | ١بۆ ٥ساڵ | ٦٤ | ٢٠،١ |
| | | ٦بۆ ١١ساڵ | ٧٠ | ٢١،٩ |
| | | ١٢بۆ١٧ ساڵ | ١٠٥ | ٣٢،٩ |
| | | ١٨بۆ ٢٣ساڵ | ٥١ | ١٦ |
| | | ٢٤بەرەوژور | ٢٩ | ٩،١ |
| | کۆی گشتی | | ٣١٩ | ١٠٠ |
| ٥ | ئەو دەزگایەی کاری تیدا دەکەیت | حیزبی | ٩٣ | ٢٩،٢ |
| | | گشتی | ٦٨ | ٢١،٣ |
| | | کەرتی تایبەت | ١١٧ | ٣٦،٧ |
| | | سەربەخۆ کاردەکەم (فریلانس) | ٤١ | ١٢،٨ |
| | کۆی گشتی | | ٣١٩ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (٣) ئاماژەیە بۆ پێدانی زانیاری تایبەت بە بەرتوێژان لە رووی رەگەزەوە، نێر بە پلەی یەکەمە، و پێیدەچێت لە وەوە سەرچاوەی گرتبێت لەخۆبینینەوەی ئەم فۆرمە لە بەردەم رەگەزی نێر زیاتر وەک لە رەگەزی مێ لە شێوازی دابەشکردندا، چونکە لە ئێستادا رەگەزی مێ هاوشانی رەگەزی نێر لە دەزگا جیاوازەکانی رۆژنامەگەریی لە کارکردندان. هاوکات لەڕوی تەمەنەوە زۆرینەی بەرتوێژان ئاستی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان، (٣٢ -٣٦) ساڵ، بە پلەی یەکەم دێت، ئەمەش ئەوە دەخاتە روو، کە هەڵسوڕێنەرانی بواری رۆژنامەگەریی بەپێی ئاستی تەمەنیان ئەزمونیان زۆرترە، ئەمە بە خاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت،

لەبە رئەوەی بوونی ئەزمون و شارەزایی بۆ هەمو پیشەیەک گرنگی خۆی هەیە. هەروەها لە خاڵێکی تری خشتەکە دا، کە ئاماژە بە تەمەنی رۆژنامەنوسان کراوە، زۆربەی بەرتوێژان، کە لە پلەی یەکەمدان هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوسن، لە ئێستادا لە دەزگاکانی رۆژنامەگەریی زیاتر بایەخ بە وەرگرتنی دەرچوانی زانکۆکان دەدەن بۆ کارکردن لە دەزگاکانیان هاوکات لە ڕووی ئەزمونیشەوە بە گوێرەی ئەنجامەکان زۆرینەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتوە لە ماوەی ئەزمونیان لە بواری رۆژنامەگەرییدا لە نێوان ساڵانی(١٢-١٧)، ساڵدایە، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتوە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی، کە کاری رۆژنامەگەریی لە ئێستادا ئاراستەکەی ڕووە و هەڵکشانە لە پیشەییبووندا، هەروەها لە ڕووی خاوەندارێتی زۆرینەی بەرتوێژان لەو دەزگا رۆژنامەوانیانە کار دەکەن،کە خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ کەرتی تایبەت، کە پلەی یەکەمی وەرگرتوە. ئەمەش دەرخستەی ئەو ڕاستیەیە، کە سەرجەم دامەزراوەکان خاوەندارێتی حیزبی نیێن بەڵکو خاوەندارێتیەکان هەمەڕەنگی پێوە دیارە و گۆرانی بە خۆیەوە بینیوە لەم ساڵانەی دواییدا.

**تەوەرەی دووەم/ تایبەتە بە چوارچێوەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری**

**خشتەی (٤) ئاستی شارەزایی و ئاشنابوونی سامپڵی توێژینەوە بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ٥٥ | ١٧،٢ | ٣ |
| باش | ١٤٤ | ٤٥،٢ | ١ |
| مامناوەند | ١٠٢ | ٣٢ | ٢ |
| خراپ | ١٦ | ٥ | ٤ |
| زۆر خراپ | ٢ | ٠،٦ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی زۆری رۆژنامەنوسان شارەزایی و ئاشنایەتیان هەیە بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ برەودان و زیادکردنی زانین و گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوە بە ژانرێکی نوێی رۆژنامەوانی.

**خشتەی (٥)**

**هەوڵدانی رۆژنامەنوس بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری**

| برگەکان | دوبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەزمون و کارکردن لە بوارەکە | ٩٦ | ٣٠،١ | ٣ |
| لە ڕێگەی خولی تایبەت | ٩٨ | ٢١،٣ | ٢ |
| ناوەندی ئەکادیمی | ٣٨ | ١١،٩ | ٤ |
| خوێندنەوە دەربارەی بوارەکە | ١١٧ | ٣٦،٧ | ١ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٥) دەرئەنجامەکان ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە زۆربەی رۆژنامەنوسان لە ڕێگەی خوێندنەوەوە زانیاریەکانیان فراوان کردوە دەربارەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، کە بە پلەی یەکەم خۆی دەنوێنێت، بە بەراورد بە برگەکانی دیکە، کە ئەمەش خاڵیکی ئەرێنی هەژمار دەکرێت بۆ فراوانکردنی زانیارییەکانیاندان سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری.

**خشتەی (٦)**

**ئاستی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ژینگەی کارکردن لای سامپڵی توێژینەوە**

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ٧٠ | ٢١،٩ | ٢ |
| باش | ٦٩ | ٢١،٦ | ٣ |
| مامناوەند | ١١٦ | ٣٦،٤ | ١ |
| خراپ | ٥٢ | ١٦،٣ | ٤ |
| زۆر خراپ | ١٢ | ٣،٨ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی زۆری رۆژنامەنوسان بە ئاستێکی (مامناوەند) رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە ژینگەی کارکردندا رەنگیداوەتەوە لە لایان، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ خودی دەزگا میدیاییەکان.

**خشتەی (٧)**

**هەڵسەنگاندنی رۆژنامەنوسان بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا**

| بڕگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ١٠ | ٣،١ | ٥ |
| باش | ٦٩ | ٢١،٦ | ٢ |
| مامناوەند | ١٦٣ | ٥١،١ | ١ |
| خراپ | ٦٦ | ٢٠،٧ | ٣ |
| زۆر خراپ | ١١ | ٣،٥ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی زۆری رۆژنامەنوسان بە ئاستێکی (مامناوەند) هەڵسەنگاندن بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دا دەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ برەودان بەخودی ئەو رۆژنامەگەریە.

خشتەی (٨)

هەڵسەنگاندنی کاری دەزگا رۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بووێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە لایەن سامپڵی توێژینەوە

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ٨ | ٢،٥ | ٥ |
| باش | ٥٣ | ١٦،٦ | ٣ |
| مامناوەند | ١٣٠ | ٤٠،٨ | ١ |
| خراپ | ١١٧ | ٣٦،٧ | ٢ |
| زۆر خراپ | ١١ | ٣،٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی رۆژنامەنوسان بە ئاستێکی (مامناوەند) هەڵسەنگاندن بۆ کاری دەزگا رۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بووێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ گەشەپێدان وبەرەو پێشبردنی رەوشی خودی ئەو رۆژنامەگەریە.

خشتەی (٩)

هۆکاری لاوازی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا دەخاتەڕو لای رۆژنامەنوسان

| برگەکان | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمی لێهاتویی رۆشنبیری لە کاری بنکۆڵکاری | ٨٨ | ٢٧،٦ | ١ |
| مەترسی و هەرەشەلێکردن | ٨٣ | ٢٦ | ٢ |
| پابەندبوونی رۆژنامەوان بۆ پارتی فەرمانرەوا | ٥٧ | ١٧،٩ | ٣ |
| نەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنی رۆژنامەوانان | ٥٣ | ١٦،٦ | ٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خۆ بە دورگرتنی رۆژنامەوان لە و بابەتانەی کە توشی کێشەی دەکات | ٣٨ | ١١،٩ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٩) ئەوە رون دەکاتەوە، لە کاتی بوونی لاوازی دەزگا رۆژنامەگەرییەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنرا و شارەزا و بووێر لە برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زۆربەی توێژەران هۆکارەکەی بە ئاستی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کەمی لێهاتویی رۆشنبیری لە کاری بنکۆڵکاری ،کە پلەی یەکەمی گرتوە. لێرەوە ئەوە روندەبێتەوە، کە لە کاتی لاوازی دەزگا رۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا تەنها پەیوەست نیە بەیەک رەهەندەوە بەڵکو هۆکار گەلێک هەن بەیەکداچون، بوونی دەزگای سەرکەوتو ئاماژەیە بۆئامادەکردنی رۆژنامەنوسی شارەزاو لێهاتوو.

**خشتەی (١٠)**

**رادەی ئازادیی بۆ پیادەکردنی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ٣ | ٠،٩ | ٥ |
| باش | ٢٨ | ٨،٨ | ٣ |
| مامناوەند | ١٦١ | ٥٠،٥ | ١ |
| خراپ | ١٠٨ | ٣٣،٨ | ٢ |
| زۆر خراپ | ١٩ | ٦ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی زۆری رۆژنامەنوسان بە ئاستێکی مامناوەند رادەی ئازادیی بۆ پیادەکردنی کاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ برەودان بەخودی ئەو رۆژنامەگەریە. لەبەر ئەوەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر لە سێبەری ئازادیدا بەرەو پێش دەچێت.

خشتەی (١١)

ئاستی ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای رۆژنامەنوسان

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ٤ | ١،٣ | ٥ |
| باش | ٤١ | ١٢،٨ | ٣ |
| مامناوەند | ١٩٣ | ٦٠،٥ | ١ |
| خراپ | ٦٨ | ٢١،٣ | ٢ |
| زۆر خراپ | ١٣ | ٤،١ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی رۆژنامەنوسان بە ئاستێکی مامناوەند دەروانننە ژینگەی لەبارو گونجاو بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ برەودان بە ژینگەی خودی ئەو رۆژنامەگەریە.

خشتەی (١٢)

دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بوونی فرەیی پارتەکان و کێبڕکێی نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ٧٦ | ٢٣،٨ | ١ |
| هاندان و پاڵپشتیکردنی لایەنی دارایی ڕۆژنامەنوسان | ٤٠ | ١٢،٦ | ٤ |
| دەرکەوتنی گەندەڵی بە سەرجەم جۆرەکانیەوە | ٥٣ | ١٦،٦ | ٣ |
| گرنگیپێدانی وەرگر بۆ بابەتە بنکۆڵکاریەکان | ٣٥ | ١١ | ٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاستی کاریگەریی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە چارەسەری کێشەکان | ١٨ | ٥،٦ | ٧ |
| گرنگیدان بە بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان لە لایەن رۆژنامەوانانەوە | ١٥ | ٤،٧ | ٨ |
| پەیڕەوکردنی بنەمای ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان | ١٩ | ٦ | ٦ |
| حەز و ئامادەیی رۆژنامەوان بۆ بە ئەزمونکردنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٦٣ | ١٩،٧ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٢) ئەوە روندەکاتەوە، کە بەرتوێژان دەرفەت بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم پەیوەست دەکەنەوە بە پلەی یەکەم بە بوونی فرەیی پارتەکان و کێبڕکێی نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن، و بە پلەی دووەم حەز و ئامادەیی رۆژنامەوان بۆ بە ئەزمونکردنی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هاوکات لە پلەی سێهەمیشدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی گەندەڵی بە سەرجەم جۆرەکانیەوە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە بوونی ئەو خاڵانەی سەرەوە ئاماژەن بۆ بوونی دەرفەت و کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و برەودان بەم چەشنە لە هەرێمی کوردستان دا.

**خشتەی (١٣)**

**ئاستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای رۆژنامەنوسان**

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ٥ | ١،٦ | ٥ |
| باش | ٢٩ | ٩،١ | ٣ |
| مامناوەند | ١٧٢ | ٥٣،٩ | ١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خراپ | ١٠٠ | ٣١،٣ | ٢ |
| زۆر خراپ | ١٣ | ٤،١ | ٤ |
| كۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەكەوێت، كە زۆرینەی رۆژنامەنوسان بە ئاستێكی مامناوەند دەروانن ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری لە هەرێمی كوردستان، ئەمەش ئاماژەیەكی گونجاوە بۆ گەشەدان بەخودی ئەو رۆژنامەگەریە.

### خشتەی (١٤)

### خشتەی تایبەت لە كاتی نە بوونی دەرفەت بۆ رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری دەخاتەڕوو لای سامپڵی توێژینەوەكە

| برگەكان | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| شاردنەوەی راستیەكان و ئاشكرانەكردنی گەندەڵی | ٤٥ | ١٤،١ | ٤ |
| نەبوونی رۆژنامەوانی تایبەتمەند لە بوارەكە. | ٧٧ | ٢٤،١ | ١ |
| نەبوونی ژینگەی لەبارو ئازادی فەراهەمكراو | ٦٥ | ٢٠،٤ | ٣ |
| نەبوونی ئاستی رۆشنبیریی باڵا بۆ پەروەردەكردن و پێگەیاندنی رۆژنامەنوسی بنكۆڵكار | ٤٢ | ١٣،٢ | ٥ |
| ترس لە فەرمانڕەوا و دەسەلاتداران | ٦٧ | ٢١ | ٢ |
| بەرژەوەندیی گشتی | ١٥ | ٤،٧ | ٦ |
| پەیرەوكردنی بنەمای ئیتیكی كاری رۆژنامەوانی | ٨ | ٢،٥ | ٧ |
| كۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەكانی خشتەی (١٤) ئەوە دەخاتە ڕو لە كاتی نەڕەخسانی دەرفەت بۆ رۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری لە هەرێمی كوردستان زۆربەی بەرتوێژان هۆكارەكەی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی رۆژنامەوانی تایبەتمەند لە بوارەكە بە ئاستی یەكەم، واتە هەڵبژاردنی پسپۆر بەپێی سروشتی كەناڵ بنەمایەكی گرنگی ڕۆژنامەگەری بنكۆڵكارییە.

### خشتەی (١٥)

### مەبەستی سەرەکیی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان زیاتر ورووژاندن و دەرخستنی چ جۆرە دۆسیەیەکە تێروانینی لای ڕۆژنامەنوسان

| بڕگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئاشکراکردنی دۆسییە شاردراوەکان | ٥٩ | ١٨،٥ | ١ |
| گەندەڵی سیاسی | ٥٤ | ١٦،٩ | ٣ |
| گەندەڵی کارگێری | ٤٦ | ١٤،٤ | ٥ |
| گەندەڵی دارایی و ئابووری | ٥٠ | ١٥،٧ | ٤ |
| گەندەڵی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی | ٥٤ | ١٦،٩ | ٣ |
| بەرژەوەندیی گشتی | ٥٦ | ١٧،٦ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٥) ئەوە روندەکاتەوە، کە لە توانای رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاریدایە لە دەرخستن و وروژاندن هەندێ دۆسییەی تایبەت بە دیاریکراوی ئاشکراکردنی دۆسییە شاردراوەکان، کە بەرتوێژان ئاماژەیان پێکردوە بە پلەی یەکەم دێت کەواتە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە توانایدایە دۆسییە جیاوازەکانی سەرجەم بوارەکان بخاتە ڕوو بە تایبەتی دۆسییەی شاراوە و نهێنی، کە بەردەوام جێی مشتومڕی خەڵکەو دەرخستن و ئاشکراکردنی بە مەبەستی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتیە.

## خشتەی (١٦)

## ئاستەنگە خودیەکانی دەزگا رۆژنامەوانیەکان سەبارەت بەکاری رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| تێنەگەیشتنی بەرێوەبەرانی دەزگا رۆژنامەوانییەکان لە بایەخی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری. | ٥١ | ١٦ | ٥ |
| لاوازی توانای دارایی دەزگاکە | ٥٣ | ١٦،٦ | ٤ |
| کەمی توانا و کارامەیی رۆژنامەوان | ٥٥ | ١٧،٢ | ٢ |
| کەمی خولی راهێنان و ئامادەکردنی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری | ٥٠ | ١٥،٦ | ٦ |
| خۆ بە دورگرتنی رۆژنامەوان لەو بابەتانەی توشی کێشەی دەکات | ٥٤ | ١٧ | ٣ |
| سەربەخۆ نەبوونی دەزگا رۆژنامەوانییەکە لە روی دارایی و دارشتنی سیاسەتی کارکردنی | ٥٦ | ١٧،٦ | ١ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٦) زانیاری سەبارەت بە ئاستەنگە خودییەکانی ناو دەزگا رۆژنامەگەرییەکە روندەکاتەوە، تیایدا سەربەخۆ نەبوونی دەزگا رۆژنامەوانییەکە لە روی دارایی و دارشتنی سیاسەتی کارکردنی بە ئاستی یەکەم خۆیدەنوێنێت، بە و واتایەی دەزگاکان بەپێی پێویست لە دارشتنی سیاسەتی کارکردن سەربەخۆ نین، هەروەها ئاستەنگی دووەم، کە خۆی لە خۆ بەدورگرتنی رۆژنامەوانە لەو بابەتانەی توشی کێشەی دەکات دەبینێتەوە، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت، کە مەودای ئازادی رۆژنامەوانی هێشتا لە ژێر پرسیاردایە. هەروەها کەمی توانا و کارامەیی رۆژنامەوان ئاستەنگیەکی دیکەیە، کە بە پلەی سێهەم دێت، سەلمێنەری

ئەو ڕاستیەیە، کە پێویستمان بەگەڕخستنی ڕۆژنامەوانی بە ئەزموون بووێر زیاترە بۆ کارکردن لەم چەشنە نوێیەی رۆژنامەگەرییە.

**خشتەی (١٧)**

**ئاستەنگە بابەتییەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان**

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێ نەکردنی یاسای ساڵی (٢٠١٣)ی مافی بەدەستهێنانی زانیاری | ٦٣ | ١٩.٧ | ٣ |
| دابەشبوون و لێکترازانی سیاسی لە هەرێم | ٥٩ | ١٨،٥ | ٤ |
| بوونی هەڕەشە و فشاری بەردەوام لە سەر رۆژنامەوانی بنکۆڵکار | ٦٦ | ٢٠،٧ | ٢ |
| کڕینەوەی زانیارییەکان لە لایەن کەس و لایەنی دەست ڕۆیشتو | ٧٣ | ٢٢،٩ | ١ |
| وەک پێویست لە ناوەندە ئەکادیمییەکان گرنگی بەم چەشنەی کاری رۆژنامەوانی نەدراوە | ٥٨ | ١٨،٢ | ٥ |
| **کۆی گشتی** | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٧) زانیاری سەبارەت بە ئاستەنگە بابەتیەکانی بەردەم رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری روندەکاتەوە، تیایدا ئاستەنگی کڕینەوەی زانیارییەکان لە لایەن کەس و لایەنی دەست ڕۆیشتوو بە پلەی یەکەم دێت، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت، کە هێشتا کەس و گروپ و لایەن خاوەن پێگە و دەسەڵاتی تایبەت بە خۆیانن و لە سەروی یاسا و کاری رۆژنامەوانیەوەن، هەروەها بوونی هەڕەشە و فشاری بەردەوام لە سەر رۆژنامەوانی بنکۆڵکار،کە بە ئاستی دووەم خۆیدەنوێنێت سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە تا ئێستا فشارو هەرەشە بەردەوامە بۆرێگرتن لە ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری بوونی هەیە ئەمە سەرباری ئاستەنگی جێبەجێ نەکردنی یاسای ساڵی (٢٠١٣)ی مافی بەدەستهێنانی زانیارییە، کە بە خاڵێکی بنەچەو بوونی ژینگەیەکی سەربەست و سەربەخۆ، کە خەونی سەرەکی رۆژنامەوانە بۆ برەودان بەم شێوازە نوێیە.

**خشتەی (١٨)**

**ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| سەرچاوەکە لە ترسی تێوەگلان بە بابەتەکە زانیاری نادات بە ڕۆژنامەوان | ٦٨ | ٢١،٣ | ١ |
| لاوازی یاسای بۆ پاراستنی مافی رۆژنامەوان لە بەدەستهێنانی زانیاری | ٥٥ | ١٧،٣ | ٥ |
| نەبوونی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و سەربەخۆی تایبەت بە زانیاری | ٦٣ | ١٩،٧ | ٤ |
| جیاکاریکردن لە نێوان رۆژنامەوانان لە سەر بنەمای لایەنگری سیاسی و ئەو دەزگا رۆژنامەوانییەی کاری بۆ دەکات | ٦٧ | ٢١ | ٢ |
| باوەڕنەبوونی سەرچاوەکان بە سود و بایەخی بابەتە بنکۆڵکاریەکان | ٦٦ | ٢٠،٧ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | **٣١٩** | **١٠٠** | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٨) زانیاری سەبارەت بە ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری روندەکاتەوە، بە پلەی یەکەم سەرچاوەکە لە ترسی تێوەگلان بە بابەتەکە زانیاری نادات بە ڕۆژنامەوان، بەو پێیەی، کە ترس لە تێوەگلان هۆکارە بۆ پێنەدان و دەرخستنی ڕاستیەکان، هەروەها ئاستەنگی جیاکاریکردن لە نێوان رۆژنامەوانان لە سەر بنەمای لایەنگری سیاسی و ئەو دەزگا رۆژنامەوانییەی کاری بۆ دەکات، کە بە پلەی دووەم دێت. بە و واتایەی ڕۆژنامەوان لایەنە نەرێنیەکانی ئەو لایەنەی کاری بۆ دەکات پەردە پۆش دەکات، کە

هۆکارێکی دیکەی ئاشکرانەکردنی ڕاستیەکانە، کە دواجار بە بەرژەوەندی و لایەنگری ئەو لایەنەی کە کاری بۆ دەکەیت دێتەوە، لەگەڵ ئاستەنگی باوەڕنەبوونی سەرچاوەکان بە سود و بایەخی بابەتە بنکۆڵکاریەکان، کە بە پلەی سێهەم دێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە هەندێ سەرچاوە لە ئێستادا درک بە بایەخی ئەم چەشنە ناکەن لە ڕۆژنامەگەریی.

**خشتەی (١٩)**

**بنەماکانی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەردەخات لای ڕۆژنامەنوسان**

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بنەمای بوویری | ٤٣ | ١٣،٥ | ٢ |
| بنەمای ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی | ٤٠ | ١٢،٥ | ٤ |
| بنەمای سەربەخۆیی | ٣٩ | ١٢،٢ | ٥ |
| بنەمای بەرپرسیاریێتی | ٤١ | ١٢،٩ | ٣ |
| بنەمای بەڵگە و سەلماندن | ٤٧ | ١٤،٧ | ١ |
| بنەمای هاوسەنگی | ٣٨ | ١١،٩ | ٦ |
| بنەمای بەرژەوەندیی گشتی | ٣٩ | ١٢،٣ | ٥ |
| بنەمای ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی | ٣٢ | ١٠ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٩) ئەوە ڕون دەکاتەوە، کە دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لە کاتی ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری پێویستە پابەندی چەند بنەمایەک بن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕایگشتی لێرەدا دەبینین لە بەرزترین ئاستەکانیدا بنەمای بەڵگە و سەلماندنە، کە بە پلەی یەکەم هاتوە، لێرەوە توێژەر دەگات بەو ڕاستیەی، کە ڕۆژنامەوان لە کاتی ئەنجامدانی کاری بنکۆلکاری پێویستە پابەندی کۆمەڵێک بنەما بێت لە گرنگترینیان بنەمای بەڵگە و سەلماندن، چونکە ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری بەبێ بوونی بنەماکان لە دەرەوەی بازنەی بنکۆڵکاری خۆی دەبینێتەوە.

## خشتەی (٢٠)

## دەزگاکانی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەردەخات لای رۆژنامەنوسان

| برگەکان | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| دبلۆماتیک مەگەزین | ٣٩ | ١٢،٢ | ٣ |
| لڤین | ٢٠ | ٦،٣ | ٧ |
| روداو | ١٠٠ | ٣١،٣ | ١ |
| درەو | ٢٦ | ٨،٢ | ٥ |
| کوردستان24 | ٣٥ | ١٠،٩ | ٤ |
| دەلال | ٢٣ | ٧،٢ | ٦ |
| ئەڤرۆ | ٦ | ١،٩ | ٨ |
| ئێن ئار تی | ٦٥ | ٢٠،٤ | ٢ |
| ئێریج | ٥ | ١،٦ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٣١٩ | ١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٢٠) ئەوە روندەکاتەوە کە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی هەندێ دەزگا لە هەوڵی ئەنجامدانی بابەت ودۆسیەی تایبەت بە بنکۆڵکارین، گەرچی دەشێ بەتەواوەتی سەرجەم بنەماکانی کاری بنکۆڵکاری تێدا بەدی نەکرێت، بەڵام کەم تا زۆر لە هەوڵی برەودانن بەم مۆدیلە نوێیە لەرۆژنامەگەری، هاوکات لە خستنە روی نمونەی دەزگا رۆژنامەگەرییەکان بۆ کاری بنکۆڵکاری دەزگای رۆژنامەگەری روداو پلەی یەکەمی گرتوە،وئێن ئارتی پلەی دووەم و دبلۆماتیک مەگەزین بە پلەی سێهەم دێت، واتا لێرەدا ئەنجامەکان سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە دەزگا رۆژنامەوانییەکان لە هەوڵی بەردەوامی بەرەوپێشبردنی ئەم شێوازەن لە ڕۆژنامەوانییدا.

**دووەم: تاقیکردنەوە گریمانەکان**

پاش ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، وخستنە ڕو وشیکردنەوەی داتا ئامارییەکان کە لە نمونەی توێژینەوەکە و لە ڕێگەی ڕاپێوینامە بەدەستهاتون توێژەر دەستی کردوە بە تاقیکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکە بە مەبەستی دەرخستنی ئاستی پەسەندبون یان پەسەندنەبونی گریمانەکان.

*** گریمانەی یەکەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢١)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دیار دەکات

| شارەزایی / هەوڵدان | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٠،٨٦٢ | ٦،٢٨ | ٢،٠٨٥ | ٠،٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢١) نیشان دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە، بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠،٨٦٢) و بەناوەندی ژمێرەیی (٦،٢٨) ولادانی پێوەری (٢،٠٨٥) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی، کە تاکو سامپڵی توێژینەوە شارەزایی و ئاشنابوونیان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر بێت هەوڵدانیان بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر دەبێت.

*** گریمانەی دوەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و ژینگەی کارکردن بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢٢)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان شارەزایی وئاشنابوون وژینکەی کارکردن بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژناموسان دیاری دەکات

| شارەزایی / ژینگە | هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| **ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری** | **٠،٨٦٤** | **٧،١٥** | **١،٩٣٧** | **٠.٠٠٠** |

ئەنجامی خشتەی (٢٢) نیشان دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و ژینکەی کارکردن بۆ ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان هەیە، بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠،٨٦٤) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٧،١٥) و لادانی پێوەری (٧،١٥) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی دوەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی، کە تاکو ڕۆژنامەنوسان شارەزایی و ئاشنابوونیان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر بێت ژینگەی کارکردنیان دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر دەبێت.

*** گریمانەی سێهەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵسەنگاندن بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢٣)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵسەنگاندن بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات

| شارەزایی / هەڵسەنگاندن | هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٠،٨٤٨ | ٦،٧٣ | ١،٦٥٥ | ٠.٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٣) نیشان دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵسەنگاندن بۆ رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە، بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپیرمان (٠،٨٤٨) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٦،٧٣) ولادانی پێوەری (١،٦٥٥) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی سێهەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کەتاکو سامپڵی توێژینەوەکە شارەزایی وئاشنابوونیان بەرۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر بێت هەڵسەنگاندنیان دەربارەی رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر دەبێت.

*** گریمانەی چوارهەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بوێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢٤)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بوێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان دیاری دەکات

| شارەزایی / هەڵبژاردن | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٠،٩٥٧ | ٦،٥١ | ١،٦٧٧ | ٠.٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٤) نیشان دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان شارەزایی و ئاشنابوون و هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بوێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان هەیە، بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠،٩٥٧) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٦،٥١) و لادانی پێوەری (١،٦٧٧) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی چوارهەم ئاماژەیە بۆ ئەو راستیەی، کە تاکو رۆژنامەنوسان شارەزایی و ئاشنابوونیان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر بێت هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو وشارەزا وبوێر بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری زیاتر دەبێت.

*** گریمانەی پێنجەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ڕادەی ئازادیی بۆ پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢٥)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕووی یاساییەوە و ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات

| ئازادی / ژینگە | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٠،٨١٧ | ٥،٥١ | ١،٤٩٥ | ٠،٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٥) نیشان دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان ڕادەی ئازادیی بۆ پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری و ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە، بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠،٨١٧) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٥،٥١) و لادانی پێوەری (١،٤٩٥) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی پێنجەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی، کە تاکو ڕادەی ئازادیی بۆ پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری فەراهەم بێت ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لەبارتر و گونجاو تر دەبێت بۆ وروژاندن و دەرخستن و پێشکەشکردنی بابەتی وروژێنەر و سەرنجراکێش، کە جێی بایەخ و گرنگی جەماوەر بێت.

*** گریمانەی شەشەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەکان لای رۆژنامەنوسان هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢٦)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەکان لای رۆژنامەنوسان دیاری دەکات

| دەرفەت / وروژاندن | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٠،٩٧٧ | ٧،٤٣ | ٤،٣٨٧ | ٠.٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٦) نیشان دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەکان لای رۆژنامەنوسان هەیە، بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠،٩٧٧) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٧،٤٣) ولادانی پێوەری (٤،٣٨٧) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی شەشەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی، کە تاکو رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان زۆرتر بێت وروژاندن و دەرخستنی دۆسیەکان باشتر کاری لە سەر دەکرێت. لەبەرئەوەی هەمیشە بابەتە بنکۆڵکارییە نەرێنیەکان جێی سەرنج وبایەخدانی جەماوەرە زیاتر لە بابەتە ئەرێنیەکان.

*** گریمانەی حەوتەم: پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان بنەماکانی رۆژنامەگەری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان وکاری دەزگاکان بۆ دەرخستنی بابەتی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢٧)

هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) بۆ پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان بنەماکانی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان وکاری دەزگاکان بۆ دەرخستنی بابەت و دۆسیەی بنکۆڵکاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات

| بنەماکان / دەرخستن | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری | ٠،٩٧٣ | ٨،٧٨ | ٤،٦٤٢ | ٠،٠٠٠ |

ئەنجامی خشتەی (٢٧) نیشان دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی لە نێوان بنەماکانی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و کاری دەزگاکان بۆ دەرخستنی بابەت و دۆسیەی بنکۆڵکاری بە بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (٠،٩٧٣) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٨،٧٨) ولادانی پێوەری (٤،٦٤٢) و بەهای ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.

لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی حەوتەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی، کە تاکو بنەماکان لە کاری بنکۆڵکاری زیاتر بێت ئەوا دەرخستنی بابەت ودۆسیەی بنکۆڵکاری باشتر و پیشەییانە تر دەبێت وڕوو لە زیاد بوون دەکات.

*** گریمانەی هەشتەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - ئاستی خوێندەواری - ئەزمون - دەزگا).**

خشتەی ژمارە (٢٨)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ڕەگەز)

| ڕەگەز | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢١٥ | ٢١١،٥٢ | -١٤،٤٨٦ | ١٧،٠٦ | ٤،٤٢١ | ٠،٠٠٠ |
| مێ | ١٠٤ | ٥٣،٥٠ | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٨) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی ڕەگەز، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١٤،٤٨٦) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١٧،٠٦) و لادانی پێوەری (٤،٤٢١) و بە ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢١١،٥٢) بەرانبەر (٥٣،٥٠) بۆ ڕەگەزی مێ.

خشتەی ژمارە (٢٩)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ئاستەکانی ڕۆژنامەنوسان سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (تەمەن)

| تەمەن | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ کەمتر | ٣٧ | ٢٥،٥٧ | ٢٩٥،١٠٩ | ١٨،٥٥ | ٥،٢١٥ | ٤ | ٠،٠٠٠ |
| ٢٧ بۆ ٣١ | ٦٠ | ٦٥.٥٨ | | | | | |
| ٣٢ بۆ ٣٦ | ٩٧ | ١٤٨،٦٥ | | | | | |
| ٣٧ بۆ ٤١ | ٦٤ | ٢٢٠،٩١ | | | | | |
| ٤٢ وزیاتر | ٦١ | ٢٨٨،٥٦ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٩) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی ڕۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بە پێی تەمەن، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٩٥،١٠٩) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١٨،٥٥) و لادانی پێوەری (٥،٢١٥) و بە پلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی تەمەنی (٤٢ ساڵ وزیاتر) بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٨٨،٥٦) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی تەمەنەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٣٠)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییە لە نێوان ئاستەکانی ڕۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری)

| ئاستی خوێندەواری | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەیی | ٥٢ | ٣٠،٣١ | ٢٩١،٦٨٣ | ١٨،١٩ | ٥،١١٦ | ٥ | ٠،٠٠٠ |
| دبلۆم | ٧٠ | ٨٤،٧٤ | | | | | |
| بکالۆریۆس | ١١٣ | ١٨٢،٣٦ | | | | | |
| دبلۆمی باڵا | ٦٠ | ٢٦٠،١٩ | | | | | |
| ماستەر | ٢٢ | ٣٠٣،٥٢ | | | | | |
| دکتۆرا | ٢ | ٣١٨،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٠) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییە لە نێوان ئاستەکانی ڕۆژنامەنوسان سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی ئاستی خوێندەواری، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٩١،٦٨٣) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١٨،١٩) ولادانی پێوەری (٥،١١٦) و بە پلەی ئازادی (٥) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی ئاستی خوێندەواری دکتۆرا بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٣١٨،٠٠) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی ئاستە زانستیەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٣١)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ئەزمون)

| ئەزمون | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١بۆ ٥ساڵ | ٦٤ | ٣٢.٥٠ | ٢٩٦،٢٤٣ | ١٨،١١ | ٥،١٦٥ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ٦بۆ ١١ساڵ | ٧٠ | ١٠١،٨٠ | | | | | |
| ١٢بۆ١٧ ساڵ | ١٠٥ | ١٨٨،٢٨ | | | | | |
| ١٨بۆ ٢٣ساڵ | ٥١ | ٢٥٩،٦٩ | | | | | |
| ٢٤بەرەوژور | ٢٩ | ٣٠٤،١٧ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣١) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی رۆژنامەنوسان سەبارەت بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بە پێی ئەزمون، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٩٦،٢٤٣) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١٨،١١) و لادانی پێوەری (٥،١٦٥) و بە پلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی (٢٤ بەرەوژور) بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٣٠٤،١٧) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی ئەزمونەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٣٢)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی ڕۆژنامەنوسان سەبارەت بەرۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (دەزگا)

| شوێن | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حیزبی | ٩٣ | ٤٨،٢٩ | ٢٨٦،٨٨٥ | ١٧،٧٢ | ٤،٩٨٤ | ٣ | ٠،٠٠٠ |
| گشتی | ٦٨ | ١٣٠،٤٩ | | | | | |
| کەرتی تایبەت | ١١٧ | ٢١٧،٣٦ | | | | | |
| سەربەخۆ کاردەکەم (فریلانس) | ٤١ | ٢٩٨،٦٦ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٢) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ئاستەکانی ڕۆژنامەنوسان سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بە پێی دەزگا، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٨٦،٨٨٥) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١٧،٧٢) و لادانی پێوەری (٤،٩٨٤) و بە ئاستی باوەڕی (٣)، بەڵام لە بەرژەوەندی سەربەخۆ بەبەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٩٨،٦٦) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕیزبەندی دەزگاکانی دیکە.

*** گریمانەی نۆیەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماری لەنێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - ئاستی خوێندەواری - ئەزمون - دەزگا).**

خشتەی ژمارە (٣٣)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ڕەگەز)

| ڕەگەز | دووبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢١٥ | ٢١٠،٨٨ | -١٤،٨٣٥ | ٤،٢٢ | ١،٧٢٩ | ٠،٠٠٠ |
| مێ | ١٠٤ | ٥٤،٨١ | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٣) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی ڕەگەز، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١٤،٨٣٥) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٤،٢٢) ولادانی پێوەری (١،٧٢٩) و بە ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەلاّم لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢١٠،٨٨) بەرانبەر (٥٤،٨١) بۆ ڕەگەزی مێیە.

خشتەی ژمارە (٣٤)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (تەمەن)

| تەمەن | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ کەمتر | ٣٧ | ٤٨،٥٠ | ٣٠٤،٢٢٦ | ٥،٧١ | ٢،٥٢٣ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ٢٧ بۆ ٣١ | ٦٠ | ٤٩،٨٧ | | | | | |
| ٣٢ بۆ ٣٦ | ٩٧ | ١٤٦،٨٩ | | | | | |
| ٣٧ بۆ ٤١ | ٦٤ | ٢٥١،٣١ | | | | | |
| ٤٢ وزیاتر | ٦١ | ٢٦١،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٤) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی تەمەن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٣٠٤،٢٢٦) وبەناوەندی ژمێرەیی (٥،٧١) و لادانی پیوەری (٢،٥٢٣) و بە پلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەلاّم لە بەرژەوەندی تەمەنی (٤٢ ساڵ وزیاتر) بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٦١،٠٠) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی تەمەنەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٣٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری)

| ئاستی خوێندەواری | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەیی | ٥٢ | ٤٨،٥٠ | ٢٦٣،٢٠٨ | ٥،٣٥ | ٢،٤٢٤ | ٥ | ٠،٠٠٠ |
| دبلۆم | ٧٠ | ٧٨،٩٦ | | | | | |
| بکالۆریۆس | ١١٣ | ١٨٦،٤٣ | | | | | |
| دبلۆمی باڵا | ٦٠ | ٢٦١،٠٠ | | | | | |
| ماستەر | ٢٢ | ٢٦١،٠٠ | | | | | |
| دکتۆرا | ٢ | ٢٦١،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٥) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی ئاستی خوێندەواری، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٦٣،٢٠٨) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٥،٣٥) و لادانی پێوەری (٢،٤٢٤) و بە پلەی ئازادی (٥) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی ئاستی خوێندەواری دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا بەبەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٦١،٠٠) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕیزبەندی ئاستە خوێندەوارییەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٣٦)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (ئەزمون)

| ئەزمون | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١بۆ ٥سالّ | ٦٤ | ٤٨،٥٠ | ٢٦٥،٤٤٢ | ٥،٢٧ | ٢،٤٧٣ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ٦بۆ ١١سالّ | ٧٠ | ٩٣،٠١ | | | | | |
| ١٢بۆ١٧ سالّ | ١٠٥ | ١٩٥،٦٧ | | | | | |
| ١٨بۆ ٢٣سالّ | ٥١ | ٢٦١،٠٠ | | | | | |
| ٢٤بەرەوژور | ٢٩ | ٢٦١،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٦) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی ئەزمون، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٦٥،٤٤٢) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٥،٢٧) و لادانی پێوەری (٢،٤٧٣) و بە پلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی (١٨-٢٣) و(٢٤ بەرەوژور) بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٦١،٠٠) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی ئەزمونەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٣٧)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییە لەنێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی: (دەزگا)

| دەزگا | دووبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حیزبی | ٩٣ | ٤٨.٥٠ | ٢٩١،٧٧٥ | ٤،٨٨ | ٢،٢٩٢ | ٣ | ٠.٠٠٠ |
| گشتی | ٦٨ | ١٢٦،٨٨ | | | | | |
| کەرتی تایبەت | ١١٧ | ٢٣٢،٤٨ | | | | | |
| سەربەخۆ کاردەکەم (فریلانس) | ٤١ | ٢٦١،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٧) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییە لە نێوان ڕێگاکانی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە بەپێی دەزگا، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٩١،٧٧٥) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٤،٨٨) و لادانی پێوەری (٢،٢٩٢) و بە ئاستی باوەڕی (٣)، بەڵام لە بەرژەوەندی سەربەخۆ بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٦١،٠٠) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی دەزگاکانی دیکە.

*** گریمانەی دەیەم: جیاوازی ئاماژەی ئاماری لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - ئاستی خوێندەواری - ئەزمون - دەزگا).**

خشتەی ژمارە (٣٨)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ڕەگەز)

| ڕەگەز | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| نێر | ٢١٥ | ٢١٠،٣٧ | -١٤،٢٣٧ | ٥،٦٢ | ٣،٠٩٥ | ٠،٠٠٠ |
| مێ | ١٠٤ | ٥٥،٨٧ | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٨) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی ڕەگەز، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (Z) کە (-١٤،٢٣٧) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٥،٦٢) و لادانی پێوەری (٣،٠٩٥) و بە ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢١٠،٣٧) بەرانبەر (٥٥،٨٧) بۆ ڕەگەزی مێ.

خشتەی ژمارە (٣٩)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (تەمەن)

| تەمەن | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ کەمتر | ٣٧ | ٣٨،٥٠ | | | | | |
| ٢٧ بۆ ٣١ | ٦٠ | ٦١،٠٨ | | | | | |
| ٣٢ بۆ ٣٦ | ٩٧ | ١٤٣،٨٢ | | | ٣،٨٨٩ | ٤ | ٠.٠٠٠ |
| ٣٧ بۆ ٤١ | ٦٤ | ٢٢٥،٥٠ | ٢٩٤،٧٠٢ | ٧،١١ | | | |
| ٤٢ وزیاتر | ٦١ | ٢٨٨،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٣٩) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی تەمەن، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٩٤،٧٠٢) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٧،١١) و لادانی پێوەری (٣،٨٨٩) و بە پلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠.٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی تەمەنی (٤٢ ساڵ وزیاتر) بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٨٨،٠٠) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕیزبەندی تەمەنەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٤٠)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ئاستی خوێندەواری)

| ئاستی خوێندەواری | دوبارە | ناوەندی ریزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەیی | ٥٢ | ٣٨،٥٠ | ٢٩٠،٩٣١ | ٦،٧٥ | ٣،٧٩٠ | ٥ | ٠،٠٠٠ |
| دبلۆم | ٧٠ | ٨٠،٨٩ | | | | | |
| بکالۆریۆس | ١١٣ | ١٧٧،٦٩ | | | | | |
| دبلۆمی باڵا | ٦٠ | ٢٧٣،٠٠ | | | | | |
| ماستەر | ٢٢ | ٢٨٨،٠٠ | | | | | |
| دکتۆرا | ٢ | ٢٨٨،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤٠) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان رەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی ئاستی خوێندەواری، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٩٠،٩٣١) وبەناوەندی ژمێرەیی (٦،٧٥) ولادانی پێوەری (٣،٧٩٠) وبەپلەی ئازادی (٥) وئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی ئاستی خوێندەواری ماستەر ودکتۆرا بەبەهای ناوەندی ریزبەندی (٢٨٨،٠٠) زیاد لەبەهای ناوەندی ریزبەندی ئاستە خوێندەوارییەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٤١)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (ئەزمون)

| ئەزمون | دوبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١بۆ ٥سالّ | ٦٤ | ٣٨،٥٠ | | | | | |
| ٦بۆ ١١سالّ | ٧٠ | ٩٥،٢٦ | | | | | |
| ١٢بۆ١٧ سالّ | ١٠٥ | ١٨٦،٣٣ | ٢٩٧،١٢٢ | ٦،٦٧ | ٣،٨٣٩ | ٤ | ٠،٠٠٠ |
| ١٨بۆ ٢٣سالّ | ٥١ | ٢٧٤،٣٣ | | | | | |
| ٢٤بەرەوژور | ٢٩ | ٢٨٨،٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤١) دەردەکەوێت، کە جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی ئەزمون، بە بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا2) کە (٢٩٧،١٢٢) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٦،٦٧) و لادانی پێوەری (٣،٨٣٩) و بە پلەی ئازادی (٤) و ئاستی باوەڕی (٠،٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی (٢٤ بەرەوژور) بە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی (٢٨٨،٠٠) زیاد لە بەهای ناوەندی ڕیزبەندی ئەزمونەکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٤٢)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا2) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئامارییە لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی: (دەزگا)

| دەزگا | دووبارە | ناوەندی ڕیزبەندی | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا2 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حیزبی | ٩٣ | ٥٠،٢٩ | ٢٨٢،٩٦٠ | ٦،٢٨ | ٣،٦٥٨ | ٣ | ٠،٠٠٠ |
| گشتی | ٦٨ | ١٢٤،٨٨ | | | | | |
| کەرتی تایبەت | ١١٧ | ٢٢٢،٧٦ | | | | | |
